# مایکرۆسۆفت

# ئێکسڵ 2010

نووسینی: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
پسپۆڕی ICT و SE

چاپـــــی یەکەم
2012

ناوی کتێب : مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010
نوسینی : هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
پیتچنین و نەخشەسازی ناوەوە : هێمن کەریم ئەحمەد
تیراژ : 3000 دانە
نۆبەتی چاپ : یەکەم
ساڵی چاپ : 2012

Mobile: 07701515582
E-Mail: hemnymela@yahoo.com
dr.hemn@yahoo.com
Personal Website(Weblog):
www.hemn82.blogspot.com
Facebook:
facebook.com/hemn.barznji

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

# مایکرۆسۆفت

# ئێکسڵ 2010

نووسینی: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
پسپۆڕی ICT و SE

چاپــــــی یەکەم
2012

پێشکەشە بە:-

- دایکم و باوکم و هەردوو براکەم.
- هەموو ئەو مرۆڤانەی بێوچان و بەردەوام لە هەوڵی فێربوون و، بەخشینی زانستدان.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی لە حوجرەو قوتابخانەکانەوە، تا ئەمڕۆ، تەنها وشەیەك چییە لێیانەوە فێر بووم.
- ئەو مرۆڤەی دەبێتە بە شێك لە ژیانم و خۆشم دەوێ و خۆشی دەوێم. ئەگەرچی نازانم کێ یە و، چۆن و، کەی ؟!!

**پێشەکی:**

**تەکنەلۆژیای گەیاندن و، زانیارییەکان ICT ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەسێنیّ و، پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، بەجۆرێك کە بۆتە بەشێك لە ژیانی هەموو مرۆڤێك و، ناچارمان دەکات بە پێی پێویستییەکان خۆمان فێربکەین، هەتاوەکو بتوانین بە ئاسانی کار و بارەکانی ژیانمان بەڕێوەبەرین.بۆیە کەم تا زۆر و ئەوەندەی کاتمان هەبێت دەبێت لە هەوڵی خۆفێرکردندا بین و، هەوڵیش بدەین ئەو سەرچاوانە بەکاربهێنین کە ئەکادیمین، خۆئەکەر بتوانین بەشدار خولەکانی ICT بکەین ئەوا باشتر دەتوانین فێرببین.**

**بۆیە هەوڵماندا ئەم بەرهەمەی بەردەستتان نوێبکەینەوەو، بۆی زیاد بکەین و، جارێکی دیکە لە چاپی بدەینەوە، تاوەکو بەهۆیەوە بتوانین خزمەتێك بە کۆمەڵگەی کوردی بکەین و، خەڵکانێك بەهۆی ئێمەوە فێربن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەرهەمێك بێکەم و کورتی نییە و، داوای لیبوردن لە خوێنەری هێژا دەکەین لەکاتی بوونی هەر هەڵە و کەم و کورتییەکداو، هیواخوازین لەسەرنج و تیبینییەکانتان ئاگادارمان بکەن بۆئەوەی لەچاپەکانی داهاتوودا، یان بۆ کتیبەکانی ترمان سوودیان لێوەربگرین.**

**ئەم بەرهەمەی لەبەردەستتدایە یەکێکە لەو زنجیرە کتێبەی کە ژمارەیان زیاتر لە 30 کتیبە و، زۆرینەیان یەکەم چاپیانە و، هەندێکیشیان چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشومان، کە بە زنجیرەیەك و، یەك بە دووای یەك دا، چاپ و بڵاو دەبنەوە، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی ئەم زنجیرە بەرهەمە لەگەڵ کتیبەکانی دیکەمان دا، لەوەدایە کە هەوڵمان داوە، هەموو ئەو بابەتانەی لە زانکۆ و پەیمانگاکان دا، دەخوێندرێت پێکهینەری ئەو کتیبانەبن کە دەیان نووسین، بە تایبەتی تریش ئەو بابەتانەی کە هەموو ئارەزوومەندێك دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت.**

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

**2012/8/26**

# بەشی یەکەم


# ناساندنی بەرنامەی ئێکسڵ 2010

# Introduction to Microsoft Excel 2010

## ناساندن
## Introduction

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010 یەکێکە لەو بەرنامانەی کە بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆیەوە زانیاری پاشەکەوت بکات و ڕێکی بخات و، شیکاری بکات، هەروەها بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کردارە ژمێرەییەکان و بیرکارییەکان و ..... بەکاردێت، کە بەهۆیەوە کارەکانی ژیانی ڕۆژانە جێبەجێدەکرێت، وەکو لیستی موچە و، ژمێریاری کۆمپانیا و فەرمانگە و شوێنە گشتییەکان.

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ بەرنامەی شیتەکانە **Spreadsheet Program** و، ڕووکاری بەرنامەی ئێکسڵ 2010، زۆر لە ڕووکاری ئێکسڵ 2007 دەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گۆڕانی کەم ڕووی داوە، کە لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە.




## پاشگر ی ئێکسڵ2010
## Extension of Excel 2010

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010، فایلەکانی بە پاشگری **xlsx.** پاشەکەوت دەکات و دەیان پارێزێت **Saved**، بەلاٌم لەنەوە کۆنەکانی بەرنامەی ئێکسڵ دا، وەکو ئێکسلٌی 2003، بە پاشگری **xls.** فایلەکانی خەزن دەکرد.

## مەبەستەکانی بەکارهێنانی مایکرۆسوفت وۆرد

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010 بۆ چەندین مەبەستی جۆراو جۆر و جیاواز بەکاردەهێنرێت، کە زۆر بەکورتی گرنگترینیان دەخەینە ڕوو و، لەچەند خاڵێکدا ڕوونیان دەکەینەوە:


- دروستکردنی لیستی مووچە و ، ئەنجامدانی کردارە ژمێرەییەکان.

- نەخشەسازی بۆ کرداره ژمێرەییەکان و ڕێکخستنی و پاشەکەوت کردنی .
- بۆ ئەنجامدانی هەندێك کرداری وەکو ئامار و بیرکاری .
- دروستکردنی خشتەکان بە خشتەی سادە و ساکار و خشتەی فراوان و ئالۆزیشەوە.


## کردنەوەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010

## Open Microsoft Excel 2010

-کلیك لە سەر دووگمەی دەستپێکردن (**Start**)بکە و، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر دووگمەی هەموو بەرنامەکان (**All Program**) و بەمەش لیستێکی نوێ دەکرێتەوە ، لەو لیستە نوێ یەدا، سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر دووگمەی گورزەی ئەفیس ( **Microsoft Office**) و ، بەمەش لیستێکی بچوکتری نوێ دەکرێتەوە، سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر مایکرۆسۆفت ئێکسڵ دوو هەزار و دە **Microsoft Excel 2010** و کلیکی لەسەر بکە:



- ئێستا بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010 کرایەوە و، ئەم پەنجەرەیەی ئێکسڵ **Excel Window** لەبەردەستی تۆی بەکارهێنەردایە:




شاشەی بەرنامەی ئێکسڵ 2010 لە چەند بە شێك پێکهاتووە و، گرنگە زانیاری لەبارەی هەربەشێکەوە بخەینە روو، بۆیە یەك یەك باسی پێکهاتەی بەرنامەکە دەکەین و بە گوێرەی پێویست ڕوونیان دەکەینەوە.

## یەکەم:شریتی ناونیشان Title Bar


لەبەشی سەرەوەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010 دایە و، لەلای ڕاستییەوە سێ دووگمەی گرنگ هەیە کە ئەمانەن:

**Close**:داخستن: ئەم دووگمەیە بۆ داخستنی بەرنامەکە بەکاردێت.

**Maximize/Restore Down**:ئەم دووگمەیەش بەکاردێت بۆ گەورەکردن و بچوککردنەوەی بەرنامەکە لە سنووری شاشەکەدا.

**Minimize**:بەکاردێت بۆ بچوککردنەوەی بەرنامەکە بۆ سەر تاسك بار **Task Bar** و، بە شێوەی دووگمەیەك دەردەکەوێت.

لـەلای چـەپی شـریتی ناونیـشندا، لۆگـۆی بەرنامـەی ئێکـسڵ 2010 هەیـە و، لەتەنیـشت ئـەم لۆگۆیەشدا شریتی ئامرازە خێرا و بەردەسـتەکان **Quick Access Tool Bars** هەیـە و، لەتەنیشت ئەم شریتەدا ناوی ئەو شیتەی **Sheets** کراوەتەوە لەگەڵ ناوی بەرنامەکە هەیە.





تێبینی: بۆ زانینی ناوی دووگمەکان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر دووگمەکە و، کـەمێك چـاوەڕوان بە ناوی دووگمەکەت بۆ دەنووسرێت:





## دووەم:شریتی ئامرازە بەردەستەکان The Quick Access Toolbar:


لەلای چەپی شریتی ناونیشان دایە و، بە شێوەیەکی هەمیشەیی و جێگیر 3 دووگمەلە خۆ دەگرێت، ئەوانیش خەزنکردن (پاشەکەوت کردن) **Save**، پاشگەزبوونەوە **Undo**، و **Redo**. بەلاَم لەلای ڕاستی ئەم شریتەدا سەهمێك هەیـە کـە بـە کلیـك کـردن لەسـەری لیـستێك دەکرێتـەوە، دەتوانین کلیك لەسەر هەریەکێك لە دانەکانی ناو ئەو لیستە بکەین بۆ ئەوەی بێتە ناو شـریتەکەوە و بە پێچەوانەشەوە ئەو دووگمانەی نیشانەیەکی ڕاست لەتەنیشتی دایە، کـە مانـای ئەوەیـە ئـەو دانەیە چالاکە و، لەناو شریتەکەدایە، بەکلیك کردن لادەچێت و لەناو شریتەکەدا نامێنێت:




لەپێش کۆتای لیستی **Customize Quick Access Toolbar**دا، **More Command** هەیە (بڕوانە وێنەکەی پێشتر) ، کە دەتوانین بەهۆیەوە دووگمەی تر بۆ شریتی **Quick Access Toolbar** زیاد بکەین، کە بە کلیك کردن لەسەری ئەم پەنجەرەیەی (شێوەیەی) خوارەوە دەکرێتەوە:





لەبەشی **Chose Command From**دا، ئەو بەشە دیاری بکە کەدەتەوێت دووگمەکەی لێوەبهێنیت بۆ سەر شریتەکە و، لەژێر **Chose Command From**دا هەموو دوگمەکانی ئەو بەشەت پیشان دەدات کە هەڵت بژاردووە، بۆیە کلیك لەسەر ئەو دووگمەیە بکە کە دەتەوێت بیهێنیتەسەر شریتەکە و، پاشان کلیك لەسەر **Add** بکە.





ئەگەر ویستت دووگە زیادکراوەکان لاببەیتەوە و، شریتەکە وەك سەرەتا لێبکەیتەوە ئەوا لەسەر **Reset** بکە و، یەکێك لە دوو هەڵبژاردنەی لە **Reset**دایە هەڵبژێرە واتە کلیکی لەسەر بکە و، پاشان کلیك لەسەر **Yes** بکە ، لەو پەنجەرەیەی بۆت دەکرێتەوە.




پاشان کلیك لەسەر **Yes** بکە:





بێگومان دەتوانین یەك یەك دووگمە زیادکراوەکانیش لاببینەوە، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر هەریەکێك لەو دووگمانەی دەکەوێتە ژێربەشی **Customize Quick Access Toolbar** و، پاشان کلیك لەسەر **Remove** دەکەین:





گواستنەوەی Quick Access Toolbar

ئەگەر بمانەوێت ئەم شریتە لەسەر شریتی ناونیشان لابەین و بیگوێزینەوە، ئەوا کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی کۆتایی شریتەکە دەکەین کە بەهۆیەوە لیستێك دەکرێتەوە، لەو لیستەدا کلیك لەسەر **Show Below the Ribbon** دەکەین، بەمەش دەچێتە ژێربەشی ڕایبۆن و، بە دووبارە کردنەوەی کارەکەش دێتەوە شوێنی خۆیی، بەڵام ئەمجارەیان کلیك لەسەر **Show Above the Ribbon** دەکەین:




## سێهەم: پیشاندانی هەنگاوی پشتەوە –Backstage View:

لەپیشاندانی پشتەوەدا، تابی فایل **File Tab** تێدایە، لە ڕایبۆن **Ribbon**دا،وەكو لیستی فایل لەنەوە كۆنەكانی ئەم بەرنامەیەدا،چەند دووگمە و فرمانێك لەخۆدەگرێت و، بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین كۆمەڵێك كار ئەنجام بدەین



## چوارەم: ڕایبۆن – Ribbon:

لەژێر شریتی ناونیشان **Title Bar**دا، بەشێك هەیە كە كۆمەڵێك دووگمە و، تەن و،پێكهاتەی تێدایە و، پێی دەڵێن **Ribbon**، وئەم ڕایبۆنە لەلای چەپەوە بۆلای ڕاستەوە، ئەم بەشە جێگرەوەی شریتی لیستەكان **Menu Bar** و شریتی ئامرازەكانە **Toolbars** لە نەوەكانی تری مایكرۆسۆفت ئێكسڵ دا،ڕووكاری فرمانی سەرەكی دابین دەكات لە مایكرۆسۆفت ئێكسڵ 2010دا،كاتێك بەرنامەكە دەكەینەوە ، ڕایبۆن دەردەكەوێت لەبەشی سەرەوەی ڕووكاری بەرنامەكەدا، كەئەم بەشانە (تابانە) لە خۆدەگرێت (**Home** و **Insert** و **Page Layout** و .... ):




بەشێوەیەکی  گشتی ڕایبۆن لەچەند بەشێك پێكهاتووە:

-تاب: **Tab**: لەبەشـی سـەرەوەی ڕایبـۆن دا، چـەند تابێكمـان هەیـە، وەكـو) هـۆم، **Insert**، **Page Layout**،و ...... ).

-فرمان(كار): **Command**: هەر تابێكی ڕایبۆن لە كۆمـەڵێك دووگمـە پێكهـاتووە، كەهـەر دووگمەیە و، كردارێك ئەنجامدەدات.

-گرووپەكان: **Groups**: هەموو ئەو دووگمە و **command** پەیوەندییان بە یـەكترەوە هەیـە، لە گرووپێكدا، دانراون و، بەمەش كۆمەڵێك گرووپی جیاواز دروست بوون.

-هەڵبژاردنی زیاتر: **More  Option**: لەگەڵ هەر گرووپێكدا، بەشی هەڵبژاردنی زیاتر هەیە، كە بە كلیك كردن لەسەر سەهمەبچوكەكەی هەر گرووپێك دەكرێتەوە:





## دروستکردنی گرووپ لە ڕایبۆن دا


دەتوانین بە پێی پێویست و بەخواستی خۆمان گرووپ دروست بكەین و، ئەو دووگمانەی دەمانەوێت تیایدا دابنێین، بەم شێوەیە:

1-كلیكی ڕاست سەر ڕایبۆن بكە و، پاشـان كلیـك لەسـەر **Customize the Ribbon** بكە.


2-ئێستا بەشی **Excel  Option** كراوەتـەوە، بەشـی **Customize the Ribbon** چالاكە تیایدا:





3-لەبەشی **Main Tab**دا، ئەو تابە دیاری بکە کە دەتەوێت گروپەکەی بۆ زیادبکەیت، واتە کلیك لەسەر + بەردەم تابەکە بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **New Group** بکە، بەمەش گروپێکی تازە درووست بوو:




4- دەتوانیت کلیکی ڕاست لە سەر نـاوی گرووپـە نوێیەکـە **New Group** بکـەیت و، پاشـان کلیـك لەسـەر **Rename** بۆئـەوەی ناوەکـەی بگۆڕیـت بەهـەر ناوێـك کـە خـۆت دەتـەوێت و لۆگۆیەکیشی بۆ هەڵبژێریت، دوواتریش کلیك لەسەر **Ok** بکە:




5- ئێستا ئـەو دووگمانـەی دەتـەوێت بیخەیتـە گرووپەکـەوە، یـەك یـەك لەبەشـی **Choose Command From** دا، کلیکیان لەسەر بکە و، پاشان کلیـك لەسـەر دووگمـەی زیـادکردن **Add** بکە




6- ئێستا کلیك لەسەر **Ok** بکە و، بەمەش کارەکـەی کۆتـای پێـدێت و گرووپێکـی تـازە دروسـت دەبێت:





ئەمەش گرووپەکە یە:



## پێنجەم: تابەکانی فرمانە ڕابردووەکان :Contextual Command Tabs


لەم بەشەدا، تابی تایبەت بەو فرمانەی کە پێشتر ئەنجامان داوە، دەکرێتەوە، بەهۆیەوە کارەکانمان تـەواو دەکـەین، بۆنمونـە کاتێـك شـێوەیەك **Shape** دەکێـشین ، بـەهۆی ئـەم فرمانـەوە تـابی **Format** دەکرێتەوە، و زیاد دەبێت بۆسەر ڕایبۆن، کەبەهۆیەوە کێشانی شێوەکە تەواو دەکەین و ، ڕێکخستن و جوانکاری بۆ دەکەین و ، گۆڕنکاری تێدا دەکەین:




**شاردنەوەی ڕایبۆن و پیشاندانەوە**


## Show / Hide Ribbon

بۆ شاردنەوەی ڕایبۆن دووانە کلیك **Double Click** لەسەر ئەو تابە **Tab** بکە کە کارایـە و چالاکە **Active** و، بۆ پیشاندانەوەی هێنانەوەی کلیـك لەسـەر هەریـەکێك لەتابـەکان بکـە.یـان کلیك لەسەر دووگمەی **Expand / Minimize The Ribbon** بکە:




## شەشەم: گەلەرییەکان – Galleries:

گەلەرییەکان بەو بەشانە دەوترێت کە چەند بەشێکی دیکەی پەیوەندیداریان لێجیادەبێتەوە، لەگەلەرییەکدا دەکەونە بەرچاو، کارئاسانییەکی باشە بۆ بەکارهێنەر و، دەتوانین سوودی لێوەربگرین:





## یارمەتی Help

بەشی یارمەتی، کە دووگمەی یارمەتییە **Help Icon** بەکاردێت بۆ کردنەوەی پیشاندانی بەشی یارمەتی کە بەهۆیەوە بەکارهێنەر زانیاری وەردەگرێت و فێر دەبێت.





## حەوتەم : سندوقی ناو Name Box:

لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ دا، سندوقی ناو هەیە، کە بەکلیك کردن لەسەر هەر خانەیەك ناوی ئەو خانەیەی تێدا دەنووسرێت :




## هەشتەم: شريتى هاوكێشە – Formula Bar:


بەهۆی شریتی هاوکێشەوە کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی رووکاری بەرنامەکە، دەتوانین هاوکێشەکان بنووسین، و بەهۆیەوە کردارەکان ئەنجامبدەین، وە ئەگەر لەناو خانەیەکیشدا هاوکێشەیەك بنووسین و، بەسەر چەند خانەیەك دا جێبەجێی بکەین، ئەوا هاوکێشەکە لەم شریتەدا دەردەکەوێت و پیشان دەدرێت:



## نۆهەم : شیت – Sheet:

رووبەری کارکردن لەبەرنامەی مایکرۆسۆفت ئیکسڵ دا، پێی دەوترێت شیت، ئەو لاپەڕە سپییە یە کە خانە خانە کراوە و لەسەری دەنووسین و، کارەکانمانی لەسەر ئەنجام دەدەین و، کردارە ژمێرەییەکانی لەسەر دەکەین.

ئەم شیتانە لە خانە Cellپێکدێن و، خانەخانیش لە ئەنجامی یەکتر بڕینی هێڵە ئاسۆیی و ستونی یەکان دروست بوون و، بەڕیزە خانەیەکی ئاسۆیی دەوترێت: Row و، بەڕیزە خانەی ستوونیش دەوترێت : Column.





## دەهەم: وۆرك شیت – Worksheets:

لەم بەشەدا ئەو شیتانەی لە یەك بووك Bookدا، کراونەتەوە هەیە و، هاوکات دەتوانین بەکلیك کردن لەسەر دووگمەی دانانی وۆرك شیت Insert Worksheet شیتێکی نوێ زیادبکەین، یاخوود ناوی شیتێك بگۆڕین Rename، یان بیسڕینەوە Delete، یان ....... :




## یانزەهەم: شریتی گواستنەوەوەی هات و چۆپێکردن- Scroll Bar:

لە بەرنامەی ئێکسڵ دا، دوو شریتی تایبەت بە هاتوو چۆپێکردن و گواستنەوەمان هەیە، ئەوانیش شریتی ستوونی و شریتی ئاسۆییە و، ڕەنگە هەندێك جار دەرنەکەون، بەتایبەت ئەو کاتانەی شیتەکان بچووکن:




## دوانزەهەم : شریتی زانیاری (دۆخ) – Status Bar:


بەهۆی ئەم شریتەوە هەندێك زانیاری لەبارەی ئەو دۆخەی ئێستا بەرنامەکەی تێدایە پیشان دەدرێت،:




## دەست بەسەراگرتنی زووم

## Zoom Control

بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین شیتەکەی بەردەستمان زووم بکەین و بیبهێنینە پێشەوە یان بیبەینە دوواوە، بەکلیك کردن لەسەر + گەورەدەبێت و دێتە پێشەوە، بەکلیك کردن لەسەر – بچوك دەبێتەوە دەچێتە دوواوە و، ئەگەر 100% بێت ئەوا ئاساییە و، زووم نەکراوە:



## دووگمەکانی پیشاندان

## View Buttons

چەند دووگمەیەکن کە دەکەونە لای چەپی **Zoom Control** و، چەند شێوەیەکی پیشاندانی شیتن، لە چەپەوە بۆ ڕاست باسیان دەکەین، بەم شێوەیە:

-ئاسایی **Normal**: پیشاندانی شیتەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێت .

-**Page Layout**: پیشاندان لەم شێوەیەدا بەجۆرێك دەبێت کە لە چاپکردندا دەردەکەوێت و، دەتوانین سەرە **Header** و ژێرە **Footer** تیا دابنێین. چونکە چالاك دەبن، وەبە حەجمی لاپەڕە ڕیزەخانەی ئاسۆیی تێدا دەبێت.

- **Page Break Preview**: پیشاندانی لاپەڕەکان بە شێوەی جیاکراوەی دەبێت .


# بەشی دووەم

# بناغەی ئێکسڵ

# Excel Basic

پێویستە ڕێگە سەرەکی و بنچینەییەکان فێرببین کە دەتوانین بەهۆیەوە کاربکەین لەسەر خانەکان Cells یان لەسەر ناوەڕۆك و پێکهاتەی خانەکان Cells Content ی بەرنامەی ئێکسڵ بۆئەوەی بەهۆیەوە کردارە ژمێرەییەکان و شیکار کردن و ڕێکخستنی زانیاری شیکار نەکراو Data ئەنجام بدەین، بۆیە لەم بەشەدا فێری ئەوە دەبن کە چۆن خانەکان هەڵبژێرن و دیارییان بکەن و، چۆن ناوەڕۆکەکان (زانیارییەکان) دابنێن و، چۆن خانەکان یان زانیاری ناو خانەکان بسڕنەوە.


هاوکات فێری ئەوە دەبن کە چۆن کردارەکانی بڕین Cut و لەبەر گرتنەوە Copy و دانانەوە (لکاندن) Paste و هەڵگرتن و گواستنەوە ( ڕاکێشان) Drag and Drop و پڕکردنەوەی خانەکان Fill Cells ئەنجامبدەن.





خانە ، ڕیزەخانەی ئاسۆیی، ڕیزەخانەی ستوونی

Column, Row, Cell

بەهەر لاکێشەیەکی بچووکی ناو شیتەکان Worksheets دەوترێت خانە Cell و، ڕیزبوونی کۆمەڵێك خانە بەدووای یەك دا بە شێوەیەکی ئاسۆیی پێی دەڵێن : Row و، بە ڕیزبوونی کۆمەڵێك خانەش بە دووای یەك دا بە شێوەی ستوونی پێی دەڵێن: Column.




هەر خانەیەك ناوێكی هەیە، یان ناونیشانێكی هەیە **Cell Address** و، ئەم ناوە پشت دەبەستێت بە ستوونە **Column** و ریز **Row**، كاتێك خانەیەك دیاری دەكەین ناوەكەی لە سندوقی ناو **Name Box** دا، دەردەكەوێت، وەكو لەم نمونەیەی خوارەوەدا دیارە:





خانەكە دەكەوێتە ژێر ستوونی بی **B** و لەئاستی ریزی پێنج 5 دایە، بۆیە ناوەكەی دەبێتە بە **B5** وەكو لەسندوقی ناو **Name Box** دا، نووسراوە و دیارە، بۆخانەكانی تریش بەهەمان شێوەیە.

## دیاری کردن و هەڵبژاردنی یەك خانە

## Select a Cell


بۆ دیاری کردنی یەك خانە تەنها یەك كلیك لەسەر ئەو خانەیە بكە، كە دەتەوێت هەڵیبژێریت، بەمەش خانەكە دیاری دەكرێت:




## دیاری كردن و هەڵبژاردنی خانەكان


## Select Multiple Cells

بۆ دیاری كردنی چەند خانەیەك پێكەوە ، كلیك لەناو خانەیەكیان دا بكە ، و پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی چەپی ماوسەكە دا ، و پەنجەت لامەبە و ، دەست بجوڵێنە و ماوسەكە هەڵبگرە تا ئەو خانەیەی دەتەوێت دیاری بكەیت، **Click and Drag Your Mouse**، پاشان پەنجە لەسەر دووگمەی چەپی ماوسەكە لابە:




## دیاری کردن و هەڵبژاردنی ستوونێك
## Select a Column

سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ناوی ستونەکە ، کە بریتییە لە پیتەکانی زمانی ئینگلیزی و ، کلیکی لەسەر بکە ، بەمەش یەك ستوون دیاری **Select** دەکرێت:




## دیاری کردن و هەڵبژاردنی چەند ستوونێك
## Select Multiple Columns


سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ناوی ئەو ستونەی کەدەتەوێت لەگەڵ چەند ستونێکی تر دا دیاری بکەیت و ، پاشان کلیك بکە و ڕایبکیشە **Click and drag your mouse** تا ئاستی ناوی ئەو ستونەی دەتەوێت دووا ستوون بێت کە دیاری دەکەیت، و پاشان پەنجە لەسەر دووگمەی چەپی ماوسەکە لابە.



## دیاری کردن و هەڵبژاردنی ڕیزێك

## Select a Row


سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ناوی ڕیزەکە، کە بریتییە لە ژمارەکان و، کلیکی لەسەر بکە، بەمەش یەك ڕیز دیاری **Select** دەکرێت:




## دیاری کردن و هەڵبژاردنی چەند ڕیزێك

## Select Multiple Rows

سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ناوی ئەو ڕیزەی کەدەتەوێت لەگەڵ چەند ڕیزێکی تر دا دیاری بکەیت و، پاشان کلیك بکە و ڕایبکیشە **Click and drag your mouse** تا ئاستی ناوی ئەو ڕیزەی دەتەوێت دووا ڕیز بێت کە دیاری دەکەیت، و پاشان پەنجە لەسەر دووگمەی چەپی ماوسەکە لابە.




## پێکهاتە و ناوەڕۆکی خانە
## Cell Content

- **Text**: نووسین: خانە دەگونجێت پیت **Letter** یان ژمارەکان **Numbers** یان بەروار **Date** تیابێت .
- **Formatting Attributes:** سیفەتە تایبەتییەکانی ڕێکخستن یە کێکی ترە لە پێکهاتەکانی ناو خانەکان، وەکو بەروار **date**کە دەتوانرێت ڕێکبخرێت وەکو **MM/DD/YYYY** یان **Month/D/YYYY**.
- **Comments**: سەرنج و تێبینییەکان لەناو خانەکاندا دادەنرێن بە پێی پێویست، و دەبنە یەکێك لە پێکهاتەکانی تری خانەکان.
- **Formulas and Functions:** هاوکێشە و کرداره ژمێرەییەکانیش پێکهاتەیەکی تری ناو خانەکان.

## پێکهاتە و ناوەڕۆك داخڵکردن
## Insert Content

1- کلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە کەدەتەوێت شتێکی تێدا بنوسی تیا .


2- بەهۆی کیبۆردەوە ئەو زانیارییەی دەتەوێت بینووسە:



## سڕینەوەی ناوەڕۆکی خانە
## Delete Contents

1-کلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە کە دەتەوێت ناوەڕۆکەکەی بسڕیتەوە، ئەگەر کۆمەڵێك خانە بوو ئەوا دەبێت دیارییان بکەیت **Select**.


2- لەتابی هۆم **Home** دا، کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی پاککردنەوە **Clear** بکە و، پاشان کلیك لەسەر **Clear Contents** بکە.




## پاککردنەوە (سڕینەوە) ی خانە
## The Delete Cells

1-کلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە کە دەتەوێت بسڕیتەوە، ئەگەر کۆمەڵێك خانە بوو ئەوا دەبێت دیارییان بکەیت **Select**.

2- لەتابی هۆم **Home** دا، کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی سڕینەوە **Delete** بکە و، پاشان کلیك لەسەر **Delete Cells** بکە.




## لەبەر گرتنەوە و دانانەوە (لکاندن)ی ناوەڕۆکی خانە

## Copy & Paste Cell content


ئەگەر ناوەڕۆکێکمان هەبێت و هەمان پێکهاتە و ناوەڕۆکمان لەچەند شوێنێکی تردا، پێویست بێت ئەوا واباشترە، لەبەر گرتنەوە بۆ ناوەڕۆکەکە ئەنجامبدەین **Copy** و لەچی شوێنێکدا پێویستمانە بچین لەو شوێنەدا، کلیك بکەین و دایبنێینەوە، بەم شێوەیە:

1- خانەکە (یان خانەکان) دیاری **Select** بکە، کەدەتەوێت لەبەری بگریتەوە.

2- کلیك لەسەر دووگمەی لەبەر گرتنەوە **Copy** بکە.




3- کلیك لەو شوێنەدا بکە، کەدەتەوێت نووسینەکەی تیا دابنێیتەوەوە، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی دانانەوە (لکاندن) **Paste** بکە.




## بڕین و دانانەوە (لكاندن) ی نووسین

## Cut and Past Text

ئەگەر پێیكهاتە و ناوەڕۆكی خانەمان هەبێت و هەمان پێیكهاتە و ناوەڕۆكمان لە شوێنێكی تـردا، پێویست بێت، بەلاّم لە شوێنەكەی خۆیدا پێویستمان نەبێت و زیادەبێت لەو شـوێنەدا، ئـەوا لـەم كاتـەدا واباشـترە بـڕین بـۆ پێیكهاتـە و ناوەڕۆكەكـە ئەنجامبـدەین Cut و لەچـی شـوێنێكدا پێویستمانە بچین لەو شوێنەدا، كلیك بكەین و دایبنێینەوە، بەم شێوەیە:


1-ناوەڕۆك و پێیكهاتەكە Content دیاری Select بكە، كەدەتەوێت بیبڕیت.

2-كلیك لەسەر دووگمەی بڕین Cut بكە.




3-كلیك لەو شوێنەدا بكە، كەدەتەوێت تیایدا دای بنێیتەوە.


4- پاشان كلیك لەسەر دووگمەی دانانەوە (لكاندن) Paste بكە.



## دانانەوەی لکاندنی زیاتر

## More Paste


بۆ دانانەوەی زیاتر کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی دانانەوە (لکاندن) **Paste** بکە و، بەمەش لیتێك دووگمەی دانانەوە دەکرێتەوە کە دابەشکراوە بۆ سێ بەش ، ئەوانیش دانانەوە **Paste**، دانانەوەی نرخەکان **Paste Values** و هەڵبژاردنەکانی لکاندنی تر **Other Paste Options**:




## ئەنجامدانی کردارەکانی پێشوو بەهۆی کلیکی ڕاستەوە

1- خانەکان **Cells** (خانە – **Cell**) دیاری **Select** بکە، کەدەتوێتە لەبەری بگریتەوە یان بیبڕیت :


2-کلیکی ڕاست لەسەر خانە یان خانەکان بکە و، لەبەری بگرەوە **Copy** یان بیبڕە **Cut** و ... پاشان دایبنێرەوە **Paste**:





## ڕاکێشان و دانان (هەڵگرتن و گواستنەوە)

## Drag and Drop


1. خانەکە (یان خانەکان **Cells**) دیاری **Select** بکە، کەدەتەوێت ڕایبکێشیت و بیگوێزیتەوە.



2. سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر لێواری خانە (یان خانەکان) کەدیاریت کردووە، و بڕوانە سەهمی ماوسەکە ، شێوەکەی گۆڕا وەك لە وێنەکەدا دیارە، پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی چەپی ماوسەکە دا و پەنجەلامەبە لە سەر دووگمەی چەپی ماوسەکە و خانەکە (یان خانەکان) ڕابکێشە تا ئەو شوێنەی دەتەوێت و، پاشان لەو شوێنەدا، دەست لەسەر دووگمەی چەپی ماوسەکە لاببە:





ئێمە لێرەدا گواستمانەوە بۆ ستوونی سێ:





## پڕکردنەوەی خانەکان
## Fill Cells

ئەگەر دەتەوێت کۆمەڵێك خانە لە باری ئاسۆیی یان لەباری ستوونی بەیەك جۆر زانیاری پڕبکەیتەوە، ئەوا لە یەك خانەدا زانیارییەکە بنووسە و، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر ئەو لێوارەی خانەکە کە کەمێك لە خانەکە دەرچووەو، سەهمی ماوسەکە وەکو هێمای کۆکردنەوە + ی لێدێت و، کە سەهمەکە گۆڕا بەو شێوەیە پەنجەلەسەر دووگمەی چەپی ماوسەکە دابگرەو، ڕایبکێشە و چەند خانەت پێویستە تا ئەوەندە پەنجەت لامەبە لەسەر دووگمەی چەپی ماوسەکە و، پاشان پەنجەت لاببە، بڕوانە وێنەکان:



تا چەند خانە پەنجە لەسەر کلیك لانەبەین، ئەوەندە خانە پڕ دەبێتەوە بە **X**:




## جوڵە و گواستنەوە

ئەگەر خشتەکەمان لە چەند لاپەڕەیەك پێکهاتبوو، یان خانەی زۆری تیادابوو و زۆر پان بوو، ئەوا پێویستە بزانین چۆن لاپەڕەکان دەجوڵێنین و، لەلاپەڕەیەکەوە دەچینە سەر لاپەڕەیەکی تر، یان لە خانەیەکەوە دەچینەسەر خانەیەکی تر و، چۆن سکرۆڵ باڕ و سەهمەکان و هەندێك لە دووگمەکانی سەر ڕووی کیبۆرد بەکاردەهێنین، بۆیە لێرەدا زۆر بەکورتی باسیان دەکەین:

یەکەم: جوڵاندن و گواستنەوە بەهۆی ماوسەوە:

دەتوانین بەهۆی بەکارهێنانی ماوس و بە کلیك کردن لەسەر (سکرول باڕ – **Scroll Bar**)، جا سکرولّ باڕی ئاسۆیی **Horizontal** بێت، یان ستوونی **Vertical**، گواستنەوە ئەنجامبدەین و لە لاپەڕەیەکەوە بچینەلاپەڕەیەکی تر، یان ئەو بەشانە دەربخەین کە دیارنین بەهۆی گەورەیی خشتەکەوە، کەئەمە زیاتر لە باری ئاسۆیی دەبێت:



بۆ گواستنەوە لە نێوان خانەکانیشدا، بەهۆی ماوسەوە کام خانەیەت دەوێت کلیکی لەسەر بکە و، بەمەش دەتوانیت لە خانەیەکەوە بچیتە خانەیەکی تر و چالاکی بکەیت.

دووەم: جولاَندن و گواستنەوە بەهۆی کیبۆردەوە:

زۆربەی زۆری ئەوکارانەی کە بەهۆی ماوسەوە بەئەنجام دەگات، بەهۆی کیبۆردیشەوە جێبەجێدەبێت، بۆیە بەکورتی باسی جولاَندن و گواستنەوە دەکەین بەهۆی کیبۆردەوە:

| دووگمەکان | کردارەکان |
|---|---|
| → | بۆ گواستنەوەی خانەی چالاك بەرەو لای راست |
| ← | بۆ گواستنەوەی خانەی چالاك بەرەو لای چەپ |
| ↑ | بۆ گواستنەوەی خانەی چالاك بەرەو سەرەوە. |
| ↓ | بۆ گواستنەوەی خانەی چالاك بەرەو خوارەوە. |
| Page Up | لاپەرەیەك دەچێتە پێشەوە (سەرەوە) |
| Page Down | لاپەرەیەك دەچێتە دواوە (خوارەوە) |
| Ctrl+ → | خانەی چالاك و دیاری کراو دەباتە خانەی کۆتای خشتەکە لە باری ئاسۆیی بۆلای راست |

| | |
|---|---|
| Ctrl+ ← | خانەی چالاك و دیاری كراو دەباتە خانەی كۆتای خشتەكە لە باری ئاسۆیی بۆلای چەپ |
| Ctrl+ ↑ | خانەی چالاك و دیاری كراو دەباتە خانەی كۆتای خشتەكە لە باری ستوونی بۆ سەرەوە. |
| Ctrl+ ↓ | خانەی چالاك و دیاری كراو دەباتە خانەی كۆتای خشتەكە لە باری ستوونی بۆ خوارەوە. |
| Tab تاب | بۆ گواستنەوە لە خانەیەكەوە بۆ خانەیەكی تر لە باری ئاسۆیی خانەكانی خشتەكەدا. |

## كەمێك گۆڕین و سازكردنی (خانەكان، ڕیزەكان و ستوونەكان)

## Modifying of Columns, Rows and Cells


ئەو خانانەی لە خشتەی ئێكسڵ داهەیە، حەجمێكی جێگیر و هەمیشەییان هەیە و، لەوانەیە ئێمە پێویستمان بە پانییەكی زیاتر یان كەمتر هەبێت، یاخوود پێویستمان بە بەرزی جیاواز تر هەبێت، بۆیە پێویستە چۆنییەتی سازكردنیان فێرببین.

### پانی ستوون


### Column Width

دەتوانین پانی ستوونەكان زیاد بكەین یان كەمی بكەینەوە، بەم شێوەیە:


1-سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر لێواری ستوونەكە، لەبەشی لای ناوی ستونەكەوە، هەتا شێوەی سەهمی ماوسەكە دەگۆڕێت:




2-پەنجەلەسەر دووگمەی چەپی ماوسەكە دابگرە (كلیك بكە) و پەنجەت لامەبە و، ڕایبكێشە بۆ دەرەوە بۆ گەورە كردنی ستوونەكە و، ڕایبكێشە بۆ ناوەوە بۆ بچوككردنەوەی ستونەكە:




3-پەنجەت لەسەر دووگمەی ماوسەكە لامەبەتا ئەو ئاستەی دەتەوێت و ، پاشان پەنجەت لاببە و، دەبینیت بەپێی ئەو ڕاكێشانە گەورە بووە یان بچوك بۆتەوە:





## پانی ستوون لەگەڵ پێوانەیەکی دیاری کراو


## Column Width with Specific Width

1-ئەو ستوونە **Column** دیاری **Select** بکە، کەدەتەوێت کەمێك بیگۆڕیت و ئامادەی بکەیت.

2-کلیك لەسەر دووگمەی فۆڕمات **Format** بکە، لە تابی هۆم **Home** داو، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی پانی ستوون **Column Width** بکە.



3-ئەم بۆکسە دەکرێتەوەو، دەتەوێت ستونەکە چەند پانبێت ، ئەونرخەی تێدا بنووسە و، کلیك لەسەر دووگمەی **ok** بکە:





تیبینی: لەو لیستەی کراوەتەوە فرمانی **Auto Fit Row Height** بە شێوەیەکی خۆی بەرزییەکە دادەنێت بە پڕاو پڕی بەرزی ناوەڕۆکی خانەکە.


## بەرزی ڕیز
## Row Height

دەتوانین بەرزی ڕیزە خانە ئاسۆییەکانیش زیاد بکەین یان کەمی بکەینەوە، بەم شێوەیە:


1-سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر لێواری ڕیزەکە، لەبەشی لای ناوی ڕیزەکەوە، هەتا شێوەی سەهمی ماوسەکە دەگۆڕێت:



2-پەنجەلەسەر دووگمەی چەپی ماوسەکە دابگرە (کلیك بکە) و پەنجەت لامەبە و، ڕایبکێشە بۆ دەرەوە(خوارەوە) بۆ زیاد کردنی بەرزی ڕیزەکە و، ڕایبکێشە بۆ ناوەوە بۆ بچوککردنەوەی ڕیزەکە:



3-پەنجەت لەسەر دووگمەی ماوسەکە لامەبەتا ئەو ئاستەی دەتەوێت و ، پاشان پەنجەت لاببە و، دەبينيت بەپێی ئەو ڕاكێشانە بەرزييەكەی زيادی كردووە يان كەم:





## بەرزی ڕيزەخانەی ئاسۆيی لەگەڵ پێوانەيەكی دياری كراو


## Row Width with Specific Width

1-ئەو ڕيزە ديارى **Row** **Select** بكە، كەدەتەوێت كەمێك بيگۆڕيت و ئامادەی بكەيت.

2-كليك لەسەر دووگمەی فۆڕمات **Format** بكە، لە تابی هۆم **Home** داو، پاشان كليك لەسەر دووگمەی بەرزی ڕيز **Row Height** بكە.





3-ئەم بۆكسە دەكرێتەوە، دەتەوێتڕيزەكە چەند بەرزبێت ، ئەونرخەی تێدا بنووسە و، كليك لەسەر دووگمەی **ok** بكە:





تێبینی: لەو لیستەی کراوەتەوە فرمانی **Auto Fit Row Height** بە شێوەیەکی خۆی بەرزییەکە دادەنێت بە پراو پری بەرزی ناوەڕۆکی خانەکە.

## دانانی ریزە خانەی ئاسۆیی
## Insert Row

1- کلیك لەسەر ئەو ڕێزە بکە، کەدەتەوێت ریزە خانەیەك لەسەریەوە زیاد بکەین:





2- لە تابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Insert** بکە:




* کاتێك ڕیزە خانەیەکی ئاسۆیی زیاد دەکەین، هەڵبژاردنەکانی تیادانان **Insert Options** لەگەڵیدا، دروست دەبێت، کە بە کلیك کردنی لەسەری سێ هەڵبژاردن دەردەکەوێت و، کلیك لەسەر بازنە بچوکەکەی بەردەم هەرکام لە هەڵبژاردنەکان بکەین، بە پێی ئەو هەڵبژاردنەی ڕیزە تازەکە ڕێکدەخرێت:

- **Format Same as Above**: ڕێکخستن و دانانی ڕیزە نوێیەکە وەکو سەرەوە، واتە ئەگەر زانیارییەکانی ڕیزەکەی سەرەوە تۆخ بێت، و لار بێت، و، حەجمی 22 بێت و سووربێت، ئەوا زانیارییەکانی ناو ڕیزە نوێیەکەش هەمان تایبەتمەندی و سیفەتیان دەبێت.
- **Format Same as Below**: ڕێکخستن و دانانی ڕیزە نوێیەکە وەکو خوارەوە، واتە ئەگەر زانیارییەکانی ڕیزەکەی خوارەوە هێڵی بەژێرا هاتبێت، و تۆخ بێت، و، حەجمی 25 بێت و سەوز بێت ، ئەوا زانیارییەکانی ناو ڕیزە نوێیەکەش هەمان تایبەتمەندی و سیفەتیان دەبێت.
- **Clear Formatting**: ڕێکخستن و دانانی ڕیزە نوێیەکە پاك دەکاتەوە و دەیسڕێتەوە لای دەبات.





*لەخاڵی دووەمی (دانانی ڕیزە خانەی ئاسۆیی **Insert Row**)دا، ئەگەر کلیك لەسەر سەهەمە بچوکەکەی دووگمەی (دانان) (خستنە ناو) (**Insert**) بکەین، ئەوا لیستێکی بچوك دەکرێتەوە، پێویستە لە لیستە بچوکەکەدا کلیك لەسەر (دانانی ڕیزی شیت **Insert Sheet Rows**) بکەین:




# دانانی ستوون
# Insert Column

1-کلیك لەسەر ئەو ستوونە بکە، کەدەتەوێت ستوونێك لەتەنیشتییەوە  زیاد بکەین:




| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/19645 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |

2-لە تابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Insert** بکە:




| | A | B | C | D |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | | /5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | | 1/8/19645 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | | 5/7/1976 | 550$ |

* کاتێك ریزە ستوونێك زیاد دەکەین، (هەڵبژاردنەکانی تیاداناان **Insert Options** ) لەگەڵیدا، دروست دەبێت، کە بە کلیك کردنی لەسەری سێ هەڵبژاردن دەردەکەوێت و، کلیك لەسەر بازنە بچوکەکەی بەردەم هەرکام لە هەڵبژاردنەکان بکەین، بە پێی ئەو هەڵبژاردنەستونە تازەکە ڕێکدەخرێت:


- **Format Same as Left**: ڕێکخستن و دانانی ستوونە نوێیەکە وەکو لای چەپ ، واتە ئەگەر زانیارییەکانی ستوونی لای چەپ  تۆخ بێت، و لار بێت و، حەجمی 22 بێت و سووربێت، ئەوا زانیارییەکانی ناو ستوونە  نوێیەکەش هەمان تایبەتمەندی و سیفەتیان دەبێت.

- **Format Same as Right**: ڕێکخستن و دانانی ستوونە نوێیەکە وەکو ستونی لای ڕاست ، واتە ئەگەر زانیارییەکانی ستوونی لای ڕاستی ستوونە زیاد کراوەکە هێڵی بەژێرا هاتبێت، و تۆخ بێت و، حەجمی 25 بێت و سەوز بێت ، ئەوا زانیارییەکانی ناو ستونە نوێیەکەش هەمان تایبەتمەندی و سیفەتیان دەبێت.

- **Clear Formatting**: ڕێکخستن و دانانی ستونە نوێیەکە پاك دەکاتەوە دەیسرێتەوە لای دەبات.





*لەخاڵی دووەمی (دانانی ڕیزە خانەی ستوونی (ستوون) **Insert Column**)دا، ئەگەر کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی (دانان) خستنە ناو) **Insert**) بکەین، ئەوا لیستێکی بچوك دەکرێتەوە، پێویستە لە لیستە بچوکەکەدا کلیك لەسەر (دانانی ستوونی شیت **Insert Sheet Column**) بکەین:




# سڕینەوەی ڕیزەکان
# Delete Rows

1- ئەو چەند ڕیزە دیاری بکە **Select** کە دەتەوێت بیسڕیتەوە:



| | A | B | C | D |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ | |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ | |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ | |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ | |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ | |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/19645 | 1500$ | |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ | |
| 8 | | | | |
| 9 | | | | |
| 10 | | | | |
| 11 | | | | |


2- لە تابی هۆم **Home**دا، كلیك لەسەر دووگمەی **Delete** بکە، بەمەش ڕیزە خانە دیاری کراوەکان سڕایەوە:



| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |
| 4 | | | |
| 5 | | | |
| 6 | | | |
| 7 | | | |

※سڕینەوەی یەك ڕیزیش بەهەمان شێوەیە و، تەنها لەوەدا جیاوازە کە یەك ڕیز دیاری **Select** دەکەین.


※لەخاڵی دووەمی (سڕینەوەی ڕیزە خانەی ئاسۆیی **Delete Rows**)دا، ئەگەر كلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی (سڕینەوە **Delete**) بکەین، ئەوا لیستێکی بچوك دەکرێتەوە، پێویستە لە لیستە بچوکەکەدا كلیك لەسەر (سڕینەوەی ڕیزی شیت **Delete Sheet Rows**) بکەین:



## سڕینەوەی ستونەکان


## Delete Columns

1-ئەو چەند ستوونە دیاری بکە **Select** کە دەتەوێت بیسڕیتەوە:



| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/196454 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |
| 8 | | | |


2-لە تابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Delete** بکە، بەمەش ستونەکان دیاری کراوەکان سڕایەوە:



| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | | |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | | |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | | |
| 4 | Arsh Omer Karim | | |
| 5 | Shano Ahmad Karim | | |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | | |
| 7 | Omer Karim Ahmad | | |

*سڕینەوەی یەك ستوونیش بەهەمان شێوەیە و، تەنها لەوەدا جیاوازە کە یەك ستوون دیاری **Select**دەکەین.

*لەخاڵی دووەمی (سڕینەوەی ستوونەکان **Delete Columns**)دا، ئەگەر کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی (سڕینەوە **Delete**) بکەین، ئەوا لیستێکی بچوك دەکرێتەوە، پێویستە لە لیستە بچوکەکەدا کلیك لەسەر (سڕینەوەی ستونەکانی شیت **Delete Sheet Columns**) بکەین:




## پێچانەوەی نووسین


## Wrapping Text

کاتێك لە خانەکانی شیتی ئێکسڵ دەنووسین و نووسینەکەمان زۆرە، لە سنووری ستونەکە Column دەردەچێت و، پێویستە کرداری (نووسین پێچانەوە – **Wrapping Text**) ئەنجامبدەین و، نووسینەکە بگێڕینەوە بۆ سنووری ستونەکە، ئەویش بە گەورەکردنی خانەکان لەباری بەرزی ، بە پێی ئەو زیادەیەی نووسینەکە، کە لە خانەکان دەرچووە، بەم شێوەیە:

1-ئەو خانانە دیاری بکە، کەدەتەوێت کرداری پێچانەوەی بەسەردا جێبەجێبکەیت:





2- لەتابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Wrap Text** بکە:




## یەکپێگرتنی خانەکان
## Merge Cells

دەتوانین چەند خانەیەك یەکپێبگرین و، بیکەین بە چەند خانەیەك، بە پێی پێویستی کارەکەمان، بۆیە گرنگە هەنگاوەکانی ئەم کردارە بزانین.

1- ئەو خانانە دیاری **Select** بکە، کە دەتەوێت بیان کەیت بە یەك خانە:





2- کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی یەکپێگرتن **Merge** بکە و، پاشان کلیك لەسەر یەکێك لە هەڵبژاردنەکان بکە، بۆنمونە: **Merge and Center**:




لە دووگمەی یەکپێگرتن دا، لیستێکی بچووك هەیە کە لە چوار فرمان (دووگمە) پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

※**Merge and Center**: بەکلیك کردن لەسەر ئەم هەڵبژاردنەیان خانە دیاری کراوەکان دەبن بەیەك خانە و ، نووسینەکە دەچێتە ناوەڕاستی خانە نوێیە بەیەککراوەکەوە.

※ **Merge Across**: بەکلیك کردن لەسەر ئەو دووگمەیەیان هەموو خانەکانی هەر ریزێك لە ریزە دیاری کراوەکان دەبێتە بەیەك، واتە ئەم فرمانە کاتێك بەکاردێت کە بمانەوێت خانەکانی چەند ریزێك بکەین بەیەك ، و هەر ریزە و لە ئاستی خۆیدا.




※ **Merge Cells**: بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە خانە دیاری کراوەکان دەبن بەیەك خانە.


※**Unmerge Cells**: بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە خانە بەیەك کراوەکان دەبنەوە بەیەك خانە، بەلاَم دەبێت کلیك لەسەر خانەکە بکەین کە کردوومانە بە یەك.

## گۆڕینی جۆری فۆنت


## Change the font type

ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسین بنووسیت فۆنتێك هەڵبژێریت، یاخوود دەتەوێت نووسینێکت نووسیووە ، جۆری فۆنتەکەی بگۆڕیت ئەوا خانەکانی شیتەکە دیاری بکە **Select** و ، ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکە:

1-لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمە بچووکەکەی بەردەم بەشی **Font** بکە:



2-لیستێك بۆخوارەوە **Drop Down – List** دەكرێتەوە، كلیك لەسەریەكێك لە فۆنتەكان بكە و سەرنج بدە نووسینەكە بووە بەو فۆنتە:





## گۆڕینی حەجمی فۆنت


## Change Font Size

ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسین بنووسیت حەجمێك هەڵبژێریت، و ئەگەر دەتەوێت نووسینێكت نووسیووە ، حەجمی فۆنتەكەی بگۆڕیت ئەوا خانەكانی شیتەكە دیاری بكە **Select** و، ئەم هەنگاوانە جێبەجێبكە:

1-لەتابی **Home**دا، كلیك لەسەر سەهمە بچووكەكەی بەردەم بەشی **Size** بكە:




2-لیستێك بۆخوارەوە Drop Down – List دەكرێتەوە، كلیك لەسەریەكێك لە حەجمەكان بكە و سەرنج بدە نووسینەكە بووە بەو حەجمە:





تێبینی:

ئەگەر پێویستت بە حەجمێك هەبوو ، ئەو حەجمە لە لیستەكەدا نەبوو، ئەوا كلیكێك لەناو خانەی حەجمدا بكە و، بەمەش ئەو حەجمەی هەیە لەناو خانەكەدا، دیاری **Select** دەبێت و، بە كیبۆردەكە حەجمە نوێیەكە بنووسە و پەنجە بنێ بە دووگمەی ئینتەر دا:




حەجمە نوێیەكە بنووسە و ئینتەر بكە:




## گەورەکردن و بچوککردنەوەی حەجم

## Grow & Shrink Size


ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسین بنووسیت حەجمی نووسینەکە زیاد بکەیت ، و ئەگەر نووسینێکت نووسیووەوە، دەتەوێت حەجمی فۆنتەکەی زیاد بکەیت ئەوا خانەکانی شیتەکە دیاری بکە **Select** و، ئەم هەنگاوە جێبەجێبکە:

لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر زیاد کردنی فۆنت **Grow Font** بکە:




ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسین بنووسیت حەجمی نووسینەکە بچوك بکەیتەوە ، وە ئەگەر دەتەوێت نووسینێکت نووسیووەوە ، حەجمی فۆنتەکەی کەم بکەیتەوە ئەوا خانەکانی شیتەکە دیاری بکە **Select** و، ئەم هەنگاوە جێبەجێبکە:

لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر کەمکردنی حەجمی فۆنت **Shrink Font** بکە:




## تۆخ کردنی نووسین

## Making Text Bold

ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسین بنووسیت، تۆخی نووسین **Text Bold** چالاك بکەیت، تا ئەو نووسینەی دەینووسیت تۆخ بێت وە ئەگەر نووسینێکت نووسیووە ، دەتەوێت تۆخی بکەیت ئەوا خانەکانی شیتەکە دیاری بکە **Select** و، ئەم هەنگاوە جێبەجێبکە:

لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر دووگمەی تۆخ **Bold** بکە:





## لارکردنەوەی نووسین

## Making Text Italic


ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسین بنووسیت، لارکردنەوە **Italic** چالاك بکەیت، تا ئەو نووسینەی دەینووسیت لار بێت ، وە ئەگەر نووسینێکت نووسیووە ، دەتەوێت لاری بکەیت ئەوا خانەکان دیاری بکە **Select** و، ئەم هەنگاوە جێبەجێبکە:

لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر دووگمەی لارکردنەوە **Italic** بکە:




## هێڵبەژێراهێنان
## Making  Underline

ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسین بنووسیت، هێڵ بە ژێراهێنان **Underline** چالاك بکـەیت، تا ئەو نووسینەی دەینووسیت هێڵی لە ژێـرا بێـت ، یـاخوود نووسـینێکت نووسـیووەو ، دەتـەوێت هێڵبهێێنی بەژێریدا  ئەوا خانەکانی شیتەکە  دیاری بکە **Select** و، ئەم هەنگاوە جێبەجێبکە:
لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر  سەهمەبچوکەکەی دووگمەی هێڵ بە ژێراهێنان **Underline**  بکە و، پاشان کلیك لەسەر یەکێك لە شێوازەکان بکە:




## دانان و زیادکردنی سنوور و چوار چێوە بۆ خانەکان
## Add Border To Cells


1-ئەو خانانە دیاری بکە، کە دتەوێت چوار چێوەو سنووری بۆ دابنێیت.




| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/19645 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |

2-لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی دووگمەی **Border** بکە:

3- ئەگەر دەتەوێت سنوور بۆ هەموو چوار دەوری خانەکانە دیاری کراوەکان دابنێیت ئەوا کلیك لەسەر **All Borders** بکە:




دەبینیت چوارچێوەیەك بۆخشتەکە دروست بووە:



C7 | 550$


| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/196454 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |

لیستی سنوور و چوارچێوە، کۆمەڵێك شێوەی تێدایە، کەهەریەکە و، بە دووگمەیەکی سەربەخۆ دانراوەو، بەکارهێنەی بە بینینی وێنەبچوکەکانی تەنیشت هەر شێوەیەکیان تێدەگات، کە ئەم دووگمەیەیان چ شێوەیەکی سنوور و چوارچێوە دادەنێت، کە بەکورتی لەم خشتەیەی خوارەوە، ڕوونیان دەکەینەوە:

| | |
|---|---|
| **Bottom Border** | تەنها سنوور و هێڵی خوارەوەی خانەکان |
| **Top Border** | تەنها سنوور و هێڵی سەرەوەی خانەکان |
| **Left Border** | تەنها سنوور و هێڵی لای چەپی خانەکان |
| **Right Border** | تەنها سنوور و هێڵی لای ڕاستی خانەکان |

| | |
|---|---|
| **No Border** | هیچ سنوور و چوارچێوە نەبێت، ئەم دووگمەیە بۆ لابردنەوەی چوارچێوەو سنوورەکان بەکاردێت، بەلاّم دەبێت خشتەکەمان دیاری **Select** کردبێت. |
| **All Borders** | هەموو سنوور و هیلّەکانی خانەکان |
| **Outside Border** | تەنها سنوور و چوارەدەورێك بە دەرەوەی هەموو خانە دیاری کراوەکاندا دەکێشێت. |
| **Thick Box Border** | سنوور و هیلّێکی ئەستوور بەدەوری خانە دیاری کراوەکاندا، دەکێشێت. |
| **Bottom Double Border** | تەنها سنوور و هیلّی دووانی بۆ خوارەوەی خانەکان دەکێشێت |
| **Thick Bottom Border** | تەنها سنوور و هیلّی ئەستوور بۆ خوارەوەی خانەکان دەکێشێت. |
| **Top and Bottom Border** | تەنها سنوور و هیلّی سەرەوە و خوارەوەی خانەکان دەکێشێت. |
| **Top and Thick Bottom Border** | تەنها سنوور و هیلّی سەرەوەی خانەکان و هیلّی ئەستوور بۆ خوارەوە خانەکان دەکێشێت. |
| **Top and Double Bottom Border** | تەنها سنوور و هیلّی سەرەوەی خانەکان و هێلّی دووانی بۆ خوارەوەی خانەکان دەکێشێت. |


4-بۆ لابردن و سڕینەوەی چوار چێوەکە بە ئاسانترین شێوە ئەوەیە، خشتەکە دیاری بکەین و کلیك لەسەر **No Border** بکەیت:




## ڕێگەیەکی تر بۆ دانانی چواردەورە و سنووری

1-خشتەکە دیاری بکە، کە دەتەوێت چوار چێوەو سنووری بۆ دابنێیت.

2-لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی گرووپی فۆنت بکە، کە بەهۆیەوە بەشی **Format Cells** دەکرێتەوە:





3-کلیك لەسەر تابی **Border** بکە:




4-بەشی تایبەت بە **Borders**دەكرێتەوە، چالاك دەبێت و گۆڕانكارییەكان بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەنجامبدە و كلیك لەسەر **Ok** بكە:

- لەبەشی (شێواز – **Style**) دا، كلیك لەسەر یەكێك لە شێوەكانی (هێل – **Line**)بكە:




- لەبەشی ڕەنگ – **Color**دا، كلیك لەسەر یەكێك لە ڕەنگەكان بكە، تا ببێتە ڕەنگی چوارچێوە.





-لەبەشی **Present**دا، كلیك لەسەر یەكێك لە شێوەكان بكە، كە سێ شێوەیە


⁕**None**: بەكلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە چوارچێوە دانراوەكە لادەچێت، بەلاَم دەبێت خشتەكەمان دیاری كردبێت.

⁕**Outside**: بەكلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە، تەنها یەك چوار دەوور (چوار چێوە) بۆ هەموو خانە دیاری كراوەكان دەدەنرێت.

⁕**Inside**: بەكلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە، تەنها هێڵەكانی ناوەوە دەكێشێت بۆ هەموو خانە دیاری كراوەكان ، بە بێ كێشانی چوار چێوە (چوار دەووور) بۆ هەموو خانەكان .



- لەبەشی چوارچێوە Borderشدا، دەتوانیت لاکانی چوارچێوەکە دەستکاری بکەیت، لای ببەیت، یان دایبنێیتەوە، وەکو لە خشتەکەدا باسمان کردووە.




دووای ئەوەی هەڵبژاردنەکانمان ئەنجام دا و، کلیکمان لەسەر دووگمەی **Ok** کرد، دەبینیت چوارچێوەکە دانراوە بۆ ئەو خانانەی دیاریمان کردووە:

| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/196454 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |

## کێشانی چوارچێوەو سنورەکان
## Drawing Borders


بێگومان دەتوانین خشتەیەک بکێشین وەک ئەوەی بە قەڵەم و ڕاستە خشتە دروست دەکەین لەسەر ڕووی کاغەزەکان:

1-کلیك لەسەر تابی هۆم **Home** بکە.

2-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی چوارچێوەکان **Borders** بکە وسەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Draw Border** کلیکی لەسەر بکە:




3-دەبینیت سەهمی ماوسەکە بووە بە قەڵەمێك و، قەڵەمەکە بهێنە سەر لێواری ئەو خانەیەی دەتەوێت ببێتە سەرەتای خشتەکەت ، وپاشان پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك دابگرە و، بێئەوەی پەنجەت لاببەیت دەست بجولێنە تا لێواری ئەو خانەیەی دەتەوێت ببێتە کۆتای خشتەکە و، بەوشێوەیە هەموو هێڵەکانی خشتەکە بکێشە، بەسەر ئەو هێڵانەدا کە شیتەکەی لیپێکهاتووە، تا هەموو خشتەکە دەکێشیت:




## کێشانی چوارچێوەو سنورەکانی شیت

## Drawing Border Grid

هەرشیتێك پێكهاتووە لە ژمارەیەكی زۆر زۆر خانە و، ئەم خانانە لە ستوون و ریزەکاندا رێكخراون و، دانراون و، دەتوانین چوارچێوەو سنورەکانیان بکێشین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:


1-كلیك لەسەر تابی هۆم **Home** بكە.

2-كلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی چوارچێوەکان **Borders** بکە وسەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Draw Border Grid** کلیکی لەسەر بکە:




3-دەبینیت سەهمی ماوسەکە بووە بە قەڵەمێك کە خشتەیەکی بچوکی پێوەیە و، قەڵەمەکە بهێنە سەر لێواری ئەو خانەیەی دەتەوێت ببێتە سەرەتای خشتەکەت ، وپاشان پەنجە لەسەر

دووگمەی کلیك دابگرە و، بێئەوەی پەنجەت لابەبیت دەست بجولێنە تا لێواری ئەو خانەیەی دەتەوێت ببێتە کۆتای خشتەکە و بەمەش هەموو خشتەکە دەکێشیت، بەیەك جار، تەنها لەوەدا جیاوازە لەگەڵ کێشانی سنوور و چوار چێوە بەهۆی قەڵەمەکەوە **Draw Border**.





سڕینەوەی چوار چێوەو سنووری خشتە


## Erase Border

1-کلیك لەسەر تابی هۆم **Home** بکە.

2-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی چوارچێوەکان **Borders** بکە وسەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Erase Border** کلیکی لەسەر بکە:



3-دەبینیت سەهمی ماوسەکە بووە بە لاستیکێك ، و لاستیکەکە بهێنە سەر لیوارى ئەو خانەیەى دەتەوێت چوار چێوەو سنورەکانى بسڕیەوە ، وپاشان پەنجە لەسەر دووگمەى کلیك دابگرە و ، بیێنەوە پەنجەت لابەیت دەست بجولێنە تا لیوارى ئەو خانەیەى دەتەوێت سنوور و چوار دەورەکەى بسڕیتەوە، بێگومان بۆ یەك ستوون، یان یەك ریز ، یان یەك خانە ش بەهەمان شێوەیە:





## ڕەنگى هێڵى چوارچێوە


## Border Line Color

1-کلیك لەسەر تابى هۆم **Home** بکە.

2-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەى دووگمەى چوارچێوەکان **Borders** بکە وسەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Line Color** و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە ڕەنگەکان و کلیکی لەسەر بکە:



4-ئێستا ئەگەر خشتەیەك بكێشیت ئەوا بەو ڕەنگە دەیكێشێت كە هەڵمان بژاردووە، بەلاّم ئەگەر خشتەكەمان كێشابێت ئەوا بەشی **Draw Border** چالاك دەبێت و، لە سوچێكی خشتەكەدا پەنجە لەسەر كلیك دابگرە و ماوسەكە بجولێنە تا سوچی كۆتای خشتەكە و، بەو شێوەیە هێڵەكان بكە بەو ڕەنگە و بەمەش هەموو خشتەكە دەبێت بەو ڕەنگە، وەك لە پێشەوە باسمان كرد، چوار چێوەی خشتەكە بكە بەو ڕەنگە:





## شێوەی هێڵی چوارچێوە


## Border Line Style

1-كلیك لەسەر تابی هۆم **Home** بكە.

2-كلیك لەسەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی چوارچێوەكان **Borders** بكە وسەهمی ماوسەكە ببەرە سەر **Line Style** و پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر یەكێك لە شێوەكانی هێلّ و كلیكی لەسەر بكە:



4-ئێستا ئەگەر خشتەیەك بکێشیت ئەوا بەوهێڵە دەیکێشێت کە هەڵمان بژاردووە، بەلاّم ئەگەر خشتەکەمان کێشابێت ئەوا بەشی **Draw Border** چالاك دەبێت و، لە سوچێکی خشتەکەدا پەنجە لەسەر کلیك دابگرە و ماوسەکە بجولێنە تا سوچی کۆتای خشتەکە و، بەو شێوەیە هەموو هێڵەکان بکە بەو شێوەیەی هێڵ و بەمەش هەموو خشتەکە دەبێت بەو هێڵانە، وەك لە پێشەوە باسمان کرد، چوار چێوەی خشتەکە بکە بەو رەنگە:




تێبینی:

واباشترە لەهەردوو کرداری (رەنگی هێڵی چوارچێوە – **Border Line Color**) و (شێوەی هێڵی ژوار چێوە – **Border Line Style**) سەرەتا کلیك لەسەر **Draw Border** (**Grid**) بکەیت و، بەهۆی ئەم کردارەوە رەنگی هێڵی چوارچێوە یان شێوەی هێڵی چوارچێوە بگۆریت، چونکە ئاسانتر و خێراترە، یان بەم کردار و رێگەیەی خوارەوە ئاسانترە.


## چوارچێوەو سنووری زیاتر
## More Borders

(دانانی چوارچێوە، گۆرینی رەنگ و هێڵی چوارچێوە، رەنگ کردنی خانەکان)


1-ئەو بەشەی شیتەکە دیاری بکە، کە دەتەوێت بیکەیتە خشتە، یان ئەگەر خشتەیەکت کێشاوە دەتەوێت رەنگی چوارچێوەکەی بگۆریت یان هێڵەکانی چوارچێوەکە بگۆریت، یان خانەکان رەنگ بکەیت، ئەوا خشتەکە دیاری بکە.

2-کلیك لەسەر تابی هۆم **Home** بکە.

2-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی چوارچێوەکان **Borders** بکە وسەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **More Borders** و کلیکی لەسەر بکە:





3-كليك لەسەر تابى **Border** بكە:





4-ئێستا بەشی تایبەت بە **Borders**كراوەتەوە و ، چالاك بووە و گۆڕانكارییەكان بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەنجامبدە و كلیك لەسەر **Ok** بكە:

- لەبەشی (شێواز – **Style**) دا، كلیك لەسەر یەكێك لە شێوەكانی (هێڵ – **Line**)بكە:



- لەبەشی ڕەنگ – **Color**دا، کلیك لەسەر یەکێك لە ڕەنگەکان بکە، تا ببیێتە ڕەنگی چوارچێوە.





-لەبەشی **Present**دا، کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکان بکە، کە سێ شێوەیە


⁕**None**: بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە چوارچێوە دانراوەکە لادەچێت، بەلاّم دەبیێت خشتەکەمان دیاری کردبێت.

⁕**Outside**: بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە، تەنها یەك چوار دەوور (چوار چێوە) بۆ هەموو خانە دیاری کراوەکان دەدەنرێت.

⁕**Inside**: بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە، تەنها هێلّەکانی ناوەوە دەکێشێت بۆ هەموو خانە دیاری کراوەکان ، بە بێ کێشانی چوار چێوە (چوار دەوور) بۆ هەموو خانەکان .





- لەبەشی چوارچێوە **Border**شدا، دەتوانیت لاکانی چوارچێوەکە دەستکاری بکەیت، لای ببەیت، یان دایبنێیتەوە، وەکو لە خشتەکەدا باسمان کردووە.




دووای ئەوەی هەڵبژاردنەکانمان ئەنجام دا و، کلیکمان لەسەر دووگمەی **Ok** کرد، دەبینیت چوارچێوەکە دانراوە بۆ ئەو خانانەی دیاریمان کردووە:

| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/196454 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |


5-بۆ ڕەنگ کردنی ناوخانەکانی خشتەکە، خاڵی 1 و 2 دووبارە بکەرەوە ، پاشان کلیك لەسەر تابی **Fill**بکە و، بەهۆیەوە ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە، بە پێی پێویست هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدە و کلیك لەسەر **Ok** بکە:





- لەبەشی (ڕەنگی پشتەوە – **Background Color**) دا، ڕەنگێك هەڵبژێرە، واتە كلیك لەسەر ڕەنگێك بکە و، ئەگەر ویستیشت ئەو ڕەنگەی داتناوە لای ببەیت ئەوا کلیك لەسەر **No Color** بکە :




- بۆئەوەی کاریگەرییەکانی پڕکردنەوە، کە چەند شێوەو کاریگەرییەکە بۆ ئەوە خانانەی دیاریمان کردووە کلیك لەسەر دووگمەی (کاریگەرییەکانی پڕ کردنەوەی- **Fill Effects**):




بە کلیك کردن لەسەر دووگمەکە، ئەم بۆکسەی خوارەوە دەکرێتەوە، کە تیایدا گۆڕانکارییەکان بکە و کلیك لەسەر **Ok** بکە:





- بۆ هێنانی ڕەنگی زیاتر بۆ پشتەوەی خانەکان ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی ) ڕەنگەکانی تر – **More Colors**(بکە:




- ئەگەر دەتەوێت نەخشێك بە باكگراوەندەكە بدەیت، ئەوا لەبەشی (ڕەنگی نەخش – **Pattern Color**)دا، كلیك لەسەر ڕەنگێك بكە:




-لەبەشی (شێوەی نەخش – **Pattern Style**)یشدا، كلیك لەسەر شێوەیەكی نەخش بكە:




ئێستا دووای ئەوەی هەڵبژاردنەكانمان ئەنجامدا، بە پێی پێویست، كلیك لەسەر **Ok** دەكەین و دەبینین خشتەكە بووە بەو ڕەنگ و نەخشەیەی كە هەڵمان بژاردوون:




| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1000$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/19645 | 1500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |

## گۆڕینی ڕەنگ

## Change Color

ئەگەر دەتەوێت پێش ئەوەی نووسینێك بنووسیت، هەڵبژاردنی ڕەنگێك ئەنجامبدەیت تا دوواتر بەم ڕەنگە بنووسیت، یاخوود نووسینێكت نووسیووەو، دەتەوێت ڕەنگەكەی بگۆڕیت ئەوا نووسینە نووسراوەكەی ناوخانەكان دیاری بكە **Select**، واتە خانەكان دیاری بكە و، ئەم هەنگاوە جێبەجێبكە:

لەتابی **Home**دا، كلیك لەسەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی ڕەنگی فۆنت **Font Color** بكە و، پاشان كلیك لەسەر ڕەنگێك بكە:





## ڕەنگ کردنی خانەکان

## Fill Color

ئەگەر دەتەوێت خانەکانی خشتەیەك ڕەنگ بکەیت، ئەوا خانەکان دیاری بکە **Select** ، و، ئەم هەنگاوە جێبەجێبکە:

لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی (ڕەنگ کردن **Fill color**) بکە و، پاشان کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە:




## لابردنی ڕەنگی خانەکان

## No Fill

ئەگەر دەتەوێت ڕەنگی ناو خانەکانی خشتەیەکی ڕەنگ کراو لاببەیت ، ئەوا خانەکان دیاری بکە **Select** ، و ئەم هەنگاوە جێبەجێبکە:

لەتابی **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی (ڕەنگ کردن **Fill color**) بکە و، پاشان کلیك لەسەر **No Fill** بکە:





گۆڕین و گواستنەوەی نووسین بە شێوەیەکی ئاسۆیی

لەناوخانەکانی خشتەیەکدا، دەتوانین لە باری ئاسۆیی و ستوونی زانیاری ناو خانەکان بگوێزینەوە، گواستنەوەی ئاسۆیی بە سێ شێوە یە کە ئەمانەی لای خوارەوە یە:

## گواستنەوەی نووسین بۆلای چەپ

## Align Text to Left


بۆئەوەی ئەو نووسینەی هەمانە بیبەینە لای چەپ، ئەوا خانەکان دیاری **Select** دەکەین، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Align Text Left** بکە، یان پێش ئەوەی هیچ بنووسیت، ئەگەر دەتەوێت لای چەپەوە بنووسیت، ئەوا کلیك لەسەر ئەم دووگمەیە بکە:



## نووسین لە ناوەڕاست دا

## Center Text


ئەگەر دەتەوێت لە ناوەڕاستی خانەکان دا بنووسیت، کلیك لەسەر دووگمەی **Center** بکە و بنووسە، یان نووسینێکت نووسیووە و دەتەوێت ببیەیتە ناوەڕاست، ئەوا خانەکان دیاری بکە **Select**، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Center Text** بکە:




## نووسین لەلای ڕاست دا

## Align Text Right

ئەگەر دەتەوێت لە لای ڕاستی خانەکان دا بنووسیت، کلیك لەسەر دووگمەی **Align Text Right** بکە و نووسینەکەت بنووسە، یان ئەگەر نووسینێکت نووسیووە و دەتەوێت ببیەیتە لای ڕاست، ئەوا خانەکان دیاری بکە **Select**، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Align Text Right** بکە:





گۆڕین و گواستنەوەی نووسین بە شێوەیەکی ستونییانە

لەناوخانەکانی خشتەیەکدا، دەتوانین لە باری ئاسۆیی و ستوونی زانیاری ناو خانەکان بگوێزینەوەو دایان بنێین، و گواستنەوەی ستوونی بە سێ شێوە یە کە ئەمانەی لای خوارەوە یە:

## لای سەرەوە


## Top Align

بۆئەوەی ئەو نووسینەی هەمانە بیبەینە لای سەرەوەی خانەکان لەباری ستوونی ، ئەوا خانەکان دیاری **Select** دەکەین، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Top Align** بکە، یان پێش ئەوەی هیچ بنووسیت، ئەگەر دەتەوێت لای سەرەوە بنووسیت، ئەوا کلیك لەسەر ئەم دووگمەیە بکە:





## نووسین لە ناوەڕاستدا
## Middle Align

ئەگەر دەتەوێت لە ناوەڕاستی خانەکاندا بنووسیت، کلیك لەسەر دووگمەی **Middle Align** بکە و بنووسە، یان نووسینێکت نووسیووە و دەتەوێت بیبەیتە ناوەڕاست، ئەوا خانەکان دیاری **Select** بکە، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Middle Align** بکە:




## نووسین لە خوارەوەدا
## Bottom Align


ئەگەر دەتەوێت لە لای خوارەوەی خانەکاندا بنووسیت، کلیك لەسەر دووگمەی **Bottom Align** بکە و نووسینەکەت بنووسە، یان ئەگەر نووسینێکت نووسیووە و دەتەوێت بیبەیتە لای خوارەوەی خانەکان لە باری ستوونی ، ئەوا خانەکان دیاری **Select** بکە، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Bottom Align** بکە:




## دانانی بۆشایی
## Increase Indent

1- ئەو خانانە دیاری بکە، کە دەتەوێت بۆشایی لەسەرەتایی نوسینەکانی ناوییەوە زیاد بکەیت، بێگومان بۆ یەك خانەش ئەنجام دەدرێت .

2- کلیك لەسەر دووگمەی **Increase Indent** بکە:





## کەمکردنەوەی بۆشای
## Decrease Indent

بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەی داماننا:

1- ئەو خانانە دیاری بکە، کە دەتەوێت بۆشایی سەرەتایی نوسینەکانی ناویی کەم بکەیتەوە، بێگومان بۆ یەك خانەش ئەنجام دەدرێت .

2- کلیك لەسەر دووگمەی **Decrease Indent** بکە:




## خولاندنەوە و گۆڕینی شێوەی نووسینی ناو خانەكان

دەتوانین نووسینی ناوخانەكانی خشتەیەك، كەمێك بسوڕێنین، یان بیخولێنینەوە، بۆ ئەوەی شێوەیەكی جوان بەنووسینەكە بدەین، بە پێی پێویست، كە زیاتر بۆ خانەكانی ڕیزی یەكەمی خشتەكان بەكاردێت، كە چەند جۆرێكی هەیە، وەكو گۆشەی میللی كاتژمێر و پێچەوانەی میلی كاتژمێر و،نووسینی ستوونی و خولاندنەوەی نووسین بۆسەرەوە، خولاندنەوەی نووسین بۆ خوارەوە، ...... ،. بەم شێوەیە :

1-ئەو خانە یان ڕیزەخانەیە دیاری بكە كەدەدتەوێت نووسینەكانی ناوی بسوڕێنین یان شێوەكەی بگۆڕیت.

2-كلیك لەسەر سەهمەبچوكەكەی دووگمەی ئاراستە **Orientation** بكە، كە بەهۆیەوە لیستێك دەكرێتەوە بە پێی پێویستی كارەكەت كلیك لەسەر یەكێكیان بكە:




لیستی ئاراستە **Orientation** لە چەند بەشێك پێك هاتووە كە ئەمانەن:

※ **Angle Counterclockwise**: گۆشەی پێچەوانەی جوڵەی میلی كات ژمێر.

※**Angle Clockwise**:جوڵەی میلی كات ژمێر .


※**Vertical Text**: نووسینی ستونییانە.

※**Rotate Text Up**: خولاندنەوەو سوراندنی نووسین بۆ سەرەوە.

※**Rotate Text Down**: خولاندنەوە و سوڕاندنی نووسین بۆ خوارەوە.

※**Format Cell Alignment**: شێوەو ڕێکخستنی لای خانەکان، بەهۆی ئەم دووگمەیەوە ، بەشی تایبەت بە ڕێخستن و شێوەی خانەکان **Format Cells** دەکرێتەوە، دەتوانین بەهۆیەوە گۆڕانی زیاترلە نووسینی ناو خانەکاندا بکەین.


ئێمە کلیك مان لەسەر **Angle Counterclockwise**کردووە، لە لیستی ئاراستە **Orientation**دا:





## شێوە و ڕێکخستنی لای خانەکان
## Format Cell Alignment

1-ئەو خانە یان ڕیزەخانەیە دیاری بکە کەدەتەوێت نووسینەکانی ناوی بسوڕێنین یان شێوەکەی بگۆڕیت.

2-لەتابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی دووگمەی ئاراستە **Orientation** بکە، کە بەهۆیەوە لیستێك دەکرێتەوە پاشان کلیك لەسەر **Format Cell Alignment** بکە:



3- ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە، بەپێی پێویست هەڵبچاردنەکان ئەنجامبدە و، کلیك لەسەر دووگمەی **Ok** بکە، لە خوارەوە بەکورتی باسی بەشەکانی ئەم ڕووکارە و، هەڵبژاردنەکانی دەکەین:




*لاکانی نووسین **Text Alignment**: لەم بەشەدا دەتوانین نووسینەکان بەهەردوو شێوەی ئاسۆیی **Horizontal** و ستوونی **Vertical**دیاری بکەین و، پاشان بڕی بۆشایی دیاری بکەین بەهۆی بەشی **Indent**ــــەوە، لەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی دا، چەند هەڵبژاردنێك هەیە ، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

-لەبەشی ئاسۆیی **Horizontal**دا، دەتوانین نووسینەکان لەباری ئاسۆیی دیاری بکەین بە یەکێك لەمانەی خوارەوە:

+**General**:گشتی.

+**Left (Indent)**: لای چەپ .

+**Center**: ناوەڕاست.


+**Right (Indent)**: لای ڕاست.

+**Fill**: پڕکردنەوە.

+**Justify**: پڕاو پڕی خانەکە.

+ **Center Across Selection**: لەناوەڕاست دا بە درێژای بەشە دیاری کراوەکە.

+**Distributed(Indent)**: دابەش کردن و دابەشکاری .




- لەبەشی ستوونی **Vertical**دا، دەتوانین نووسینی ناوخانەکان ڕێکبخەیت لەباری ستوونی بەیەکێك لەم شێوانەی خوارەوە،واتە بەهەڵبژاردن و کلیك کردن لەسەر هەریەکێك لەم شێوانەی خوارەوە نووسینە لەباری ستوونی دەچێتە ئەو شێوەیەوە، بۆنمونە دەچێتە سەرەوە **Top** لە باری ستوونی :

+ل**General**: گشتی.


+**Top**: سەرەوە.

+**Center**: ناوەڕاست.

+**Bottom**: خوارەوە.

+**Justify**: پڕاو پڕ.

+ **Distributed**: دابەشکاری.




*دەست بەسەرداگرتنی نووسین – **Text Control**:

بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین چەند کردارێك ئەنجامبدەین، کە بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین:


- **Wrap Text**: ئەگەر نووسینێکمان هەبێت لە لێواری خانەکە دەرچووبێتە دەرەوە ئەوا کلیك لەسەر چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم ئەم فرمانەدەکەین، بۆئەوەی نووسینەکەمان بۆ بپێچێتەوە خانەکە گەورەبکات هەتا نووسینەکەی تێدا جێببێتەوە، نووسینەکە لە خانەکە دەرنەچێت، بەلاَم پێویستە هەر لەسەرەتاوە خانەکەمان دیاری **Select** کردبێت، بێگومان بۆ کۆمەڵێك خانەش بەهەمان شێوەیە:

1-سەرەتا خانە یان خانەکان دیاری بکە کە دەتەوێت بپێچێتەوە **Wrap Text**:





2- لەتابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی دووگمەی ئاراستە **Orientation** بکە، کە بەهۆیەوە لیستێك دەکرێتەوە پاشان کلیك لەسەر **Format Cell Alignment** بکە.

3-کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم **Wrap Text** بکە، و پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Ok** بکە:





4- کارەکە بەم شێوەیە بە ئەنجام گەیشت:




- Shrink Text: ئەم کردارەوە، وەکو پێچانەوەی نووسین Wrap Text وایە، بەڵام لەمکاتەدا نووسینەکە بچووك دەکاتەوە و بەحەجمی خانەکە، نەك خانەکە گەورە بکات، و ئەنجامدانیشی بەهەمان هەنگاوەکانی پێچانەوەی نووسینە Wrap Text:

1- سەرەتا خانە یان خانەکان دیاری بکە کە دەتەوێت بیپێچیتەوە Wrap Text:





2- لەتابی هۆم Homeدا، کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی دووگمەی ئاراستە Orientation بکە، کە بەهۆیەوە لیستێك دەکرێتەوە پاشان کلیك لەسەر Format Cell Alignment بکە.


3- کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم Wrap Text بکە، و پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Ok بکە:




4- کارەکە بەم شێوەیە بە ئەنجام گەیشت:





-Merge Cell: بەکاردێت بۆئەوەی چەند خانەیەك بکەین بەیەك خانە، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم Merge Cell، و کلیك کردن لەسەر دووگمەی Ok، بەڵام پێویستە پێشتر خانەکانمان دیاری Select کردبێت.




※ **Right – to – Left**: ڕاست بۆ چەپ:


بەهۆی ئەم بەشەوە ئاڕاستەی نووسین **Text Direction** دیاری دەکەین، کە چەند شێوەیەکە و، بە کلیك کردن لەسەر سەهمەبچوکەکەی ئاڕاستەی نووسین **Text Direction** و پاشان کلیك کردن لەسەر یەکێك لە ئاراستەکان کارەکە بەئەنجام دەگات، کە ئەم ئاراستانەی هەیە:

- **Context**: بە پێی جۆری نووسینەکە ئاراستەکەی دیاری دەبێت.
- **Left – to – Right** : ئاڕاستەی نووسین لە چەپەوە بۆ ڕاست.
- **Right – to – Left**: ئاڕاستەی نووسین لە چەپ بۆ ڕاست .




※ئاراستە – **Orientation**:

بەهۆی ئەم بەشەوە ئاڕاستەی نووسینی ئەو خانە، یان ڕیزە خانەیە بگۆڕە کە دیاریمان **Select** کردووە، بەهۆی پلە **Degree**وە، یاخود خۆمان ڕێژەیەك دیاری دەکەین، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر هێما سوورەکە و لانەبردنی پەنجەت لە سەر کلیك و سوڕاندنی هێماکە بە پێی پێویست، یاخود نووسینی گۆشە لە خانەی گۆشە **Degree**دا:



## دیاری كردنی ئاراستەی نووسین


بۆ ئەوەی ئاراستەی نووسین دیاریبكەین، كە بەشێوەیەكی گشتی دوو ئاراستەمان هەیە، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێدەكەین.

### ئاراستەی نووسین لە چەپ بۆ ڕاست

### Left – To – Right Text Direction

1-كلیك لەسەر تابی **Home** بكە.

2-كلیك لەسەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی (ئاراستەی نووسین – **Text Direction**) بكە و پاشان كلیك لەسەر دووگمەی **Left – To – Right Text Direction**بكە.





### ئاراستەی نووسین لە ڕاست بۆ چەپ

### Right – To – Left Text Direction

1-كلیك لەسەر تابی **Home** بكە.

2- كلیك لەسەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی (ئاراستەی نووسین – **Text Direction**) بكە و پاشان كلیك لەسەر دووگمەی **Right – To – Left Text Direction** بكە.




## ئاراستەی نووسین بەپێی جۆری نووسین

## Context Direction

1-كلیك لەسەر تابی **Home** بكە.

2- كلیك لەسەر سەهەم بچوكەكەی دووگمەی (ئاراستەی نووسین – **Text Direction**) بكە و پاشان كلیك لەسەر دووگمەی **Context** بكە.





## شێوەو ڕێكخستنی ژمارەكان و بەروار

## Format Numbers and Dates

یەكێكە لە تایبەتمەندییە زۆر بەكارهاتووەكانی بەرنامەی مایكرۆسۆفت ئێكسڵ و، كە توانی دابینكردنی شێوەو ڕێكخستنی هەیە بۆ ژمارەكان و بەروارەكان بە چەند ڕێگەیەكی جیاواز و، بۆنمونە تۆ دەتەوێت پێویستییەكانت لەگەڵ ژمارەی دەی **Decimal** دا، جێبەجێكەیت، یان لەگەڵ دراوەكان **Currency**دا، یان لەگەڵ ڕێژەی سەدی دا و بەو شێوەیە:

1-ئەو خانانە دیاری بكە كەدەتەوێت كەمێك بیان گۆڕیت **Modify**.

2-كلیك لەسەر سەهمی بچوكەكەی لیستی شێوەی ژمارە **Format Number** بكە، كە بەهۆیەوە لیستێك دەكرێتەوە بۆ خوارەوە **Drop-Down List** .



3- کلیك لەسەر شێوەیەکی ڕێکخستنی ژمارە **Format Number** بکە، کە خۆت دەتەوێت:





لیستی شێوەی ڕێکخستنی ژمارە لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە:

| | |
|---|---|
| **General** | گشتی، ئەمە شێوەیەکی هەمیشەیی **Default** و جێگیرە بۆهەریەکێك لەخانەکان و، بۆنمونە کاتێك 10/9داغڵ دەکەین خۆی دیکات بە **9-Oct**. |
| **Number** | شێوەی ڕێکخستنی ژمارە لەگەڵ ژمارەی دەیی **Decimal**دەبێت و، بۆ نمونە کاتێك دەنووسین 5 لەیەکێك لەخانەکاندا، دەیکاتە 5.00 و بەوشێوەیە پیشانی دەدات. |
| **Currency** | شێوەی ڕێکخستنی دراو (پارە) تایبەتە بە پارە هەتاوەکو هێمای پارەی لەگەڵدا بێت بۆنمونە کاتێك دەنووسین 10000 دۆلار بۆمان دەکات بە $10000.00. |
| **Accounting** | شێوەی ژماردنی ژمارەکان تایبەتە بەو نرخانەی هێمایان لەگەڵ |


| | |
|---|---|
| | دایەوەکو دراوەکان، بەڵام هێمای دراوەکە لەلایەك دەنووسێت لە دووری ژمارەکان و لەیەك ئاستدا، ئەمەش کار ئاسانی بۆ لیستە درێژەکان دەکات تا بەباشی و ئاسانی بخوێنرێنەوە و خانەکانی دەیی و سەدیی و ... لەیەك جیادەکاتەوە. |
| **Short Date** | تایبەتە بە نووسینی بەروار بە کورت کراوەی بۆنمونە لە جیاتی بنووسین **August 8th,2010** بۆمان دەنووسێت 8/8/2010 |
| **Long Date** | تایبەت بە نووسینی بەروار بە تەواوی و بە درێژی، بۆنمونە کاتێك دەنووسێت **Monday, August 01, 2011** |
| **Time** | ئەم شێوەیە تایبەتە بە کات وەکو **5:00:25 PM**. |
| **Percentage** | ئەم شێوەیە تایبەتە بە ژمارە دەییەکان کە هێمای ڕێژەی سەدییان لەگەڵ دایە ،بۆنمونە کاتێك 85 لە خانەکەدا دەنووسین دەبێت بە 80.00٪ |
| **Fraction** | ئەم شێوەیە تایبەتە بە ژمارە کەرتەکان کەلەگەڵ سلاش **/** دا دەنووسرێن. بۆنمونە کاتێك دەنووسین **1/5** ئەوا بۆمان دەنووسێت **1/5** بەڵام ئەگەر لەجیاتی ئەوەی **Fraction**مان هەڵبژاردبێت، گشتی **General**مان هەڵبژاردبێت، ئەوا کەرتەکەمان بۆ دەکات بە بەروار **Dates**. |
| **Scientific** | شێوەی ژمارەکان لە سەرشێوەی تیبینی زانستی دەبێت. |
| **Text** | ئەم شێوەیە تایبەتە بە نووسین و چۆن ژمارە و پیتی و هێما و ..... بنووسین، ئەوا وەك خۆی و بەو شێوەیەی نووسیومانە دەردەکەوێت. |
| **More Number Formats** | تایبەتە بە شێوەی زیاتر بۆ ژمارەکان و بە کلیك کردنی لەسەر ڕووکاری شێوەی خانەکان **Format Cells** دەکرێتەوەو تابی ژمارە **Number** تێیدا چالاك دەبێت. |

## گواستنەوە بەهۆی Go to

لەتابی **Home** دا، كليك لەسەر سەهمی **Find & Select** بكە، و پاشان سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر **Go To** و كليكی لەسەر بكە:




پاشان بەشی تايبەت بە **Go To** دەكرێتەوە، لەبەشی سەرچاوە **Reference**دا، دياری بكە كە بۆ چ بەشێك بچيچيت و كليك لەسەر **Go** بكە، ياخود بەشی **Special** يان **Special Go To** بەكاربهێنە:




## دۆزینەوە
## Find


بۆ گەڕان و دۆزینەوەی وشەیەك یان ... كلیك لەناو خانەیەكی ستونەكەدا بكە، كە گەڕانی تیا ئەنجام دەدەیت ، پاشان ئەم هەنگاوانە جێبەجێبكە:

1-لەتابیی Homeدا، كلیك لەسەر دووگمەی Find & Select بكە:

2-كلیك لەسەر دووگمەی Find بكە.




3-بەشی تایبەت بە گەڕان دەكرێتەوە لەخانەی Find Whatدا، ئەو زانیارییە بنوسە كە بە شوێنیا دەگەڕێیت و كلیك لەسەر Find Next بكە:





تێبینی: بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی بە شوێنیا دەگەڕێین پێكەوە، كلیك لەسەر Find All بكە.

## دۆزینەوە لە جیاتی دانان
## Find & Replace


ئەگەر بمانەوێ وشەیەك بدۆزینەوە وشەیەكی دیكەی بخەینە شوێن، ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەكەین:

1-لەتابیی Homeدا، كلیك لەسەر دووگمەی Find & Select بكە:





2-پاشان كليك لەسەر **Replace** بكە:

3-بەشی تایبەت بە دۆزینەوەو لەجیاتی دانانی دەكرێتەوە:




كە بەشی  بەشی لە جیاتی دانان كرایەوە، لەخانەی (دۆزینەوەی چی **Find What** ) دا، ئەو وشەیە یان پیتە یان ژمارە یان .... بنووسە كەدەتەوێت بیدۆزیتەوەوە، لەخانەی **Replace What** یشدا، ئەو وشە یان پیتە یان ... بنووسە كە دەتەوێت لە جێگەی دۆزراوەكە دابنێیت :




- كليك لەسەر دووگمەی **Find Next** بكە بۆ دۆزینەوەو، كليك لەسەر **Replace** بكە بۆ لە جیاتی دانان.

- کلیك لەسەر **Replace All** بکە بۆ هەموو لە جیاتی دانانەکان ئەگەر دەتەوێت هەموو نوسراوەکانی ناو خانەی **Find What** بگۆڕێت بۆ نووسراوی ناوخانەی **Replace What**.


## پاشەکەوت کردن

## Save


بۆهەڵگرتن و پاراستن و پاشەکەوت کردنی ئەو کارەی ئەنجامماندا ، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێدەکەین:

1- کلیك لەسەر تابی فایل **File Tab** بکە.

2- کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوتکردن **Save** بکە:




3-بەشی تایبەت بە پاشەکەوت کردن دەکرێتەوە بەهۆیەوە فایلەکەت خەزن بکە ، بەم شێوەیە:



ا-لەبەشی **Save In**دا، ئەو شوێنە دیاری بکە، کەدەتەوێت فایلەکەی تێدا پاشەکەوت بکەیت.

ب-لە بەشی **File Name** دا، ناوێك بۆ فایلەکەت بنووسە.

ج-لەپاشاندا کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن **Save** بکە.


## خەزنکردن بەهۆی شریتی ئامرازە بەردەستەکان

## Save with Quick Access Toolbar

1-کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوتکردن **Save** بکە:




2-بەشی تایبەت بە پاشەکەوت کردن دەکرێتەوە بەهۆیەوە فایلەکەت خەزن بکە، بەم شێوەیە:



ا-لەبەشی **Save In**دا، ئەو شوێنە دیاری بکە، کەدەتەوێت فایلەکەی تێدا پاشەکەوت بکەیت.

ب-لە بەشی **File Name**دا، ناوێك بۆ فایلەکەت بنووسە.


ج-لەپاشاشاندا کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن **Save** بکە.

## پاشەکەوت کردن وەکو
## Save As


ئەگەر پێشتر فایلەکەمان خەزنکردبێت، و بمانەوێت بەناوێکی نوێوە خەزنی بکەینەوە، یان بەهەمان ناوەوە لە شوێنێکی دیکەدا، جالەبەر ئەوەبێت کە دووادانەی پاشەکەوت کراومان هەبێت، یان لەبەر ئەوەی گۆڕانکاریمان کردبێت و، بشمانەوێت فایلە کۆنەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، دۆکۆمێنتێکی نوێ پاشەکەوت بکەین کە گۆڕانکارییەکە و دۆکۆمێنتە کۆنەکەشی تێدابێت، بەبێئەوەی کۆنەکە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت، ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکە:

1-کلیك لەسەر تابی فایل **File Tab** بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوتکردن وەکو **Save As** بکە:




3-بەشی تایبەت بە (پاشەکەوت کردن وەکو)دەکرێتەوە بەهۆیەوە فایلەکەت خەزن بکە، بەم شێوەیە:




ا-لەبەشی **Save In**دا، ئەو شوێنە دیاری بکە، کەدەتەوێت فایلەکە تێدا پاشکەوت بکەیت.


ب-لە بەشی **File Name** دا، ناوێك بۆ فایلەکەت بنووسە.

ج-لەپاشاندا کلیك لەسەر دووگمەی پاشکەوت کردن **Save** بکە.


## پاشکەوتکردن بە شێوازی 2003-1997

1-کلیك لەسەر تابی فایل **File Tab** بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی پاشکەوتکردن **Save As** بکە:



3-بەشی تایبەت بە پاشەکەوت کردن دەکرێتەوە بەهۆیەوە فایلەکەت خەزن بکە ، بەم شێوەیە :




ا-لەبەشی Save Inدا، ئەو شوێنە دیاری بکە، کەدەتەوێت فایلەکە تێدا پاشەکەوت بکەیت.

ب-لە بەشی File Name دا، ناوێك بۆ فایلەکەت بنووسە.

ج-لەبەشی Save As Type دا، کلیك لەسەر **Word 97-2003Document** بکە .

د-لەپاشاندا کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن **Save** بکە.

## دەستکەوتنەوەی هێنانەوەی خۆکار


## Auto Recover

1-ئەو خشتەیە بکەرەوە کە پێشتر داتا خستووە بێ ئەوەی خەزنی بکەیت.


2-کلیك لەسەر تابی فایل **File** بکە، پاشان کلیك لەسەر **Info** بکە.

3-کلیك لەسەر **Manage Version**بکە.

4-کلیك لەسەر ناوی فایلەکە بکە لەژێر ڤێرژن دا:




5-دۆکۆمێنتەکە دەکرێتەوە کلیك لەسەر **Restore** بکە:




## سڕینەوەی ڕۆکبووکە خەزن نەکراوەکان
## Delete All Unsaved Workbooks

1-بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010 بکەرەوە.

2-کلیک لەسەر تابی فایل **File** بکە، پاشان کلیک لەسەر **Info** بکە.

3-کلیک لەسەر **Manage Version**بکە.

4-کلیک لەسەر **Delete All Unsaved Documents** بکە:





5- ڕووکارێکت بۆ دەردەکەوێت، کلیک لەسەر **Yes** بکە.


## پاشکەوتکردن بە شێوازی پی دی ئێف
## Save As a PDF

1-کلیک لەسەر تابی فایل **File Tab** بکە.

2-کلیک لەسەر دووگمەی پاشکەوتکردن **Save As** بکە:



3-بەشی تایبەت بە پاشەکەوت کردن دەکرێتەوەو بەهۆیەوە فایلەکەت خەزن بکە، بەم شێوەیە:




ا-لەبەشی **Save In**دا، ئەو شوێنە دیاری بکە، کەدەتەوێت فایلەکە تێدا پاشەکەوت بکەیت.

ب-لە بەشی **File Name** دا، ناوێك بۆ فایلەکەت بنووسە.

ج-لەبەشی **Save As Type** دا، کلیك لەسەر **PDF** بکە .


د-لەپاشاندا کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن **Save** بکە.

## کردنەوە
## Open


بۆ کردنەوەی ۆرك بووکە پاشەکەوتکراوەکان و خەزنکراوەکان:

1-کلیك لەسەر تابی فایل **File Tab** بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی کردنەوە **Open** بکە:




3- بەشی تایبەت بە کردنەوە **Open** دەکرێتەوە، بەهۆیەوە فایلەکە بکەرەوە، بەم شێوەیە:




أ- لەبەشی **Look in** دا، ئەو شوێنە هەڵبژێرە کە دۆکۆمێنتەکەت تیا پاشەکەوت کردووە **Save**.

ب- کلیك لەسەر ئەو ۆرك بووکە بکە کە دەتەوێت بیکەیتەوە.

ج-كليك لە سەر دووگمەی كردنەوە **Open** بكە.


## كردنەوەی ۆرك بووكێكی تازە
## Open New Workbooks

كاتێك ۆرك بووكەكەی بەردەستمان كە بۆ كارێكی تايبەت كردوومانەتەوە، تەواو دەبێت و كارەكە كۆتای پێدێت و خەزنی دەكەین و، پێویستمان بەكردنەوەی فایلێكی نویٚ دەبێت بۆ ئەنجامدانی كارێكی تر، بەم شێوەیە دروستی دەكەین:

1-كليك لەسەر تابی فايل **File Tab** بكە.
2-كليك لەسەر دووگمەی نویٚ **New** بكە.
3-كليك لەسەر ۆركبووكی بەتاڵ **Blank Workbook** بكە.

تێبینی: بەشێوەیەكی هەمیشەیی **By Default** ۆرك بووكی بەتاڵ **Blank Workbook** چالاكە و پێویست بە كليك كردن ناكات لەسەری مەگەر ئەوەی كليك لەسەر بە شێكی تر كرابێت، و پێویست بكات كليكی لەسەر بكەینەوە تا چالاك بێت.

4-كليك لەسەر دووگمەی دروست كردن **Create** بكە.




# داخستنی ۆرك بووك

# Close Workbook

بۆ داخستنی ۆرك بووكه كراوهكه ئهم ههنگاوانهی خوارهوه جێبهجێبكه:


1-كليك لهسهر تابی فايل **File Tab** بكه.

2-كليك لهسهر دووگمهی داخستن **Close** بكه.




تێبينی:


ئهگهر ۆركبووكهكهمان خهزن نهكردبێت، يان گۆڕانكاريمان كردبێت و گۆڕانكارييهكهمان خهزن نهكردبێت، ئهوا پێش ئهوهی بهرنامهكه دابخرێت بهرنامهی ئێكسل لێمان دهپرسێت كه ئايا دهمانهوێت خهزنی بكهين يان نا؟



بەهۆی کلیـك کـردن لەسـەر دووگمـەی پاشـەکەوتکردن **Save** پاشـەکەوتی دەکـەین و، بـەهۆی دووگمـەی پاشـەکەوت نەکردنـەوە **Don't Save** پاشـەکەوتی ناکـەین و بـەهۆی دووگمـەی **Cancel**یشەوە، لە داخستنەکە پەشیمان دەبینەوە.

## یارمەتی
## Help


هەریەکێك لەدووگمەکانی ناو تابەکان، کاتێك سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر بە شێکی یارمەتی بچووك دەردەکەوێ بۆ ڕونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دووگمەکە، بەم بەشە یارمەتییە دەڵێن (**Context Sensitive Help**):




## بەکارهێنانی دووگمەی ئێف یەك
## Using F1

بۆ یارمەتی زیاتر دەتوانیت پەنجە بنێیت بە دووگمەی **F1**دا، کە بەهۆیەوە بەشی یارمەتی دەکرێتەوە، دەتوانیت سودی لێوەربگریت، ئەگەر زمانی ئینگلیزی بزانیت ....

یان دەتوانیت کلیك لەسەر دووگمەی یارمەتی **Help** بکەیت بۆ کردنەوەی بەشی یارمەتی:



## دەرچوون لە بەرنامەکە


## Exit

بەچەند رێگەو شێوەیەك دەتوانین بەرنامەکە دابخەینەوە و ، لەبەرنامەکە دەربچین:


رێگەی یەکەم: بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە بەرنامەکە دادەخەرەوە:

1-کلیك لەسەر تابی فایل **File Tab** بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی دەرچوون **Exit** بکە، تا لە بەرنامەکە دەربچیت :





ئەگەر ژرك بووکەکەمان خەزن نەکردبێت، یان گۆڕانکاریمان کردبێت و گۆڕانکارییەکەمان خەزن نەکردبێت، ئەوا پێش ئەوەی بەرنامە دابخرێت بەرنامەی ژرۆ لێمان دەپرسێت کە ئایا دەمانەوێت خەزنی بکەین یان نا؟



بـەهۆی کلیـك کـردن لەسـەر دووگمـەی پاشـەکەوتکردن **Save** پاشـەکەوتی دەکـەین و ، پاشـان بەرنامەکە دادەخرێتەوە و ، بەهۆی دووگمەی پاشەکەوت نەکردنەوە **Don't Save** پاشـەکەوتی ناکەین وپاشان بەرنامەکە دادەخرێتەوە و ، بەهۆی دووگمـەی **Cancel**یـشەوە، لـە داخـستنەکە پەشیمان دەبینەوە.

ڕێگەی دووەم: بەهۆی دووگمەکانی **Ctrl+F4**.

ڕێگەی سێهەم: بە کلیك کردن لەسـەر دووگمـەی داخستن **Close** کـە دەکەوێتـە سـەر شـریتی ناونیشان **Title Bar**.



## بەشی سێهەم

## ۆرك شیت – هاوکێشەکان –

## کردارەکان و ژمارە گۆڕاوەکان

# Worksheet – Formulas – Functions

## ۆرك شيت
## Worksheet


هەر فايليَكى ئيَكسلّ كە پيێى دەلّيێن ۆرك بووك **Workbook** لە ۆرك شيتيێك يان زياتر پيێك هاتووە، و ئەگەر كاريێكى زۆرمان هەبيێت ئەوا پيێويستە چەند **Worksheet** ۆرك شيتيێك بەكاربهيێنين، بەتايبەت ئەگەر كارەكە پەيوەندى بەيەكترەوە هەبيێت.

بۆيە پيێويستە لەبارەى زيادكردن و سڕينەوەو ڕەنگكردنى ناوى ۆرك شيتەكان و گۆڕينى ناوەكانيانەوە و، بەكۆمەلّكردنيان **Grouping** و لەبەر گرتنەوەو گواستنەوە و ....... بزانين.


## ناونانەوەى و گۆڕينى ناوى ۆرك شيتەكان
## Rename Worksheets

1-كليكى ڕاست لەسەر تابى ناوى ۆرك شيتيێك بكە، كە دەتەويێت ناوەكەى بگۆڕيت.


2-ليستيێك دەكريێتەوە، سەهمى ماوسەكە ببەرەسەر **Rename** و كليكى لەسەر بكە:



3-ئيێستا ناوى شيتەكە ديارى بووە و ، بە تەختەكليلەكە (كيبۆرد – **Keyboard**) ئەو ناوە بنووسە كە دەتەويێت:




4-كليك لە دەرەوەی ناوی شیتەكە بكە و بەمەش ناوەكە جێگیر دەبێت:




## دانان و زیادكردنی ۆرك شیتێكی نوێ

## Insert New Worksheets

كليك لەسەر ئایكۆنی (دانان و خستنەناوی ۆرك شیت – **Insert Worksheet**) بكە، بەمەش ۆرك شیتێكی نوێ دەردەكەوێت:





## سڕینەوەی ۆرك شیت

## Delete Worksheet

1-كليكی ڕاست لەسەر تابی ناوی ۆرك شیتێك بكە، كە دەتەوێت بیسڕیتەوە.

2-لیستێك دەكرێتەوە، سەھمی ماوسەكە ببەرەسەر **Delete** و كليكی لەسەر بكە:




## لەبەرگرتنەوەی ۆرك شیت


## Copy a Worksheet

1-کلیکی ڕاست لەسەر تابی ۆرك شیتێك بکە ، کە لەبەری بگریتەوە **Copy**.


2-لیستێك دەکرێتەوە، سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Move or Copy** و کلیکی لەسەر بکە:




3-دایەلۆگ بۆکسی **Move or Copy** دەکرێتەوە ، و تیایدا کلیك لەناو چوارگۆشە بچوکەکەی بەردەم **Create a Copy** بکە:





4-کلیك لەسەر دووگمەی **Ok** بکە ، و بڕوانە شیتەکە کۆپی بووە:




## گواستنەوەی ۆرك شیت

## Move a Worksheet

1-كلیك لەسەر تابی ئەو ۆركشیتە بكە كە دەتەوێت بیگوێزیتەوە، پەنجە لەسەر كلیك لامەبە و، بەمەش سەهمی ماوسەكە دەگۆڕێت .




2-بێئەوەی پەنجەت لەسەر كلیك لابەیت ئەو ۆرك شیتە ڕابكێشە بۆ ئەو شوێنەی دەتەوێت.





## ڕەنگ كردنی باكگراوەندی ناوی ۆرك شیت


## Color – Code Worksheet Tabs

1-كلیكی ڕاست لەسەر تابی ناوی ۆرك شیتێك بكە ، كە پشتەوەی ناوەكەی ڕەنگ بكەیت.

2-لیستێك دەكرێتەوە، سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر **Tab Color** و بەمەش لیستێكی بچوك تر دەكرێتەوە سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر یەكێك لە ڕەنگەكان و كلیكی لەسەر بكە:



3-ئێستا پشتەوەی ناوی شیتەکە  بووە بەو ڕەنگە :




## بەگروپ کردنی شیتەکان و لابردنەوەی گروپەکان


## Grouping and Ungrouping Worksheets

دەتوانین کارلەهەریەکێك لە شیتەکانی ناو هەر ۆرکبووکێکدا بکەین، ب شێوەیەکی سەربەخۆ و، دەشتوانین کارلە چەند شیتێکدا بکەین پێکەوەو بە شێوەی گرووپ و لەهەمان کاتدا و، بە یەکپێگرتنی شیتەکان پێکەوە، بەمەش ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەك لە شیتێکیان دا لە شیتەکانی تری ناو گروپەکەشدا ڕوودەدات، بۆیە بە گروپ کردن گرنگی خۆی هەیە.


## بەگروپکردنی شیتەکان

## Grouping Worksheet


1-کلیك لەسەر ناوی یەکەم ۆرك شیت **Worksheet** بکە، کە دەتەوێت لە گروپەکەدا بێت.




2-پەنجەبنێ بە دووگمەی کۆنترۆڵ **Ctrl** لەسەر ڕووی کیبۆردەکە و، بێئەوەی پەنجەت لاببەیت کلیك لەسەر تابی ناوی ئەو ۆرك شیتەی تر بکە، کە دەتەوێت لە گروپەکەدا بێت و، بۆشیتی تریش بەهەمان شێوە .




3-له دووای دیاری کردنی هه‌موو شیته‌کانی گرووپه‌که په‌نجه‌ت له‌سه‌ر کۆنترۆڵ لابه‌ و، به‌مه‌ش گرووپه‌که دروست بوو:





## لابردنی گرووپ

## Ungrouping Worksheets

1-کلیکی ڕاست له سه‌ر تابی یه‌کێك له شیته‌کانی گروچه‌که بکه.

2-کلیك له‌سه‌ر **Ungroup Sheets** بکه:



## جێگیر کردن و لە جوڵەخستنی بەشێك

## Freezing Worksheet Panes

دەتوانین ستنوونێك **Column** یان ڕیزەخانەیەکی ئاسۆیی **Row** دیاری بکەین بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیی جێگیری بکەین و، لەکاتێکدا کە خشتەکەش گەورەبوو ئەم بەشە هەر لە جێگەی خۆی بێت و، دایم لەبەر چاوبێت و نەشارێتەوە.

## جێگیر کردن و لە جوڵەخستنی ڕیزێك


## Freeze Row

1-ڕیزەخانەیەکی ژێر ئەو ڕیزە دیاری بکە **Select** کەدەدەوێت جێگیری بکەیت و هەمیشە دیاربێت، بۆنمونە دەمانەوێت ڕیزی یەکەم و دووەم و سێهەم هەمیشە دیاربێت و جێگیربێت بۆیە ڕیزی چوارەم دیاری دەکەین:




2-کلیك لەسەرتابی پیشاندان **View** بکە.


3-کلیك لەسەر سەهەمەبچوکەکەی دووگمەی **Freeze Pane** بکە و پاشان کلیك لەسەر **Freeze Panes** بکە :



# جێگیر کردن و لە جوڵەخستنی ستوونەکان


## Freeze Columns

1-ستوونێکی تەنیشت ئەو ستوونانە دیاری بکە **Select** کەدەتەوێت جێگیری بکەیت و هەمیشە دیاربێت، بۆنمونە دەمانەوێت ئەی و بی و سی هەمیشە دیاربێت و جێگیربێت بۆیە ستوونی دی دیاری دەکەین:




2-کلیك لەسەرتابی پیشاندان **View**بکە.

3-کلیك لەسەر سەهەمەبچوکەکەی دووگمەی **Freeze Pane**بکە و پاشان کلیك لەسەر **Freeze Panes** بکە :




## لابردنی ڕیز و ستونە جێگیرکراوەکان

## Unfreeze Panes

1-كليك لەسەرتابی پیشاندان **View**بكە.

2-كليك لەسەر سەهەمەبچوكەكەی دووگمەی **Freeze Pane**بكە و پاشان كليك لەسەر **Unfreeze Panes** بكە :





## جێگیرکردن و لە جوڵەخستنی ڕیزی یەکەم

## Freeze Top Row

1-كليك لەسەرتابی پیشاندان **View**بكە.

2-كليك لەسەر سەهەمەبچوكەكەی دووگمەی **Freeze Pane**بكە و پاشان كليك لەسەر **Freeze Top Row** بكە :




## جێگیرکردن و لە جوڵەخستنی ستوونی یەکەم

## Freeze  First Column

1-کلیك لەسەرتابی پیشاندان **View**بکە.

2-کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی دووگمەی **Freeze Pane**بکە و پاشان کلیك لەسەر **Freeze First Column** بکە :




## هاوکێشە سادەکان

## Simple Formulas

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ دەتوانێت زانیاری شیکارکراو بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی کردارەکان و، ئەویش بەهۆی هاوکێشەکانەوە دەبێت، کەلێرەدا بە سادەیی باسیان دەکەین، بۆ کردارەکانی کۆکردنەوە **Sum** و دابەشکردن **Division** و لێدەرکردن **Subtraction** و لێکدان **Multiply**.

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ کردارەکان و هێماکانیان بەکاردەهێنێت، بۆنمونە هێمای (+) بۆ کرداری کۆکردنەوە (زیاد کردن/زائید) **Addition** و هێمای (-) بۆ لێدەر کردن (کەم کردن/ناقس) **Subtraction** و هێمای (*) بۆ کرداری لێکدان (زەرب) **Multiplications** و هێمای (/) بۆ کرداری دابەش کردن **Division** و کردارەکانی تریش .

| | | |
|---|---|---|
| Addition | + | =5+5 |
| Subtraction | - | =5-5 |
| Multiplication | * | =5*5 |
| Division | / | =5/5 |
| Exponents | ^ | =5^5 |

## هاوکێشەیی سادە
## Simple Formula

1-ئەو خانەیە دیاری بکە **Select** واتە کلیکی لەسەر بکە کەدەتەوێت کردارەکەی تێدا ئەنجامبدەیت:

2-هێمای یەکسان (=) بنووسە و پاشان نرخی یەکەم **First Value** بنووسە و بەدووای دا هێمای کردارەکە (بۆنمونە لێکدان * ) و پاشان نرخی دووەم **Second Value** بنووسە:

| | A | B |
|---|---|---|
| 4 | 25 | |
| 5 | 150 | |
| 6 | =25*150 | |
| 7 | | |

3-پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەر **Enter**دا، لەسەر ڕووی کیبۆردەکە و، بەمەش کردارەکە بە ئەنجام دەگات :

| | A | B |
|---|---|---|
| 4 | 25 | |
| 5 | 150 | |
| 6 | 3750 | |
| 7 | | |
| 8 | | |


بۆ هەموو کردارەکانی تری وەکو (کۆکردنەوە، دابەشکردن، لێدەرکردن و .......) بەهەمان شێوە دەکرێت.

## دروست كردنی هاوكێشەكان لەگەڵ سەرچاوە(ناو) ی خانەكان دا


## Create Formulas with Cell References

1-كليك لەسەر ئەو خانەيە بكە كەدەتەوێت ئەنجامی كردارەكە تيادابنيێيت :


ئێمە لێرە كليكمان لەسەر خانەی **A8** كردووە تا ئەنجامی كردارەكەی تيادابنيێين:





2-هێمای يەكسان (=) بنووسە و بە دووايدا ناوی ئەو خانەيە بنووسە كە دەتەوێت ببێتە يەكەم خانەی كردارەكە، يان كليك لەسەر خانەكە بكە، بۆنمونە كليك لەسەر خانەی **A4** دەكەين تالەگەڵ خانەكانی تر كۆی بكەينەوە.





3-هێمای ئەو كردارە بنووسە كەدەتەوێت ئەنجامی بدەيت، بۆنمونە ئێمە هێمای كۆ (+) دەنووسين چونكە دەمانەوێت خانەكان كۆ بكەينەوە، پاشان كليك لەسەر خانەی **A5** بكە:




4-جارێکی تر هێمای کۆ (+) بنووسە و پاشان کلیك لەسەر خانەی **A6** بکە:




5-جارێکی تر هێمای کۆ (+) بنووسە و پاشان کلیك لەسەر خانەی **A7** بکە:





6-ئێستا ژمارەی ئەو خانانەی کە ویستمان کۆیان بکەینەوە تەواوبوون و کلیکمان لەسەرهەموویان کرد و هێمای کۆکردنەوەشمان لە نێوان هەموویاندا دانا، چونکە ویستمان هەموویان کۆبکەینەوە، بۆیە هێمای کۆکردنەوەی تر نانووسین، چونکە خانەی ترنەماوە کلیکی لەسەر بکەین و لەهاوکێشەکەدا بەشداری پێبکەین بۆیە پەنجە دەنێین بە دووگمەی ئینتەر **Enter** ی سەر ڕووی کیبۆردەکەدا، و بەمەش ئەنجامی هاوکێشەکەمان دەست دەکەوێت:




## دەستکاری کردن و چاککردنی هاوکێشە

## Edit a Formula


1-کلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە کە ئەنجامەکەمان تیادانا :




2-لەناو شریتی هاوکێشەدا کلیك بکە و چی گۆڕنکێك پێویستە ئەنجامی بدە:




3- ئێستا پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەر **Enter**دا و ، بڕوانە ئەنجامەکە:



## هاوكێشە ئاڵۆز و ئاوێتەكان

## Complex Formula

هاوكێشەی سادە، ئەو هاوكێشانەن یەك یەك كرداری بیركاری تێدایە، وەكو 10+10 بەڵاّم هاوكێشەی ئاڵۆز و ئاوێتە ئەو هاوكێشانەن كە چەند كردارێكی بیركارییان تێدایە وەكو 25-100+10 و بەوشێوەیە.

بۆیە ئەگەر زیاتر لە كردارێكمان هەبوو، ئەوا جێبەجێكردنی كردارەكان بە گوێرەی ریزێكی تایبەتی دەبێت لە بەرنامەی ئێكسلّ دا و یەك بەدووای یەك جێبەجێدەبێت، بەم شێوەیە:

1-كەوانەكان.


2-هێزەكان (توانەكان).

3-لێكدان و دابەش كردن.

4-كۆكردنەوەو لێدەركردن .

بروانە نمونەكان

نمونەی یەكەم



## نمونەی دووەم

| Packets Sold | Price | Percent of Total Sold |
|---|---|---|
| 14 | $1.99 | 42.42 |
| 19 | $1.99 | =(19*1.99)/(33*1.99)*100 |
| 33 | $1.99 | |

## نمونەیەکی درداریبیانە

1-کلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە کەدەتەوێت ئەنجامی کردارەکە تیادابنێیت :

2-هێمای یەکسان (=) بنووسە.

3-کەوانە بکەرەوە ( و کلیك لەسەر خانەیەك بکە کەبەشدارە لەهاوکێشەکەدا.

4-هێمای کۆ (+) بنووسە و کلیك لەسەر خانەکەی تر بکە کەبەشدارە لەهاوکێشەکەدا.

5-کەوانەکە دابخەرەوە ).

6-هێمای لێکدان بنووسە (*).

7-ئەو ژمارەیە بنووسە کەدەتەوێت لەگەڵ ئەنجامی ناوکەوانەکەدا لێکی بدەیت:


| Price | Quantity | Total |
|---|---|---|
| $18.99 | 2 | $37.98 |
| $0.12 | 5 | $0.60 |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | =(F4+ F5)*0.055 |
| | | $40.70 |

8-پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەر **Enter** دا و بڕوانە ئەنجامەکە:

| |
|---|
| $2.12 |


دروست كردن و لەبەرگرتنەوەی هاوكێشەكان بە بەكارهێنانی خانەو سەرچاوە پەیوەندیدارەكان

ئەگەر چەند ستوونێكی تر، یان ڕیزێكی ترمان هەبێت، كەهەموویان یەك كرداریان بەسەردا جێبەجێبكرێت، ئەوا لەسەر یەك ستوون یان ڕیزیان ئەنجامی دەدەین و، بۆئەوانی تر دووبارەی ناكەینەوە، وەكو ئەم نمونەیە:



A8 fx =A4+A5+A6+A7

| | A | B | C | D | E | F |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 25 | 854 | 879 | 852 | 874 | |
| 5 | 150 | 458 | 451 | 120 | 421 | |
| 6 | 4625 | 548 | 123 | 354 | 201 | |
| 7 | 254 | 456 | 532 | 594 | 200 | |
| 8 | 4179 | | | | | |
| 9 | | | | | | |

لەم نمونەیەی سەرەوەدا ستوونی ئەی **A** مان كۆكردۆتەوە، و دەمانەوێت ستونەكانی تریش كۆبكەینەوە، بۆیە سەهمی ماوسەكە دەبەینە سەر لێواری ئەو خانەیەی ئەنجامی كۆكردنەوەكەی تێدایە، لەو ئاستەدا كە كەمێك خانەكە دەرچووەو، پەنجەلەسەر كلیك دەدەگرین و بێئەوەی پەنجە لابەبەین ڕای دەكێشین بەرەو لای ڕاست بۆئەوەی ستوونەكانی (بی و سی و دی و ئی) ش كۆبكەینەوە و،لەستوونی ئی **E** دا دەست لەسەر كلیك لادەبەین و، ڕاكێشانیش كۆتای پێدەهێنین:




دووای ڕاكێشانی بەرەو لای ڕاست، هاوكێشەكە كۆپی بووەو، ئێستا دووانەكلیك لەخانەی ئەنجامی ژێرهەرستوونێك دا بكە و پاشان پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەردا، بەمەش هاوكێشەكە بۆهەریەكێك لە ستوونەكان جێبەجێدەبێت:



| | A | B | C | D | E |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لیستی موچەی کارمەندان | | | | |
| 2 | | | | | |
| 3 | | | | | |
| 4 | 25 | 854 | 879 | 852 | 874 |
| 5 | 150 | 458 | 451 | 120 | 421 |
| 6 | 4625 | 548 | 123 | 354 | 201 |
| 7 | 254 | 456 | 532 | 594 | 200 |
| 8 | 5054 | =SUM(B4:B7) | | 5054 | 5054 |
| 9 | | SUM(number1, [number2], ...) | | | |



## کردارەکان و ژمارە گۆڕاوەکان


## Functions

لەبەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ دا، زۆربەی کردارەکان کەبەسەر ژمارەکان دا جێبەجێیان دەکەین ، بەشێوەیەکی تارادەیەك سادە ئەنجام دەدرێت بەهۆی هەندێك فرمانی ئامادەوە، لەبەرنامەکەدا و، هەریەکێك لەم کردارانە لەچەند بەشێك پێکهاتووە، کە ئەمانەن:

1- هێمای یەکسان (=) **Equal Sign**.

2- ناوی کردارەکە **Function Name**.

3- داغڵکەر (ئارگیومێنت) **Argument**.




## کرداری کۆکردنەوە


## Sum

1-لەو خانەی دەتەوێت ئەنجامی کۆکردنەوەی تیادا دابنیێیت کلیك بکە.


2-هێمای یەکسان بنووسە و پاشان بنووسە **sum** و کەوانەی سەرەتا (کردنەوە) بکەرەوە ( بەم شێوەیەی لای خوارەوە:





3-ئەخانانە دیاری بکە، کەدەتەوێت کۆیان بکەیتەوە، ئەویش بە سەلێکت کردن، یان بە نووسینی ناوی یەکەم خانە و دانانی دوونوقتەی سەریەك، و ناوی کۆتا خانە لەدووایە(خانەی کۆتایی کە دەمانەوێ کۆیان بکەینەوە):




4-کەوانە داخەرەوە پەنجەبنێ بە دووگمەی ئینتەر **Enter**دا:



5-ئێستا ئەنجامەکە دەبینین:





## کۆکردنەوەی خودکار


## **Auto sum**

1- لەو خانەی دەتەوێت ئەنجامی کۆکردنەوەی تیادا دابنێیت کلیك بکە.

2-لە تابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمی بچوکەکەی دووگمەی **Function** بکە و، پاشان کلیك لەسەر **Sum** بکە:





3-فەرمانی کۆکردنەوەی خودکار چالاك دەبێت و، ئێستا خانەکان دیاری بکە، کە دەتەوێ کۆی بکەیتەوە، پاشان پەنجەبنێ بە دووگمەی **Enter**دا:




تێبینی: ئەگەر هەر سەرەتا ئەو خانانە دیاری بکەین کە دەمانەوێ کۆیبکەینەوە، خانەیەکی بەتاڵیش لەکۆتاییدا هەبێت لەناو خانە دیاری کراوەکاندا، ئەوا بەکلیك کردن لەسەر **Auto sum** ڕاستەوخۆ ئەنجامەکەمان بۆ دادەنێت.

## تێکرا
## Average


1- ئەو ستونەی دەتەوێت تێکڕاکەی وەربگریت دیاری بکە، بەمەرجێك خانەیەکی بەتاڵ لەکۆتاییی خانە دیاری کراوەکاندا هەبێت.




2- لە تابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمی بچوکەکەی دووگمەی **Function** بکە، و پاشان کلیك لەسەر **Average** بکە:





3- لەخانەکە بەتاڵەکەدا ئەنجامەکە دەبینیت:




## ژماردنی خانەکان (ژمارەکان)

## Count Numbers


1- ئەو ستونەی یان ڕیزەی دەتەوێت ژمارەی خانەکانی بزانییت دیاری بکە ، بەمەرجێك خانەیەکی بەتاڵ لەکۆتایی خانە دیاری کراوەکاندا هەبێت.




2- لە تابی هۆم **Home**دا، کلیك لەسەر سەهمی بچوکەکەی دووگمەی **Function** بکە، و پاشان کلیك لەسەر **Count Numbers** بکە:





3- لەخانەکە بەتاڵەکەدا ئەنجامەکە دەبینیت:




## گەورەترین نرخ

## Maximum Value


1- ئەو ستونەی یان ڕیزەی دەتەوێت گەورەترین نرخی تیا بدۆزیتەوە  دیاری بکە، بەمەرجێك خانەیەكی بەتاڵ لەكۆتایی خانە دیاری كراوەكاندا هەبێت.




2- لە تابی هۆم Homeدا، كلیك لەسەر سەهمی بچوكەكەی دووگمەی **Function** بكە، و پاشان كلیك لەسەر **Max** بكە:





3- لەخانەكە بەتاڵەكەدا ئەنجامەكە دەبینیت:




## بچوکترین نرخ

## Maximum Value


1- ئەو ستونەی یان ڕیزەی دەتەوێت بچوکترین نرخی تیا بدۆزیتەوە دیاری بکە، بەمەرجێك خانەیەكی بەتاڵ لەكۆتایی خانە دیاری كراوەكاندا هەبێت.




2- لە تابی هۆم **Home**دا، كلیك لەسەر سەهمی بچوكەكەی دووگمەی **Function** بكە و، پاشان كلیك لەسەر **Min** بكە:





3- لەخانەكە بەتاڵەكەدا ئەنجامەكە دەبینیت:




## کۆمەڵەی کردارەکان

## Functions Library


کۆمەڵەی کردارەکان لەتابی هاوکێشەکان **Formulas Tab**دا، کەچەند بەشێکی گرنگ لە خۆدەگرێت لەوانە : ژێربێژیی **Logical**، دەق ونووسین **Text**، کات و بەروار **Date & Time** و **Financial**.





※**Insert Function**: بەکاردێت بۆ دانانی کردارەکان، کە بە کلیك کردن لەسەر سندوقی دانانی کردارەکان دەکرێتەوە:





※**Auto Sum**: بەکلیك کردن لەسەری لیستێك دەکرێتەوە کە کرداره باوەکانی تیادایە کە زۆر بەکاردێن وەکو کۆکردنەوە و تێکرا و گەورەترین نرخ و بچوکترین نرخ و .... :




❋ **Recently Used**: بە كليك كردن لەسەر ئەم دووگمەيە ليستێك دەكرێتەوە، كە كۆمەڵێك فرمان و دووگمەی تازە و هەنووكەيی تێدايە:





❋**Financial**:لەم بەشەدا هەموو فرمانەكانی دارايی و، تايبەت بە دارايی تيادايە و، بەهۆيەوە دەتوانين كارە داراييەكان ئەنجام بدەين:




‎*Logical: لەم بەشەدا هەموو ئەو فرمان و دووگمانە لە خۆدەگرێت کە تایبەتن بە بواری لۆجیکی (ژیربێژ) :





‎*Text: لەم بەشەدا هەموو ئەو فرمانانە هەیە کە لەگەڵ دەق (نووسین) دا، کاردەکات و کردارە پەیوەندی دارەکانی دەدە، بۆنمونە گۆڕینی نووسین بۆ پیتی بچووک **Lower**:




※ **Date & Time**: لەم بەشەدا کۆمەڵێك فەرمان و دووگمەهەیە کە تایبەتە بە بەروار و کات :




※**Lookup & Reference**: کردارەکانی ئەم بەشە تایبەتە بە گەڕاندنەوەی ئەنجامەکان بۆ دۆزینەوە و بەدوواداگەڕان و سەرچاوەکان ، بۆنمونە دەتوانین هایپەر لینك بۆ خانەیەك زیاد بکەین:




❊ **Math & Trig**: لەم بەشەدا هەموو ئەوکردارانەی تایبەتە بە ئەژمێرکردن و زانیاری لەسەر گۆشە و سێگۆشەکان جێگەی کراوەتەوە و، تیایدا دامراوە:



※ **More Function**: لەبەشی کرداری زیاتر دا ، چەند بەشێکی تر جێگەی کراوەتەوە ، کە کردارەکانی تایبەت بەم بوارانە لە خۆ دەگرێت:

- **Statistical**: زانستی ژمێرە و ژمێرەکاری.
- **Engineering**: ئەندازیاری.
- **Information**: زانیاری شیکار کراو.
- **Compatibility**: لەگەڵ یەکدا گونجاندن.



## ڕیزکردن

## Sorting

بە دوو شێوە دەتوانین ڕیزکردن ئەنجامبدەین:

1-لە ئەی بۆ زێت **A-to-Z** یان لەکەم بۆ زۆر یان لە بچوك بۆ گەورە.


2-لەی زێت بۆ ئەی **Z-to-A**، یان لە زۆر بۆ کەم، یان لەگەورە بۆ بچووك.

## ڕیزکردنی ئەلف بێ

## Alphabetical Sorting


یەکەم: ڕیزکردن لە ئەی بۆ زێت **A-to-Z**:

1-ئەو ستوونە دیاری بکە **Select** کە دەتەوێت ڕیزی بکەیت.




| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1500$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 450$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 750$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 400$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/196454 | 2500$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 550$ |

2-کلیك لەسەر تابی **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی ڕیزکردن لە ئەی بۆ زێت … بکە:




**دووەم : ڕیزکردن لە زێت بۆ ئەی Z-to-A:**

1-ئەو ستوونە دیاری بکە **Select** کە دەتەوێت ڕیزی بکەیت.




2-کلیك لەسەر تابی **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی ڕیزکردن لە زێت بۆ ئەی بکە:




## ڕیزکردنی ژمارە

## Numerical Sorting


یەکەم: ڕیزکردن لە ژمارەی بچووك بۆ ژمارەی گەورە :

1-کلیك لەناو ئەو خانەیەی ستونەکە بکە کەدەتەوێت ڕیزکردن بکەی بەهۆیەوە :




| | |
|---|---|
| 2 | 110 |
| 3 | 105 |
| 4 | 220-B |
| 5 | 110 |

2-کلیك لەسەر تابی **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی ڕیزکردن لە ئەی بۆ زێت بکە:





3-ئەنجامەکە بەم شێوەیە دەبێت:




| | |
|---|---|
| 2 | 105 |
| 3 | 105 |
| 4 | 105 |
| 5 | 105 |
| 6 | 105 |
| 7 | 105 |
| 8 | 110 |

دووەم : ڕیزکردن لە ژمارەی گەورە بۆ ژمارەی بچووك :

1- كلیك لەناو ئەو خانەیەی ستونەكە بكە كەدەتەوێت ڕیزكردن بكەی بەهۆیەوە :





2- كلیك لەسەر تابی Data بكە و ، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی ڕیزكردن لە زێت بۆ ئەی بكە:




## ڕیزکردن بە پێی بەروار و کات
## Sort by Date or Time

1-کلیك لەناو ئەو خانەیەی ستونەکە بکە کەدەتەوێت ڕیزکردن بکەی بەهۆیەوە :





2-کلیك لەسەر تابی **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی ڕیزکردن لەئەی بۆ زێت بکە، ئەگەر دەتەوێت بەروارەکە یان کاتەکە لە بچوکەوە بۆ گەورە ڕیزببێت و کلیك لەسەر زێت بۆ ئەی بکە، ئەگەر دەتەوێت لە گەورە بۆبچووك ڕیز ببێت:




## ڕیزکردن بە پێی یەکێك لە پێکهاتەکانی خشتەکە

## Sort in the order of your choosing

1-کلیك لەسەر تابی داتا **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی سۆرت **Sort** بکە:





2-دایەلۆگ بۆ کسی تایبەت بە ڕیزکردن دەکرێتەوە، لە بەشی **Sort by**دا، دیاری بکە کە ڕیزکردنەکان بە پێی چ ستوونێك بێت و، لەبەشی **Sort On**دا نرخ **Value**دیاری بکە، چونکە دەمانەوێ بە پێی نرخ ڕیزیان بکەین و، لەبەشی **Order**یشدا، کلیك لەسەر **Custom List** بکە، بۆئەوەی نرخەکان بۆ ئێکسڵ زیاد بکەین:




3-کلیك لەسەر **New List**بکە.


4-یەك بە دووای یەك نرخەکان بنووسە.

5-کلیك لەسەر **Add**بکە:




6-كليك لەسەر Ok بكە.

7-كليك لەسەر Ok بكە، بۆ داخستنەوەی پەنجەرەی سۆرت:




8-دەبینیت ڕیزکردن بە پێی ئەو نرخانەی نووسیومانە ئەنجامدرا:

| T-Shirt Size |
| --- |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Large |
| Large |
| Large |
| Large |
| Large |
| X-Large |
| X-Large |


## ڕیزکردن بە پێی ئایکۆنی خانە، یان ڕەنگی فۆنتا یان ڕەنگی خانە

## Sort by Cell Color, Font Color or Cell Icon

1-کلیك لەسەر تابی داتا **Data** بکە، و پاشان کلیك لەسەر دووگمەی سۆرت **Sort** بکە:



2-دایەلۆگ بۆ کسی تایبەت بە ڕیزکردن دەکرێتەوە، لە بەشی **Sort by**دا، دیاری بکە کە ڕیزکردنەکان بە پێی چ ستوونێك بێت و، لەبەشی **Sort On**دا **Font Color**دیاری بکە، چونکە دەمانەوێ بە پێی ڕەنگی فۆنت ڕیزیان بکەین و، لەبەشی **Order**یشدا، کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە و پاشان دیاری بکە، کە **On Top** بێت یان **On Bottom** :




3-کلیك لەسەر **Ok** بکە.

4-ڕیزکردنەکە بە ئەنجام گەیشت بە پێی ڕەنگ :




| E |
|---|
| **T-Shirt Color** |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Dark Red |
| Heather Grey |
| White |


## ڕیزکردنی چەند ئاست

## Sorting Multiple Levels


1- کلیك لەسەر تابی داتا **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی سۆرت **Sort** بکە:




2- دایەلۆگ بۆ کسی تایبەت بە ڕیزکردن دەکرێتەوە، لە بەشی **Sort by**دا، کلیك لەسەر **Add Level** بکە:




3- ئاستی دووەمیش زیاد دەبێت و بە پێی ئاستی دووەمیش ڕیزکردن ئەنجام بدە:




4-کلیك لەسەر **Ok** بکە:

5-ئێستا ڕیزکردنی فرە ئاست بە ئەنجام گەیشت.

## گۆڕینی شوێنی ئاستەکانی ڕیزکردن


## Change the Sorting Priority

1-کلیك لەسەر تابی داتا **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی سۆرت **Sort** بکە:




2-کلیك لەسەر ئەو ئاستە **Level**ـــــە بکە کەدەتەوێت ڕیزی بکەیتەوە شوێنەی بگۆڕیت، واتە دیاری **Select** بکە.

3-بەهۆی دووگمەکانی جولاَندن بۆ سەرەوە **Move Up** و جولاَندن بۆ خوارەوە **Move Down** شوێنی ئاستەکە بگۆڕە:




4-کلیك لەسەر **Ok** بکە.

## جیاکردنەوە و دابەشکردن بە پێی زانیارییەك


دەمانەوێت لە خشتەکەدا، بەپێی حەجمی تی شێرتەکان، بۆمان جیابکاتەوە و پێمان بڵێت کە چەند دانەمان بچوکە **Small** و چەند دانەمان گەورەیە **Large** و بەوشێوەیە:

1-ریزکردن **Sort** بکە، بۆئەوەی ستونەی دەتەوێت بەهۆیەوە جیاکردنەوەکە ئەنجام بدەیت.


| F |
|---|
| **T-Shirt Size** |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Large |
| Large |
| Large |
| Large |
| Large |
| X-Large |

2- کلیك لەسەر تابی داتا بکە **Data**.

3-کلیك لەسەر **Subtotal** بکە:



4-ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە ئەو ستونە دیاری بکە کە دەتەوێت پاشان ئەو کردارەی بە کاری دەهێنیت دیاری بکە، کە ئێمە **Count** هەڵدەبژێرین و، لە **Add Subtotal to** دا، ئەو ستونە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت ئەنجامەکەی تیا دابنێین و کلیك لەسەر **Ok** دەکەین:




5-ئەنجامەکە بەم شێوەیە دەبێت:


| F |
|---|
| **T-Shirt Size** |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| Small |
| 8 |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| Medium |
| 10 |

## پیشاندان و شاردنەوەی گروپ


## Show or Hide Group

دووای ئەنجامدانی کردارەکەی پێشوو، خشتەکە دابەشبوو بۆچەند گروپێك و، دەتوانین بە شێوەی گروپ پیشانیان بدەین یان بیان شارینەوە:

1-بۆ شاردنەوە کلیك لەسەر هێمای **Hide Detail** بکە، کە هێماری لێدەرکردنە (-) لە ئاست ئەو ڕیزەی ئەنجامەکەی تیادایە، لە کردارەکەی پێشوودا:





2-بۆ پیشاندان کلیك لەسەر هێمای **Show Detail** بکە، کە هێماری کۆیە (+) لە ئاست ئەو ڕیزەی ئەنجامەکەی تیادایە، لە کردارەکەی پێشوودا:




## پیشاندانی گروپ بە پێی ئاستەکان

## View Groups By Level


ئەگەر چەند ئاستێکمان هەبێت ئەوا دەتوانین گروپەکان پیشان بدەین بە پێی ئاستەکان، بە کلیك کردن لەسەر ناوی ئاستەکە:




بۆپیشاندانی ئاستی دووەم کلیك لەسەر دوو بکە:




بۆ پیشاندانی گروپ بە پێی ئاستی یەکەم کلیك لەسەر یەك بکە:




## لابردنی گروپ و سەب تۆتاڵ

## Remove Group and Subtotal

1-ئەو ڕیزانە یان ستوونانە دیاری بکە کە دەتەوێ گروپەکەی لابەیت.

| | C | D | E | F |
|---|---|---|---|---|
| 1 | **Last Name** | **Payment** | **T-Shirt Color** | **T-Shirt Size** |
| 2 | Yaron | 7-Oct | Dark Red | Small |
| 3 | Naser | 14-Oct | Dark Red | Small |
| 4 | Ellison | Pending | Dark Red | Small |
| 5 | White | 7-Oct | Heather Grey | Small |
| 6 | Reynolds | 7-Oct | Heather Grey | Small |
| 7 | Shaw | 7-Oct | Heather Grey | Small |
| 8 | Peyton-Gomez | Pending | White | Small |
| 9 | Lazar | 14-Oct | White | Small |
| 10 | | | **Small Count** | 8 |
| 11 | Chen | 5-Oct | Dark Red | Medium |
| 12 | Kelly | 11-Oct | Dark Red | Medium |
| 13 | Means | 5-Oct | Dark Red | Medium |
| 14 | Bell | 11-Oct | Dark Red | Medium |
| 15 | Albee | 13-Oct | Heather Grey | Medium |
| 16 | Kelly | 11-Oct | Heather Grey | Medium |
| 17 | Benson | 11-Oct | White | Medium |

2-کلیك لەسەر تابی داتا **Data** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Ungroup** بکە:




تێبینی: ئەگەر کلیك لەسەر سەھمە بچوکەکەی **Ungroup** بکەین، دوو ھەڵبژاردن دەبینین:

⁕**Ungroup**: بۆ لابردنی گروپ.

⁕ **Clear Outline**: بۆلابردن و پاککردنەوەی ئاوت لاین.


## لابردنی گرووپەکانی زانیاری و سەبتۆتاڵ

## Ungrouping Data And Remove Subtotal

1-کلیك لەسەر تابی داتا بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی سەب تۆتاڵ **Subtotal** بکە.

3-کلیك لەسەر **Remove All**بکە و بەمەش گرووپەکان لادەچن:




## دروست کردن و دەست بەسەراگرتنی گرووپی خۆت

## Create and Control Your Own Group


1-ئەو ماوەی خانە (ڕیز و ستوون) دیاری بکە، کە دەتەوێت بیکەیتە گرووپێك:

A1 | fx | Hemn Karim Ahmad

| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1500$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 2500$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 400$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 450$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 750$ |
| 7 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/1964 | 550$ |

2-كليك لەسەر تابی داتا **Data** بكە.


3-كليك لەسەر دووگمەی گروپ **Group**بكە:




4-كليك لەسەر ستوون **Column** يان ڕيز **Row** بكە:





5-كليك لەسەر دووگمەی **Ok** بكە و بەمەش گروپێك دروست بوو:




| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1500$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 2500$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 400$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 450$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 750$ |
| 7 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/1964 | 550$ |

6-بۆ شاردنەوەی ئەو گرووپەی دروستمان کرد کلیك لەسەر **Hide Detail** بکە، کە هێمای کەم (-)ـــــە:




| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1500$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 2500$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 400$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 450$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 750$ |
| 7 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/1964 | 550$ |

7-بەم شێوەیە شاردرایەوە:



| | C | D |
|---|---|---|
| 1 | 1500$ | |
| 2 | 2500$ | |
| 3 | 400$ | |
| 4 | 450$ | |
| 5 | 450$ | |
| 6 | 750$ | |
| 7 | 550$ | |

8- ئێستا بۆ پیشاندانەی گرووپەکە، کلیك لەسەر **Show Detail** بکە، یان کلیك لەسەر ژمارە دوو بکە:




# فلتەر کردن

# Filtering Data


1-ڕیزە خانەی ناونیشانی ئەو ستونانە دیاری بکە ، کە دەتەوێت بەشی پاڵاوتن **Filter** ی بۆ دابنێیت.

2-کلیك لەسەر تابی داتا بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Filter** بکە :





4-بەمەش لیستی فلتەر دەردەکەوێت:




| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1500$ |
| 2 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 2500$ |
| 3 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 400$ |
| 4 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 450$ |
| 5 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 6 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 750$ |
| 7 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/1964 | 550$ |


5-بەكليك كردن لەسەر سەهمە بچوكەكەی ليستی فلتەر دەتوانين ڕيز كردن بەهەموو شێوەكانييەوە ئەنجامبدەين، يان بە لابردنی نيشانەكەی ناو بەردەم هەر ڕيزێك ئەو ڕيزە لابەين لە خشتەكەدا و، بە پێچەوانەشەوە:




## فلتەر كردنی پێشكەوتوو

## Advanced Filter

دەتوانيت بەهۆی بەشی گەڕان **Search** فلتەر بكەيت، ئەويش بە كليك كردن لەسەر سەهمی ليستی فلتەر و پاشان نووسينی ئەو زانيارييەی بەشوێنيا دەگەڕێيت:




## بەکارهێنانی فلتەری پێشکەوتوو بۆ ژمارە


1-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی لیستی فلتەر بکە لە ستوونی ژمارەدا.

2-سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Number Filters**.

3- دەتەوێت بە پێی ژ کردارێك فلتەر بکەیت سەهمی ماوسەکەی ببەرە سەر و کلیکی لەسەر بکە، ئێمە دەمانەوێت نێوانی دوو ژمارەمان بۆ فلتەر بکات بۆیە، کلیك لەسەر **Between** دەکەم:




4-ئەم ڕووکارە دەکرێتەوە و تیایدا ئەو نێوانە دیاری بکە، کەدەتەوێت بۆت فلتەر بکات و، پاشان کلیك لەسەر **Ok** بکە:



5-بەمەش هەموو ئەو ژمارانەی لە نێوان (3000) و (4000)دایە فلتەر دەکرێت.


## شێوە و ڕێکخستنی خشتە

## Formatting as Table

1-ئەو خانانە دیاری بکە، کە دەتەوێت شێوەیەکی پێبدەیت و ڕێکی بخەیت.


2-کلیك لەسەر تابی هۆم **Home** بکە.

3-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی ستایلەکان **Styles** بکە:





4-کلیك لەسەر **Format as Table** بکە.

5-کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکان بکە:



4-ئەم ڕووكارەی خوارەوە دەردەكەوێت كە بەهۆیەوە ئەو خانانە دیاری دەكەین كە دەمانەوێ شێوەكەی پێبدەین، بەلاَم ئێمە هەموو شیتەكەمان دەوێت بۆیە كلیك لەسەر **Ok** دەكەین:





## دەستكاری كردن و گۆڕینێكی كەمی خشتەكان
## Modifying Tables

لە چەند بە شێكدا، بەكورتی باسی گۆڕینەكەمەكان دەكەین كە دەتوانین بەسەر خشتەكاندا، جێبەجێیبكەین:


### زیادكردنی ڕیزەكان و ستونەكان
### Add Rows and Columns

1-كلیك لەسەر یەكێك لەخانەكانی خشتەكە بكە.


2-دەبینیت تابی **Design** زیاد بووە، كلیكی لەسەر بكە:





3-كلیك لەسەر دووگمەی **Resize Table** بكە:



4-ڕووكاری Resize Tableدەكرێتەوە، كلیك لەسەر دووگمە سوورە بچوكەكە بكە و ، خشتەكە دیاری بكە و كلیك لەسەر دووگمە سوورەكە بكەرەوە و پاشان كلیك لەسەر Ok بكە:




دوای كلیك كردن لەسەر دووگمە سوورەكە سنوقی Resize Table بەم شێوەیەی لێدێت، و خشتەكە دیاری بكە و كلیك لەسەر دووگمە سوورەكە بكەرەوە :





كلیك لەسەر Ok بكە:



# گۆڕینی شێوەی خشتە
# Change Table Style


1-کلیك لەسەر یەكێك لەخانەكانی خشتەكە بكە.

2-دەبینیت تابی Designزیاد بووە، كلیكی لەسەر بكە:




3-كلیك لەسەر Quick Style بكە.

4-كلیك لەسەر یەكێك لە شێوەكان بكە:




## گۆڕینی هەڵبژاردنەکانی شێوەی خشتە


## Change Table Style Options

1-کلیك لەسەر یەکێك لەخانەکانی خشتەکە بکە.

2-دەبینیت تابی **Design** زیاد بووەو، کلیکی لەسەر بکە:




3-بەکلیك کردن لەسەر چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم هەر یەکێك لە تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی خشتە گۆڕان لە خشتەکەدا دروست دەبێت، وەکو ڕیزی سەرە **Header Row** کە بە کلیك کردن لەناو چوار گۆشە بچوکەکەدا ڕیزی سەرەمان دەبێت و، بە دوو بارە کلیك کردنەوە لابردنەوەی هێمای ڕاست، ڕیزی سەرە لادەچێت، بۆ ئەوانی تریش بەهەمان شێوەیە و، کلیك لەسەر هەریەکەیان بکە و، سەرنج لە گۆڕانکاری سەر ڕووی خشتەکە بدە:




## پیاچوونەوەو دابەشکردنی ۆرك بووك


## Reviewing and Sharing Workbooks

لەچەند بەشێك دا و، زۆربەکورتی باسی هەموو ئەو بەشانە دەکەین کە بۆ پێداچوونەوە، دابەشکردنی ۆرکبووك زۆر گرنگە:

## زیاد کردن و سڕینەوەی سەرنج و تێبینی


## Adding And Deleting Comment

1-کلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە ، کەدەتەوێت سەرنج و تێبینی بۆ بنووسیت:




| 1 | Name | Age | Salary |
|---|---|---|---|
| 2 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1500$ |
| 3 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 2500$ |
| 4 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 400$ |
| 5 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 450$ |
| 6 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 750$ |
| 8 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/1964 | 550$ |

2-کلیك لەسەرتابی پیاچونەوە **Review** بکە و، پاشان کلیك لەسەر **New Comment** بکە:





3-پاشان سەرنج و تێبینییەکە بنووسە:





| | A | B | C |
|---|---|---|---|
| 1 | Name | Age | Salary |
| 2 | Hemn Karim Ahmad | | 00$ |
| 3 | Savo Bextyar Mehmud | | 00$ |
| 4 | Shanya Ahmad Karim | | 0$ |
| 5 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 450$ |
| 6 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 750$ |
| 8 | Ahmad Karim Ahmad | 1/8/1964 | 550$ |

4-هەر خانەیەك كە سەرنج و تێبینی بۆ دانرابێت، لەسوچی لای سەرەوەیدا هێمایەك هەیە كە نیشانەی بوونی سەرنج و تێبینییە و، پێی دەڵێن: دیاری كەر و پشنەر **Indicator**.




5-هەر خانەیەك كەسەرنج و تێبینی بۆ دانرابێت كە سەهمی ماوسەكەی دەەینە سەر سەرنج و تێبینی یەكە دەردەكەوێت:





## دەستكاری كردن و پوختەكردنی سەرنج و تێبینی

## Edit Comment

1-كلیك لەناو ئەو خانەیە بكە كە كۆمێنتەكەی تێدایە.

2-كلیك لەسەر تابی **Review** بكە.

3-كلیك لەسەر دووگمەی **Edit Comment** بكە و دەستكاری سەرنج و تێبینی یەكە بكە:




## سڕینەوەی کۆمێنت
## Delete Comment

1-کلیك لەناو ئەو خانەیە بکە کە کۆمێنتەکەی تێدایە.

2-کلیك لەسەر تابی **Review** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی سڕینەوە **Delete**بکە:





## پیشاندانی کۆمێنتی دوواتر
## Previous Comment

1-کلیك لەناو ئەو خانەیە بکە کە کۆمێنتەکەی تێدایە.

2-کلیك لەسەر تابی **Review** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی سڕینەوە **Previous** بکە:





## پیشاندانی کۆمێنتی دوواتر (داهاتوو)
## Next Comment

1-کلیك لەناو ئەو خانەیە بکە کە کۆمێنتەکەی تێدایە.

2-کلیك لەسەر تابی **Review** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی سڕینەوە **Delete**بکە:





**پیشاندان یان شاردنەوەی کۆمێنت**

**Show/Hide Comment**

1-کلیك لەناو ئەو خانەیە بکە کە کۆمێنتەکەی تێدایە.

2-کلیك لەسەر تابی **Review** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Show/Hide Comment** بکە:





**پیشاندانی هەموو کۆمێنتەکان**

**Show All Comment**

1-کلیك لەسەر تابی **Review** بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی **Show All Comment** بکە:




# پشکنینی هەڵەی ڕێنووس
# Check Spelling


1-كلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە، کە دەتەوێت پشکنینی بۆ بکە.

2-كلیك لەسەر تابی **Review**بکە.

3-كلیك لەسەر **Spelling**بکە:




4-ئەم بۆکسەی خوارەوە دەکرێتەوە و بەپێی پێویست هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدە، وەکو باس کراوە:




- **Ignore once**: بەكلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە هەڵەی یەکەم فەرامۆش دەکات و دەچێتە سەر هەڵەی دووەم.
- **Ignore All**: بەكلیك كردن لەسەر ئەم دووگمەیە هەمووی فەرامۆش دەکات.
- **Add to dictionary**: بەهۆیەوە وبە كلیك كردن لەسەری وشەکە بۆ فەرهەنگەکە زیاد دەکەین.

- **Change**: ئەم دووگمەیە بۆ گۆڕین بەکاردێت، دوای ئەوەی کلیك لەسەر پێشنیارە ڕاستەکە دەکەین.
- **Change All**: ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ هەموو گۆڕینەکان .
- **AutoCorrect**: بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی (خودکار ) هەڵەکان ڕاست دەبێتەوە.

## بەکارهێنانی Document Inspector


بۆ ئامادەکردنی ژرۆ بووكێك Workbooks بۆ دابەش کردن Share ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکەین:

1- کلیك لەسەر تابی فایل File بکە.


2- کلیك لەسەر Info بکە.

3- کلیك لەسەر Check For Issues بکە.


4- کلیك لەسەر Inspect Document بکە.



5- كليك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەى بەردەم هەريەكێك لەو پێكهاتانە بكە كەدەتەوێت پشكنينى بۆبكەيت و بەوردى سەيرى بكەيت **Inspect**:




6- ڕووكارێك دەردەكەوێت و كليك لەسەر دووگمەى **Remove** بكە بۆ لابردنى هەربەشێك بتەوێت لاى ببەيت ......



# پارێزگاری کردنی ژۆرك بوكەكەت


# Protect Your Workbooks

1- كلیك لەسەر تابی فایل **File** بكە.


2- كلیك لەسەر **Info** بكە.

3- كلیك لەسەر **Protect Workbook** بكە.


4- كلیك لەسەر **Mark as Final** بكە:




5- كلیك لەسەر **Ok** بكە:




6- دایەلۆگ بۆكسێكی تر دەردەكەوێت و كلیك لەسەر **Ok** بكە:





## بەكارهێنانی قاڵب

## Using Template

1-كلیك لەسەر تابی فایل **File** بكە.


2-كلیك لەسەر **New** بكە.

3-كلیك لەسەر **Sample Template** بكە.





4-كلیك لەسەر یەكێك لە قاڵبەكان بكە.

5-كلیك لەسەر **Create** بكە.



6-قاڵبەکە کرایەوە و دەتوانی بەکاری بهێنیت:



## شێوەو ڕێکخستنی مەرجدار

## Conditional Formatting

دەتوانین شێوە و ڕێکخستنێکی دیاری کراو بەکاربهێنین بۆ خانەکان بە پێی مەرجێکی دیاری کراو، بۆنمونە ئەو خانانەی نرخەکانین لە 500 گەورەترە ڕەنگی سووربێت و، ئەوانەی لە 500 بچوکترە ڕەنگی خانەکانی سەوز بێت و بەو شێوەیە:

1- کلیك لەسەر ئەو خانانە بکە کەدەتەوێت مەرجیان بۆ دابنێیت و بەپێی مەرجەکە ڕێکیان بخەیت،واتە خانەکان دیاری **Select** بکە.


2- کلیك لەسەر تابی هۆم **Home** بکە.

3- کلیك لەسەر دووگمەی شێوە **Style** بکە.


4- کلیك لەسەر **Conditional Formatting** بکە.

5- سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر بەشی **Highlight Cell Rule**.

6- کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکانی مەرج بکە، بۆنمونە گەورەتر لە **Greater Than**:



7-ئەم سنوقەی خوارەوە دەکرێتەوەو دیاری بکە، کە ئەو خانانەی لەچەند گەورەتربێت ڕەنگیان بکات و، پاشان ڕەنگێك هەڵبژێرە و، کلیك لەسەر **Ok** بکە:




8- دەبینین ئەو خانانەی مەرجەکەیان بەسەردا جێبەجێدەبێت بوو بەڕەنگی زەرد:

| | | | |
|---|---|---|---|
| $9,355.00 | $1,100.00 | $10,185.00 | $18,749.00 |
| $6,702.00 | $2,116.00 | $13,452.00 | $8,046.00 |
| $4,415.00 | $1,089.00 | $4,404.00 | $20,114.00 |
| $11,601.00 | $1,122.00 | $3,170.00 | $10,733.00 |
| $3,726.00 | $1,135.00 | $8,817.00 | $18,524.00 |
| $9,007.00 | $2,113.00 | $13,090.00 | $13,953.00 |
| $4,505.00 | $1,024.00 | $3,528.00 | $15,275.00 |
| $3,973.00 | $1,716.00 | $4,839.00 | $13,085.00 |

## شێوەی مەرج داری تر

## More Conditional Formatting

جگەلەو شێوەیەی لەسەرەوە باسمان کرد، چەند شێوەیەکی دیکەی مەرجمان هەیە، کە بەکورتی باسیان دەکەین:

※ **Data Bars**: شریتەکانی زانیاری: ئەم شریتانە بە شێوەیەکی ئاسۆییانە بۆ خانەکان زیاد دەکرێت وەکو گرافی شریت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| $3,863.00 | $1,117.00 | $8,237.00 | $8,690.00 |
| $9,355.00 | $1,100.00 | $10,185.00 | $18,749.00 |
| $6,702.00 | $2,116.00 | $13,452.00 | $8,046.00 |
| $4,415.00 | $1,089.00 | $4,404.00 | $20,114.00 |

*Color Scales: **گۆڕین ڕەنگی هەریەکێك لەخانەکان دەبێت بە پێی ئەو نرخەی تێیدا، کە دوو یان سێ ڕەنگ بەکاردەهێنێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| $3,863.00 | $1,117.00 | $8,237.00 | $8,690.00 |
| $9,355.00 | $1,100.00 | $10,185.00 | $18,749.00 |
| $6,702.00 | $2,116.00 | $13,452.00 | $8,046.00 |
| $4,415.00 | $1,089.00 | $4,404.00 | $20,114.00 |

*Icon Set: **کۆمەڵێك ئایکۆن زیاد دەبێت بۆهەریەکێك لەخانەکان :

| | | | |
|---|---|---|---|
| $3,863.00 | $1,117.00 | $8,237.00 | $8,690.00 |
| $9,355.00 | $1,100.00 | $10,185.00 | $18,749.00 |
| $6,702.00 | $2,116.00 | $13,452.00 | $8,046.00 |
| $4,415.00 | $1,089.00 | $4,404.00 | $20,114.00 |


دانانی هەریەکێك لەم سێ شێوەیەی سەرەوە ، دووای دیاری کردنی خانەکان **Selected**، بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە دەبێت:

1- کلیك لەسەر تابی هۆم **Home**بکە.

2- کلیك لەسەر **Style** بکە.

3- کلیك لەسەر **Conditional Formatting**بکە.

4- سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Data Bar** و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر یەکێك لە شێوەکان و کلیکی لەسەر بکە:



## لابردنی شێوەی مەرج دار

## Remove Conditional Formatting


1-خشتەکە دیاری **Select** بکە.

2-کلیك لەسەر تابی هۆم **Home**بکە.

3-کلیك لەسەر **Style** بکە.

3-کلیك لەسەر **Conditional Formatting**بکە.

4-سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Clear Rule** و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر **Clear Rule From Entire Sheet** و کلیکی لەسەر بکە:




## دروست كردنی خشتەكانی پایڤۆت

## Create Pivot Tables


1- ئەو خشتەیە ، یان خانانە دیاری بكە(واباشترە ڕیزە خانەی سەرەی تیابێت).

2- كلیك لەسەر تابی داتان (تێخستن – خستنەناو ) **Insert** بكە.


3- كلیك لەسەر دووگمەی **Pivot Table**بكە:




4- ئەم ڕووكارەی خوارەوە دەردەكەوێت، دووای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان، كلیك لەسەر **Ok** بكە:





5- خشتەیەكی پایڤۆتی بەتاڵ **Blank Pivot Table** لای چەپەوە دروست بووە لەگەڵ لیستی ستونەكان **Column Lists** لای ڕاست:




## زیاد کردنی ستوون بۆ خشتەکە

## Add Column To Pivot Table


لە بەشی لیستی ستونەکاندا، کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم ناوی هەر ستوونێك بکە و، بەمەش ستونەکە زیاد دەبێت بۆ خشتەی پایڤۆت:




## گۆڕینی ناونیشانی ڕیزەکان

## Change the Row Labels

1- ناونی ئەو ستوونەی دەتەوێ لای ببەیت ڕابکێشە بۆ دەرەوە بەمەش ناوی ناونیشانی ڕیزەکە لادەچێت:




2-کلیکلەسەر ناوی ستوونێك بکە و ڕایبکێشە بۆناو خانەی ناونیشانی ڕیز:



3-خشتەكە گۆڕاو زانیاری نوێ ی تیا دەركەوت:

| Row Labels | Sum of Order Amount |
|---|---|
| January | $9,090.00 |
| February | $9,160.00 |
| March | $5,315.00 |
| **Grand Total** | **$23,565.00** |

زیاد كردنی ناونیشانەكانی ستوونیش **Column Labels** هەر بەهەمان شێوەیە، بەڵام كارەكان بۆ ناونیشانی ستوون **Column Labels** ئەنجامدەدرێت.


## بەكارهێنانی **Slicer**

بەكارهێنانی **Slicer** لە مایكرۆۆفت ئێكسڵی 2010دا، بۆ مەبەستی ئاسانكردنی فلتەری زانیاری دانراوە:


1-كلیك لەناو یەكێك لەخانەكانی خشتە پایڤۆت بكە.

2-كلیك لەسەر تابی هەڵبژاردنەكان **Option** بكە.


3-كلیك لەسەر دووگمەی **Slicer**بكە:




4- ئەم ڕووكارەی خوارەوە دەكرێتەوە ، كام ستونەت دەوێت بیهێنیتە سەر شاشەكە كلیك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەمی بكە، و پاشان كلیك لەسەر **Ok** بكە:



5- بەمەش ر **Slicer** دەردەكەوێت، كە كارئاسانی دەكات بۆ ئەنجامدانی فلتەر كردن و، بەكليك كردن لەسەر هەر ڕيزێك فلتەر دەبێ و بەو شێوەيە:



| Sum of Order Amount | Column Labels | | |
|---|---|---|---|
| Row Labels | South | West | Grand Total |
| January | $2,010.00 | $3,150.00 | $5,160.00 |
| February | $3,740.00 | $1,515.00 | $5,255.00 |
| March | $3,190.00 | $525.00 | $3,715.00 |
| Grand Total | $8,940.00 | $5,190.00 | $14,130.00 |



## هێڵكارييەكانی پايڤۆت


## Pivot chart

1- هەر خانەيەك لەخانەكانی خشتەی پايڤۆت دياری بكەيت، تابی هەڵبژاردنەكان **Options** دەردەكەوێت.

2- كليك لەسەر تابی هەڵبژاردنەكان **Options** بكە.


3- كليك لەسەر دووگمەی **Pivot Chart** بكە.

4- دايەلۆگ بۆكسی دانانی هێڵكاری **Insert Chart** دەكرێتەوە، كليك لەسەر يەكێك لە شێوەكانی هێڵكاری بكە و، پاشان كليك لەسەر **Ok** بكە:




5-بەهۆیەوە هێڵکارییەك دروست بوو :

| Sum of Order Amount | Column Labels | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Row Labels | East | North | South | West | Grand Total |
| January | $1,690.00 | $1,140.00 | $3,110.00 | $3,150.00 | $9,090.00 |
| February | $1,950.00 | $1,720.00 | $3,975.00 | $1,515.00 | $9,160.00 |
| March | $700.00 | $300.00 | $3,790.00 | $525.00 | $5,315.00 |
| **Grand Total** | **$4,340.00** | **$3,160.00** | **$10,875.00** | **$5,190.00** | **$23,565.00** |





## چاپکردن
## Print

1-کلیك لەسەر ئەو شیتە بکە کەدەتەوێت خشتەکەی ناوی چاپ بکەیت.





2-کلیك لەسەر تابی فایل **File**بکە.

3-کلیك لەسەر **Print** بکە:



4-بەپێی پێویست هەڵبژاردنەکان لە Settingدا، ئەنجام بدە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Print بکە:




هەڵبژاردنەکانی چاپ کردن Printing Options لەم خشتەیەی خوارەوەدا، روون دەکەینەوە:

| | |
|---|---|
| **Copies** | دیاری کردنی ژمارەی دانەکان، واتە چەند دانەت بۆ چاپ بکات لەو دۆکۆمێنتەی دەتەوێ چاپی بکەیت. |
| **Printer** | لێرەدا حاڵەتی چاپکەرەکە دیاری بکە و، ناوی پرنتەرەکە هەڵبژێرە کە دەتەوێ فایلەکەی پێچاپ بکەیت |
| **Print Range** | لەم بەشەدا، دیاری دەکەین کە ئایا هەموو شیتەکان چاپ بکات یان تەنها ئەوەی دیاری کراوە Print Selection یان خشتە دیاری کراوەکە Print Selected Table، یان شیتی چالاك Print Active Sheet کە ئێمە ئەمەیان هەڵدەبژێرین |
| **Pages** | لەم بەشەدا، ئەو لاپەرانە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت بۆمان چاپ بکات، بۆنمونە لە لاپەرە دە تا بیست کە بەم شێوە دەینووسین 10-20 یان لاپەرە دە و یانزە کە بەم شێوەیە دەینووسین 10-11. |


| | |
|---|---|
| **Collated or Uncollated** | ئەگەر بمانەوێت یەك نووسخەمان بۆ چاپ بکات لە لاپـەڕەی یەکەمـەوە تـا کۆتـای و پاشـان نووسـخەکانی تـر ، ئـەوا کلیـك لەسـەر **Collated** دەکەین، و بە پێچەوەنەشەوە |
| **Orientation** | ئاڕاستە و لای لاپەڕەکە دیاری دەکەین کە ئایا لەباری درێژی **Portrait** بێت، یان لەباری پانی **Landscape** بێت |
| **Paper Size** | بەکاردێت بۆ دیاری کردنی حەجم و جۆری ئەو لاپەڕەی دۆکۆمێنتەکەی لەسەر چاپ دەکەین. |
| Margin | بەکاردێت بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە شێوەکانی چواردەوری لاپەڕە، کە سێ شێوەیە، ئەوانیش : ئاسایی **Normal**، و پان **Wide** و باریك **Narrow**، یاخود خۆمان چوار دەورێکی پێدەدەین بەهۆی بەشی **Custom Margins**وە. |
| Scaling | بەکاردێت بۆ گەورەکردن و بچوك کردنەوەی لاپەڕەکان |
| Page Setup | بەکاردێت بۆ ڕێکخستنی چوار دەورە لاپەڕە و شێوەو جۆری لاپەڕە و دانـانی سەرە **Header** و ژێرە **Footer** و ..... . |
| Show Print Preview | بەکاردێت بۆ پیشاندانی شیتەکە پێش چاپکردنی بۆ ئەوەی بزانین لە چاپدا، چۆن دەردەچێت. |
| Print | بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە چاپ کردن بە ئەنجام دەگات. |

# بەشی چوارەم

# هێڵکاری

# Chart


هێڵکاری **Chart** بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییە شیکار کراوە نووسراوەکان، بەشێوەی وێنە و، گرنگ و بایەخێکی زۆری هەیە لە بەرنامەی ئێکسڵ و بەرنامەکانی تریشدا، بۆمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر .




جۆرەکانی چارت

## Types of Chart


※**Column**: ئەم جۆرەی هێڵکاری بە شێوەی ستونە و، زانیارییەکان لە چەند ستوونێکدا ڕێکدەخات و پیشانی دەدات، کە شێوەیەکی سادەیە و، بۆ پیشاندانی زۆربەی زانیارییەکان گونجاوەو بەکاردێت، وە چەند شێوەیەکی هەیە، وەکو سێ ڕەهەندی (دووری) **3D** و هەرەمی **Pyramid** و ................ .





※**Line**: ئەم جۆرەی هێڵکاری بە شێوەی هێڵە **Line** و، زانیارییەکان بە شێوەی خەت (هێڵ) پیشان دەدات:




※ **Pie**: ئەم جۆرەی هێڵکاری بە شێوەی پایە، کە بازنەیەکە و دابەش دەبێت بۆ چەند بە شێك (قاشێك) بە گوێرەی ئەو زانیارییەی دەمانەوێ بیکەین بە هێڵکاری:





※**Bar**: هێڵکاری لەم جۆرەدا بە شێوەی شریت دەبێت لە باری ئاسۆیی و، زانیارییەکان بەو شێوەیە پیشان دەدرێت، وەکو لە وێنەکەدا، دیارە:





※**Area**: پیشاندانی زانیاری لەم جۆرەدا بە شێوەی ڕووبەری دەبێت و پیشان دەدرێت:




※**Surface**: پیشاندانی زانیاری بەشێوەی ڕوویەك دەبێت و، تایبەتە بە زانیاری زۆر، کە تیایدا گەورەترین نرخ و بچوك ترین نرخ دەردەکەوێت و، لەجۆری **3-D Landscape** دا، دەبێت:





## پێکهاتە و بەشەکانی چارت
## Parts of Chart





1- ناونیشانی چارت **Title** کە ئاماژە بۆ زانیاری ناو چارتەکە:




2-هێڵکاری زنجیرەی زانیاری **Data Series** کە چەند خاڵێکی یەك بە دوایەکن و ڕوونکردنەوەی زانیارییەکەیە لە هێڵکارییەکەدا:




3-تەوەری ستوونی **Vertical Axis** کە زیاتر بە تەوەرەی وای **Y Axis** ناسراوە و، بەشی ستوونی چارتەکەیە و، لەم نموونەدا ستونی چارتەکەیە و، پێوانەکانی بەرزی یان نرخەکانی ستوونەکەیە




4-تەوەرەی ئاسۆیی **Horizontal Axis**کە زیاتر بەتەوەرەی ئێکس **X Axis** ناسراوە و، بەشی ئاسۆیی هێڵکارییەکەیە:




5-بەشی پێنجەم **Legend**ـــــە و، تایبەتە بە دیاری کردنی ڕەنگی پێکهاتەی چارتەکە و، هەر زانیارییە و ڕەنگێکی دەبێت و، پێمان دەڵێت کە کام زانیارییە و کامە ڕەنگەی هەیە:




## دروست کردنی چارت

## Create a Chart


1- ئەو خانانە دیاری بکە **Select** کە دەتەوێت هێڵکاری بۆ دروست بکەیت، کە ناونیشانی ستونەکان **Column Titles** و ناونیشانی ڕیزەکان **Rows Labels** یش لە خۆبگرێت ئەو دیاری کردنە:




| | A | B | C | D | E | F |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Genre | 2006 | 2007 | 2008 | 2009 | 2010 |
| 2 | Young Adult | $35,358.00 | $42,685.00 | $20,893.00 | $16,065.00 | $21,388.00 |
| 3 | Classics | $18,580.00 | $49,225.00 | $16,326.00 | $10,017.00 | $26,134.00 |
| 4 | Mystery | $78,970.00 | $82,262.00 | $48,640.00 | $49,985.00 | $73,428.00 |
| 5 | Romance | $94,236.00 | $131,390.00 | $79,022.00 | $71,009.00 | $81,474.00 |
| 6 | Sci-Fi & Fantasy | $16,730.00 | $19,730.00 | $12,109.00 | $11,355.00 | $17,686.00 |
| 7 | | | | | | |

2-کلیك لەسەر تابی تیاداانان و خستنە ناو **Insert** بکە.


3-لە گرووپی هێڵکارییەکان **Chart Groups**دا، کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکانی چارت بکە، بۆنمونە شێوەی ستوونی **Column Chart**.



4-كليك لەسەر يەكێك لە شێوەكان بكە:




5-چارتەكە دەردەكەوێت:




| Genre | 2006 | 2007 | 2008 | 2009 | 2010 |
|---|---|---|---|---|---|
| Classics | $18,580.00 | $49,225.00 | $16,326.00 | $10,017.00 | $26,134.00 |
| Mystery | $78,970.00 | $82,262.00 | $48,640.00 | $49,985.00 | $73,428.00 |
| Romance | $94,236.00 | $131,390.00 | $79,022.00 | $71,009.00 | $81,474.00 |
| Sci-Fi & Fantasy | $16,730.00 | $19,730.00 | $12,109.00 | $11,355.00 | $17,686.00 |
| Young Adult | $35,358.00 | $42,685.00 | $20,893.00 | $16,065.00 | $21,388.00 |



## ئامرازەكانی چارت

## Chart Tools

زۆر ئامرازی تايبەتمان هەيە بۆ چارتەكان كەبەهۆيەوە گۆڕانكاری دەكەين و، هێڵكارييەكان دەگۆڕين يان دەستكاريیان دەكەين، يان نوێيان دەكەينەوە و، ئەم ئامرازانەش لەچەند تابێكدا دانراون،وەكو




## گۆڕینی جۆرەکانی چارت

## Change the Chart Type


1- کلیك لەسەر ئەو چارتە بکە کەدرووستمان کرد.

2- کلیك لەسەر تابی **Design** بکە.

3- کلیکلەسەر دووگمەی **Change Chart Type** بکە.





4- بەشی تایبەت بە گۆڕینی جۆری چارت **Change Chart Type**دەکرێتەوە، کلیك لەسەر شێوەیەك بکە، و پاشان کلیك لەسەر **Ok** بکە:



# گۆڕینی زانیاری نێوان ڕیز و ستوون


# Switch Row and Column Data





1-کلیك لەسەر ئەو چارتە بکە کەدروستمان کرد.

2-کلیك لەسەر تابی **Design** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Switch Row/Column** بکە.




4-بەم شێوەیەی لێدێت:




## گۆڕینی لای چارت

## Change Chart Layout


1-كليك لەسەر ئەو چارتە بكە كەدروستمان كرد.

2-كليك لەسەر تابى **Design** بكە.

3-كليك لەسەر دووگمەی **Switch Row/Column** بكە، و پاشان كليك لەسەر يەكێك لە شێوەكان بكە:




4-بەپێی ئەو شێوازەی هەڵمان بژاردووە چارتەكە گۆڕا:




## گۆڕینی شێوەی چارت

## Change Chart Style


1- کلیك لەسەر ئەو چارتە بکە کەدروستمان کرد.

2- کلیك لەسەر تابی **Design** بکە.


3- کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی گروپی شێوەی چارت **Chart Style** بکە:




4- لیستێك شێوە بۆ دەکرێتەوە، کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکان بکە:




4- بەپێی ئەو شێوازەی هەڵمان بژاردووە چارتەکە گۆڕا:




## گواستنەوەی چارت بۆ شیتێکی تر

## Move the Chart to Different Worksheet


1-کلیك لەسەر ئەو چارتە بکە کەدروستمان کرد.

2-کلیك لەسەر تابی **Design** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Move Chart** بکە:




4-ئەم شێوەیە دەکرێتەوە، ئەو شیتە دیاری بکە، کەدەتەوێ چارتەکە بۆ بگوێزیتەوە، کلیك لەسەر **Ok** بکە:




## بەکارهێنانی **Spark lines**

سپارك لاین **Spark Lines** یان هێڵە پەرشەکان، بەشێوەیەکی بنچینەیی چارتەکانن، کە لە مایکرۆسۆفت ئێکسڵی 2010 دا ناسێنراونن بەڵام هەمان چارتە باوەکان نین و ، لەناوخانەکاندا دادەنرێت، سێ شێوەمان هەیە:

1- ستوون – **Column**:



2- هێڵ – **Line**:




3-وین/لۆس **Win/Loss**:



## دروستکردنی Spark Lines

1-ئەو ڕیزە خانەیە دیاری بکە، کەدەتەوێت یەکەم سپارك لاینی بۆ دروست بکەیت:




| A | B | C | D | E | F | G | H |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Salesperson | May | June | July | Aug. | Sept. | Oct. | |
| Albertson, Kathy | $3,947.00 | $557.00 | $3,863.00 | $1,117.00 | $8,237.00 | $8,690.00 | |
| Allenson, Carol | $4,411.00 | $1,042.00 | $9,355.00 | $1,100.00 | $10,185.00 | $18,749.00 | |
| Altman, Zoey | $2,521.00 | $3,072.00 | $6,702.00 | $2,116.00 | $13,452.00 | $8,046.00 | |


2-کلیك لەسەر تابی تیادان (تێخستن، خستنە ناو) **Insert** بکە.

3-کلیك لەسەر **Spark Lines** بکە.


4-کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکانی **Spark Lines** بکە:





5-بەشی تایبەت بە دروست کردنی سپارك لاین دەکرێتەوە، لەبەشی **Data Range** دا، ئەو ڕیزخانەیە هەیە کە دیاریمان کردووە، بەلاّم لەبەشی **Location Range**دا، هیچ نییە، بۆیە کلیك لەسەر سەهمە سورەکە بکە و، پاشان کلیك لەسەر ئەو خانەیە بکە کەدەتەوێت سپارك لاینەکەی تیا دابنێیت و، دوواتر کلیك لەسەر سەهمی سورەکە بکەرەوە ، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Ok** بکە و، بەمەش سپارك لاینت بۆ ڕیزی یەکەم داناوا بۆ ڕیزەکانی تریش بەهەمان شێوە دای بنێ:




6-دەتوانیت بۆ ڕیزەکانی تر دووبارەی نەکەیتەوە، بەڵکو بەشە دەرچووەکەی لێواری خانەی یەکەم کە ئەنجامی ڕیزی یەکەمان تیا دانا بگریت و ڕایبکێشت بۆ خانەکانی تریش، بڕوانە ئەنجامەکە:



7-بڕوانە ئەنجامەکە:




## گۆڕینی پیشاندانەکانی سپارك لاین

## Change Show Spark Lines


1-سپارك لاینەکە دیاری بکە.

2-کلیك لەسەر تابی دیزاین **Design** بکە.

3-کلیك لەناو هەریەکێك لە چوار گۆشە بچوکەکانی بەردەم هەریەکێك لە بەشەکانی پیشاندان **Show** بکە و بڕوان سپارك لاینەکە چ گۆڕانێکی بەسەردا دێت:




4-بەپێی کلیك کردن لەناو چوار گۆشەکان گۆڕانەکان دروست دەبێت:




## گۆڕینی شێوەی سپارك لاین

## Change Style


1-سپارك لاینەکە دیاری بکە.

2-کلیك لەسەر تابی دیزاین **Design** بکە.


3-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی بەشی شێوە **Style** بکە:




4-کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکان بکە:



5- بوو بەو شێوەیەی هەڵمان بژارد:




## گۆڕینی جۆری سپارك لاین

## Change the Spark Lines Type


1-سپارك لاینەکە دیاری بکە.

2-کلیك لەسەر تابی دیزاین **Design** بکە.

3-کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکانی سپارك لاین بکە:



4- بوو بەو شێوەیەی کە هەڵمان بژارد:



# بەشی پێنجەم


# تیا دانان و لای لاپەڕە

# Page Layout And Insert

# قەراغی لاپەڕە

# Margins


هەر لاپەڕەیەك چوار لای هەیەو، چوار قەراغ و لێوار و پەراوێزیشی هەیە و، بە ویستی خۆمان دیاری دەکەین کە چەند بێت، ئەوانیش : سەرەوە **Top**، خوارەوە **Bottom**، لای چەپ **Left** و لای ڕاستی **Right**:




بۆ گۆڕین و دانانی قەراغەکان، ئەم هەنگاوان جێبەجێبکە:

1-کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە:

2-کلیك لەسەر دووگمەی قەراغەکان **Margins Button** بکە و، پاشان کلیك لەسەر یەکێك لەو قەراغە ئامادەکراوانە بکە، کە لێرەدا دانراون:




## دانانی قەراغ و لێواری لاپەڕە بە پێی پێویست


ئەگەر نەمان ویست ئەو شێوازە ئامادەکراوانە بەکاربهێنین، کە لەسەرەوە باسمان کرد، ئەوا ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکەین:

1- کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر دووگمەی قەراغەکان **Margins Button** بکە و، پاشان کلیك لەسەر **Custom Margins** بکە:




3-بەشی ڕێکخستنی لاپەڕە دەکرێتەوە و تیایدا سەر **Top** و خوار **Bottom** و لای ڕاست **Right** و لای چەپ **Left** ی لاپەڕە و، سەرە **Header** و ژێرە **Footer**دیاری بکە و، پاشان شوێنی خشتەکە لەبەشی لەناوەڕاستی لاپەڕە **Center on Page**دا، دیاری بکە ، کە دوو شێوە ی هەیە و دەتوانی خشتەکە بخەیتە ناوەڕاستی لاپەڕەکەوە، لە هەر دوو شێوە و باری ئاسۆیی **Horizontal** و ستوونی **Vertical**دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Ok** بکە:




*دەتوانیت کلیك لەسەر دووگمەی **Print** بکەیت بۆ چاپکردنی خشتەکە.

* دەتوانیت کلیك لەسەر دووگمەی **Print Preview** بکەیت بۆ پیشاندانی خشتەکە پێی چاپکردنی خشتەکە.

* دەتوانیت کلیك لەسەر دووگمەی **Option** بکەیت بۆ هەڵبژاردنی زیاتر .


## دانانی سەرە و ژێرە
## Header & Footer

دانانی سەرەو ژێرە، زیاتر بۆدانانی ناونیشان و زانیاری پێویستە لەسەر ئەو کارەی لەبەردەستماندا، وەکو زانیاری لیستی موچە لەهەموو لاپەرەکانی دا و، ژمارەی لاپەرەکانیش، ئەمەش بەبەکارهێنانی **Header** و **Footer** دەبێت کە ئێمە تەنها یەك جار و لەیەك لاپەڕەدا دەینووسین و، بەرنامەکە بۆ هەموو ئەو لاپەڕانەی تری دادەنێت کە لە دووای ئەم لاپەڕەیەوە دێت.


### زیادکردن و دانانی سەرە

1- کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە:

2-کلیك لەسەر دووگمەی **Header & Footer** بکە :




3-ئەو نووسینەی دەتەوێت لەسەرەوەدا بینووسە و، لەتابی **Design** دا، کە دووای کلیك کردن لەسەر دووگمەی **Header & Footer** خۆی دەکرێتەوە، بەهۆی بەشی هەڵبژاردنەوە **Options** چەند هەڵبژاردنێك ئەنجام بدە، ئەگەر دەتەوێت لاپەڕەی یەکەم سەرەی نەبێت ئەوا کلیك لەسەر چوار چۆشە بچوکەکەی بەردەم **Different First Page** بکە و، ئەگەر دەتەوێت لاپەڕە تاکەکان سەرەیەکیان هەبێت و لاپەڕە جوتەکانیش سەرەیەکی تر، ئەوا کلیك لەسەر چوارگۆشە بچوکەکەی بەردەم **Different odd & even page** بکە و، ئەگەر دەتەوێت حەجمەکەی لەگەڵ دۆکیۆمێنتەکەدا بگۆڕێت، ئەوا کلیك لەسەر چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم **Scale With Document** بکە و، ئەگەر دەتەوێت بەپێی لێوارەکانی لاپەڕە لە لایەکەوە دابنرێت، ئەوا کلیك لەسەر چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم **Align With Page Margins** بکە:




ئێستا دەبینیت ناونیشان و سەرەی لاپەڕەکان بەم شێوەیە دانراوە بۆ هەموو لاپەڕەکان:

بۆ تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیارییەکان HS لیستی موچەی مانگی 12/2012 – کۆمپانیای

| | Name | Age | Salary |
|---|---|---|---|
| 1 | Name | Age | Salary |
| 2 | Hemn Karim Ahmad | 1/5/1982 | 1500$ |
| 3 | Savo Bextyar Mehmud | 25/2/1994 | 2500$ |
| 4 | Shanya Ahmad Karim | 20/4/1995 | 400$ |
| 5 | Arsh Omer Karim | 12/9/1996 | 450$ |
| 6 | Shano Ahmad Karim | 5/8/1995 | 450$ |
| 7 | Omer Karim Ahmad | 5/7/1976 | 750$ |


# دەستکاری کردنی سەرە و چاککردنی

## Edit Header

بۆ ئەوەی ئەو سەرەیەی دامانناوە گۆڕانکاری تێدا بکەین:

1- کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە:

2-کلیك لەسەر دووگمەی **Header & Footer** بکە و، بەمەش تابی نەخشەسازی **Design** دەکرێتەوە:




※کلیك لەسەر دووگمەی ژمارەی لاپەڕە – **Page Number** بکە بۆ دانانی ژمارەی لاپەڕە.

※ کلیك لەسەر دووگمەی ژمارەی لاپەڕەکان – **Number of Pages** بکە بۆ دانانی ژمارەی لاپەڕەکان.

※ کلیك لەسەر دووگمەی بەرواری ڕۆژ – **Current Date** بکە بۆ دانانی بەرواری ئەو ڕۆژەی کاری تێدا دەکەیت.


※ کلیك لەسەر دووگمەی کاتی ڕۆژ – **Current Time** بکە بۆ دانانی سەعاتی ئەوکاتەی کاری تێدا دەکەیت، بۆنمونە **1:56** دەقیقەی دووانیوەڕۆ .

※ کلیك لەسەر دووگمەی ڕێڕەوی فایل – **File Path** بکە بۆ دانانی ڕێڕەوی فایلەکە.

※ کلیك لەسەر دووگمەی ناوی فایل – **File Name** بکە بۆ دانانی ناوی فایلەکە .

※ کلیك لەسەر دووگمەی **Sheet Name** بکە بۆ دانانی ناوی شیتەکە.

※کلیك لەسەر دووگمەی وێنە – **Picture** بکە، بۆ دانانی وێنەیەك بۆ سەرەی شیتەکە، کە بە کلیك کردن لەسەری ئەم ڕووکارە دەکرێتەوە:



کلیلك لەسەر وێنەیەك بکە و پاشان کلیلك لەسەر دووگمەی دانان **Insert** بکە و بەمەش وێنەکە بۆ سەرەی خشتەکە زیاد دەبێت.

*بۆ ڕێکخستن و دەستکاری کردنی وێنەکەی دامانینا کلیلك لەسەر دووگمەی **Format Picture** بکەی و، بەهۆیەوە دەستکاری لە شێوازی وێنەدا، بکە ، هەتاوەکو وێنەیەك نەهێنین ئەم دووگمەیە چالاك نابێت.

* کلیك لەسەر دووگمەی **Go To Header** بکە بۆ چونە ناو بەشی سەرە **Header** و چالاك کردنی، دیارە ئەگەر خاڵی داغلکردن **Insertion Point** لە ژێرەدا **Footer** بیت، ئینجا ئەم دووگمەیە چالاك دەبێت.

* کلیك لەسەر دووگمەی **Go To Footer** بکە بۆ چونە ناو بەشی ژێرە **Footer** و چالاك کردنی، دیارە ئەگەر خاڵی داغلکردن **Insertion Point** لە سەرە **Header**دا، بیت، ئینجا ئەم دووگمەیە چالاك دەبێت.


*بەهۆی دووگمەی هەڵبژاردنەکانەوە **Options** چەند کارێك بە ئەنجام دەگات کە پێشتر باسمان کردووە.

## جیاکردنەوەکانی لاپەڕە

## Page Breaks

1- ئەگەر بمانەوێت خشتەیەك جیابکەینەوە، یان بەشێك لە خشتەیەك ئەوا کلیك لەناو خانەیەکی خشتەکە دەکەین و، پاشان کلیك لە تابی **Page Layout** دەکەین.

2- کلیك لەسەر **Break** بکە و، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر **Page Breaks** و کلیکی لەسەر بکە:




3- ئەنجام دەبینین ئەوپەڕە گرافەی دیاریمان کرد چۆتە لاپەڕەی تازەوە جیابۆتەوە:

## سڕینەوەو لابردنی جیاکەرەوەکانی لاپەڕە


## Delete Page Breaks

1- کلیك لەشوێنی جیاکردنەوەکە بکە

2- کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە.

3- کلیك لەسەر دووگمەی **Breaks**بکە.

4- کلیك لەسەر دووگمەی **Remove Page Break** بکە:




## کلیپ ئارت

## Clip Art

1-کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی **Clip Art** بکە.

3-کلیك لەسەر **Go** بکە، بۆ پیشاندانی کلیپ ئارتەکان.


4-کلیك لەسەر هەر وێنەیەك بکە کەمەبەستتەوە بە دڵتە.

## زیادکردن و دانانی وێنە بۆ دۆکۆمێنتێك


## Adding a Picture in Document

1-کلیك لەو شوێنەی خشتەکە بکە، کەدەتەوێت وێنەکەی تیا دابنێیت.


2-کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی وێنە **Picture** بکە:



3-بەشی تایبەت بە هێنانی وێنە دەکرێتەوە، کلیك لەسەر ئەو وێنەیە بکە، کە دەتەوێت بیهێنیتە ناو دۆکۆمێنتەکە:





4-دووای دیاری کردنی وێنەکە، کلیك لەسەر دووگمەی **Insert** بکە، بەمەش وێنەکە دێتە ناو دۆکۆمێنتەکە:



## بڕینی وێنە

1-كلیك لەسەر وێنەكە بكە.

2-كلیك لەسەر تابی **Format** بكە، و پاشان كلیك لەسەر دووگمەی **Crop** بكە:





3-سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر یەكێك لەو پارچە ڕەشانەی لەدەوری وێنەكە دروست بووەو، پاشان پەنجە بنێ بە دووگمەی چەپی ماوسەكەدا و، پەنجە لامەبە تا ئەو شوێنەی دەتەوێت بیبڕیت، پاشان پەنجەت لاببە:




## حەجمی وێنە و شێوەكان
## Shape Size

1-كلیك لەسەر وێنەكە بكە.

2-كلیك لەسەر تابی **Format** بكە، و پاشان لەبەشی حەجم **Size** دا، بەرزی شێوە **Shape Height** و پانی شێوە **Shape Width** بگۆڕە و، بەزیادكردنی شێوەكە گەورە دەبێت و بەكەمكردنەوەی شێوەكە بچوك دەبێتەوە:





خولاندنەوە ئاوەژوو كردنی وێنە

-كلیك لەسەر وێنەكە بكە.

2-كلیك لەسەر تابی **Format** بكە، و پاشان لەبەشی حەجم **Arrange** دا، كلیك لەسەر دووگمەی خولانەوە **Rotate** بكە.

3-كلیك لەسەر یەكێك لە شێوەكانی خولانەوە **Rotation**بكە، یان كلیك لەسەر ئاوەژوو كردنی وێنە بكە، و یاخوود كلیك لەسەر كۆتا هەڵبژاردن بكە، كە تایبەتە بە (هەڵبژاردنەكانی خولانەوە زیاتر – **More Rotation Options**) و بەهۆیەوە دەتوانین خولانەوەی زیاتر ئەنجام بدەین:




## بڕینی وێنەکان بە پێی شێوەکان

1-وێنەکە دیاری بکە.


2-کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی **Crop** بکە:




3-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر **.Crop To Shape**

4-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر ئەو شێوەیەی بەدڵتە و کلیکی لەسەر بکە، بڕوانە وێنەکە ئەو شێوەیەی وەرگرتووە:



وێنەكە ئەو شێوەیەی وەرگرتووە كە هەڵمان بژاردووە:




## دانانی چوار چێوە بۆ وێنە


1- كلیك لەسەر وێنەكە بكە.

2- كلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بكە.

3- كلیك لەسەر دووگمەی **Picture Border** بكە و، پاشان كلیـك لەسـەر ڕەنگێـك بكـە، یاخود هێلێك هەڵبژێرە و كلیكی لەسەر بكە، یان هێڵێكی پچڕ پچڕ:



چوارچێوەیەك بۆ وێنەكە دروست بوو:




## شێوە ئامادەكانی Correction

1- كلیك لەسەر وێنەكە بكە.

2- كلیك لەسەر تابی فۆرمات Format بكە.

3- كلیك لەسەر دووگمەی Correction بكە، كەبەهۆیەوە لیستێك شێوە دەكرێتەوە، كام شێوەیەت بە دڵە كلیكی لەسەر بكە.




## ڕەنگ

1-کلیك لەسەر وێنەكە بكە.

2-کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بكە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Color** بكە، كەبەهۆیەوە لیستێك وێنەی ڕەنگ جیاواز دەكرێتەوە، كام شێوەیەت بە دڵە كلیكی لەسەر بكە.





## كاریگەری هونەری
## Artistic Effects

1-کلیك لەسەر وێنەكە بكە.

2-کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بكە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Artistic Effect** بكە، كەبەهۆیەوە لیستێك كاریگەری هونەری جیاواز دەكرێتەوە، كام شێوەیەت بە دڵە كلیكی لەسەر بكە.




## شێوەی وێنە

## Picture Style

1-کلیك لەسەر وێنەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Quick Style** بکە، کەبەهۆیەوە لیستێك شێوەی وێنەی جیاواز دەکرێتەوە، کام شێوەیەت بە دڵە کلیکی لەسەر بکە.




4-وێنەکە ئەو شێوەیە وەردەگرێت کە کلیکمان لەسەر کردووە:




## کاریگەری وێنە

## Picture Effect

1-کلیك لەسەر وێنەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Picture Effect** بکە، کەبەهۆیەوە لیستێکت بۆ دەکرێتــەوە، هەر بە شێکی ئەو لیستەش کۆمەڵێك شێوەی جیاوازی لێجیادەبێتەوە، کـام شـێوەیەت بـە دڵە کلیکی لەسەر بکە.




4-دەبینین وێنەکە ئەو کاریگەرییەی وەرگرتووە کە هەڵمان بژاردووە:




## بچووککردنەوەی قەبارەی وێنە
## Compress Picture


1- کلیك لەسەر وێنەکە بکە.

2- کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بکە.

3- کلیك لەسەر دووگمەی **Compress Picture** بکە.




4- بەشی تایبەت بە بچووککردنەوەی قەبارە دەکرێتەوە **Compress Picture** و چ قەبارەیەکت پێویستە کلیکی لەسەر بکە و، پاشان کلیك لەسەر **Ok** بکە:





## گۆڕینی وێنە بۆ Smart Art

1- کلیك لەسەر وێنەکە بکە.


2- کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بکە.

3- کلیك لەسەر دووگمەی **Smart Art** بکە.

4- کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکانی **Smarrt Art** بکە:




5-پاشان هەر نووسینێکت هەیە تیایدا بینووسە و بەمەش شێوەیەکی جوان وەردەگرێت:




چاوەڕوانبن...

1-بنچینەکانی بەرنامەسازی بەزمانی سی شارپ.

2- بنچینەکانی بەرنامەسازی بەزمانی سی ++.

3- بنچینەکانی بەرنامەسازی بەزمانی جاڤا.

4-بنچینەکانی نێتۆرك.

## کۆرسی بەردەوام بۆ فێربوونی....


1. مایکرۆسۆفت ۆرد 2010.
2. مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010.
3. مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010.
4. مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت 2010.
5. ئەدۆب فۆتۆشۆپ **CS5**.
6. ئەدۆب فلاش **CS5**.
7. نەخشەسازی و ... ویب دارِشتن (سی ئێس ئێس1،2،3 – ئێچ تی ئێم ئێل 4.1 و 5.0 – ئێکس ئێچ تی ئێم ئێل).
8. ئەی ئێس پی دۆت نێت 4.0 (2010)بەبەکارهێنانی ڤیژوەڵ ستۆدیۆی 2010.
9. پی ئێچ پی .
10. جەی ئێس پی .
11. بنچینەکانی بەرنامە سازی بە زمانەکانی(سی ++، سی شارپ، جاڤا).
12. مایکرۆسۆفت ڤیژوەڵ بەیسک 2010.
13. بنچینەکانی نێتۆرک.

### سندوقەکانی نووسین


### Text Boxes

1-کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە.

2-کلیك لەسەر **Text Box** بکە، کەبەهۆیەوە ، کێشانی **Text Box** چالاك دەبێت:




3-کلیك بکە و بە ڕاکێشان و گواستنەوە **Drag and Drop** بیکێشە:




## جولاندن و گواستنەوەی سندوقی نووسین


## Move Text Box

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە.

2-سەهمی ماوسەکە بەبەرەسەر یەکێك لە لێوارەکانی و سەرنج بدە سەهمی ماوسەکە بووەبەم شێوەیە:




3-پەنجە لەسەر دووگمەی چەپی ماوسەکە دابگرە و پەنجەت لامەبە، تا ئەو شوێنەی سندوقی نووسینەکەی بۆ دەگوێزینەوە:





## گەورەکردن و بچوککردنەی سندوقی دەق

## Resize Text Box

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە.

2-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە بازنە بچوکەکانی دەوری شێوەکە، یان چوار گۆشە بچوکەکان تا هێمای سەهمەکە دەبێت بە:




3-پاشان پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك دابگرە و پەنجەت لامەبە و بەئاراستەی دەرەوە یان ناوەوە دەستت بجولێنە، بەمەش شێوەکە گەورە دەبێت، یان بچوکدەبێتەوە، بە پێی دەست جولاندنەکە، تا ئەو حەجمەی خۆت دەتەوێت، پاشان دەستت لابەبە:




سوراندنی سندوقی دەق

بۆ سوڕاندنەوەی سندوقی نووسین سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر بازنە بچوکە سەوزەکە (هەلگرە سەوزەکە **Green Handler**) و کلیکی لەسەر بکە و، پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك لامەبە و، وێنەکە بەو ئاراستەیە بخولینەرەوە کە دەتەوێت ، پاشان پەنجە لابەبە:




گۆڕینی ڕیزکردنی چەند سندوقێکی نووسین


کاتێك چەند سندوقێکی نووسین پێکەوە دادەنێین، چونە سەر یەك ڕوودەدات و، لەوانەیە پێویستمان بێت، کە یەکێك لەو شێوانەی کە چۆتە ژێرەوە بیهێنینە سەرەوە، بۆیە بەم هەنگاوانە ئەو کارەدەکەین:

1-کلیك لەسەر ئەو شێوەیە بکە، کە دەتەوێت بیجولێنیت.

2-كليك لەسەر تابى **Format**بكە و ، پاشان كليـك لەسـەر دووگمـەى **Arrange** بكـە،
دوواتر كليك لەسەر **Bring Forward** يان **Send Backword** بكـە و يـەكێك لـە
شێوەكانى ئەو دوو بەشە هەڵبژێرە،واتە كليكێك لەسەر بكە:




3-دەبينين سندوقەكان شوێنيان دەگۆرێت




## شێوازەكانى شێوە

## Shape Styles

1-كليك لەسەر ئەو سندوقى نووسينە بكە كە كێشاوتە.

2-كليك لەسەر تابى **Format** بكە.

3-كليك لەسەر سەهمى بچوكەكەى بەشى **Shape Styles** بكە:



4-پاشان یەكێك لە شێوەكان هەڵبژێرە،واتە كلیكی لەسەر بكە:




5-دەبینیت ئەو شێوەیە وەردەگرێت كە هەڵمان بژارد:





## گۆڕین بۆ شێوەی جیاواز

1-كلیك لەسەر ئەو سندوقی نووسینە بكە كە كێشاوتە.

2-كلیك لەسەر تابی **Format** بكە.

3-كلیك لەسەر دووگمەی **Edit Shapes** بكە.

4-كلیك لەسەر **Change Shape** بكە ، و پاشان كلیك لەسەر یەكێك لە شێوەكان بكە:




5- دەبینیت گۆڕابەو شێوەیەی که هەڵت بژارد :




گۆڕینی ڕەنگی ناو سندوقی نووسین

1-كليك لەسەر **Text Box** بكە.

2-كليك لەسەر تابی **Format** بكە.

3-كليك لەسەر دووگمەی **Fill Shape**بكە.

4-كليك لەسەر ڕەنگێك بكە:




5-دەبينيت ئەو ڕەنگەی وەرگرتووە كە كليكمان لەسەر كرد:




## گۆڕینی هێڵی دەوری سندوقی نووسین

1- کلیك لەسەرسنوقی نووسینەکە بکە.

2- کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.

3- کلیك لەسەر دووگمەی **Shape Outline** بکە.

4- سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر **Weighted** و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە هێڵەکان و کلیك لەسەر هێڵێك بکە:




5- دەبینیت بووە ئەو هێڵە پانەی کە هەڵمانبژاردووە:




## گۆڕینی ڕەنگی هێڵەکانی سنوقی نووسین

1-کلیك لەسەر سنوقەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Shape Outline** بکە.

4-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە ڕەنگەکان و کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە:




5-دەبینین هێڵەکانی چوار چێوەکە ئەو ڕەنگەی وەرگرتووە کە هەڵمان بژارد:




## گۆڕینی كاریگەرییەكانی سنوقی نووسین

1- كلیك لەسەر سنوقەكە بكە.

2- كلیك لەسەر تابی **Format** بكە.

3- كلیك لەسەر دووگمەی **Shape Effect** بكە.

4- سەهەمی ماوسەكە ببەرەسەر یەكێك لە كاریگەرییەكانی **Effects** ، وەكو سێبەر **Shadow** و گلۆ و ....... ) و، كە هەر كاریگەرییە و چەند شێوەیەكی، بۆیە سەهمی ماوسەكە ببەرە سەر یەكێك لە شێوەكان و كلیكی لەسەر بكە:





5- ئێمە دوو كاریگەریمان داوە بە شێوەكە، كە ئەوانیش **Preset** و **Glow** یە :



## نووسینی هونەری
## Word Art

1-کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە:

2-کلیك لەسەر **Word Art** بکە و، پاشان کلیك لەسەر یەکێك لە شێوەکان بکە:




3-ئێستا ئەو شێوەیەی هەڵمان بژارد لەسەر لاپەڕەکەیە و چیمان ویست لە جێگەی **Your Text Here** دەینووسین:





ئێمە ئەم نووسینەمان نووسیوە:




## گۆڕینی شێوازەکانی نووسینی هونەری


1-نووسینەکە، دیاری **Select** بکە، واتە کلیکی لەسەر بکە تا چوار دەورەکەی دەبێتە خەتێکی باریکی ڕێك، یاخوود هەموو نووسینەکە دیاری بکە:




2-کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بکە، و پاشان لەبەشی **Word Art Style**دا، کلیك لەسەر دووگمەی شێوازی ئامادەوە خێرا **Quick Styles** بکە، و پاشان کام شێوازەت پێ جوان بوو کلیکی لەسەر بکە:




3-دەبینین نووسینەکەمان گۆڕا بەو شێوازە نوێیەی هەڵمان بژارد:




گۆڕینی ڕەنگی نووسینی هونەری

1-نووسینەکە، دیاری **Select** بکە، واتە کلیکی لەسەر بکە تا چوار دەورەکەی دەبێتە خەتێکی باریکی ڕێك، یاخوود هەموو نووسینەکە دیاری بکە.


2-کلیك لەسەر تابی فۆرمات **Format** بکە و، پاشان لەبەشی **Word Art Style**دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Text Fill** بکە، بەمەش بەشی ڕەنگ دەکرێتەوە، چ ڕەنگێکت حەز لێیە کلیکی لەسەر بکە و، ئەگەر ڕەنگی زیاترت ویست کلیك لەسەر **More Fill Color** بکە و بە ئارەزووی خۆت ڕەنگێك هەڵبژێرە و، کلیك لەسەر **Ok** بکە، وەبەهۆی بەشی **Gradiant**ـەوە دەتوانیت نەخشێك دیاری بکە یت و، بەهۆی **More Gradiant**ـەوە دەتوانیت خۆت نەخشێك ئامادەبکەیت:



## گۆڕینی هێڵ و ڕەنگی دەرەوەی هێڵی نووسینی هونەری

1-نووسینەکە، دیاری **Select** بکە، واتە کلیکی لەسەر بکە تا چوار دەورەکەی دەبێتە خەتێکی باریکی ڕێك، یاخوود هەموو نووسینەکە دیاری بکە

2-کلیك لەسەر تابی فۆڕمات **Format** بکە و، پاشان لەبەشـی **Word Art Style**دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Text Outline** بکە، بەمەش بەشی ڕەنگ دەکرێتــەوە، چ ڕەنگێکت حەز لێیە کلیکی لەسەر بکە و، ئەگەر ڕەنگی زیاترت ویست کلیك لەسەر **More Outline Color** بکە و بە ئارەزووی خۆت ڕەنگێك هەڵبژێرە و، کلیك لەسەر **Ok** بکە، وەبەهۆی بەشـی **Weight**ـــەوە پانی هێڵەکە بگۆڕە و، بەهۆی بەشی **Dashed**ـــەوە، هێڵەکە بکە بـە هێڵی پچڕ پچڕ:





## پێدانی کاریگەرییەکان

دەتوانین کۆمەڵێك کاریگەری بەکاربهێنین بۆ چوانتر کردن و ڕازاندنەوەی ئەو نووسینە هونەرییــەی کە نووسیومانە:

1-نووسینەکە، دیاری **Select** بکە، واتە کلیکی لەسەر بکە تا چوار دەورەکەی دەبێتە خەتێکی باریکی ڕێك، یاخوود هەموو نووسینەکە دیاری بکە.

2- کلیك لەسەر تابی فۆڕمات **Format** بکـە و، پاشـان لەبەشـی **Word Art Style** دا، کلیك لەسەر دووگمەی **Text Effect** بکە، کە بەهۆیەوە لیستێك دەکرێتەوە لەچەند بـە شێك پێکهـاتووە، وەکـو **Shadow** و **Reflection** و **Glow** و **Revel** و **3-D**

Rotation و Transformation ، هەربەشە و پێکهاتووە لەچەند شێوەیەك و بەویستی خۆت یەکێك لەبەشەکان هەڵبژێرە و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر یەکێك لە شێوەکان و کلیکی لەسەر بکە، وەکو نمونەکەی خوارەوە:




3-نووسینەکە ئەو شێوەیەی وەرگرتووەکە هەڵمان بژاردووە:





## دانانی هێما تایبەتەکان

بۆدانانی هێما و ڕەمزە تایبەتییەکان **Special Symbol** بۆ ناو فایلەکەی بەردەستمان، کە هێماکە دەخاتە ئەو شوێنەی خاڵی داغڵکردن **Insertion Point** ی تێدایە، بەهۆیی ئەم هەنگاوانەوە:

1- کليك لەەر تابى خستنە ناو (دانان، داغلّكردن) **Insert** بكە.


2- كليك لەسەر دووگمەى هێما (نيشانە) **Symbol Button** بكە




3- ئێستا كليك لەسەر هەر هێمايەك بكە، كەدەتەوێت بيهێنيتە سەر شيتەكە و، پاشان كليك لەسەر دووگمەى خستنەناو **Insert** بكە:

تێبينى:

دەتوانيت دووانە كليك **Double Click** لەسەر هێماكە بكەيت، لە جياتى ئەوەى كليك لەسەر هێماكە بكەيت و پاشان كليك لەسەر **Insert** بكە.




## هايپەر لينك
## Hyperlink

بۆ گرێدانى پێكەوەبەستنى وشەيەك يان چەند وشە و رستە لەگەڵ ناونيشانى سايتێكى ئينتەرنێت يان دۆكۆمێنتێكى تر ، هايپەر لينك بەكاردەهێنين، يان بۆ لينك كردنى ئيمەيڵ .


## داناں و زیادکردنی هایپەرلینك

## Insert a Hyperlink

1-ئەو نووسینەی دەتەوێت لینکی بکەیت دیاری بکە، واتە کلیك لەسەر خانەکەی بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە.

3-کلیك لەسەر **Hyperlink** بکە





4-بەشی تایبەت بە دانانی هیپەر لینك دەکرێتەوە.

5-ئەگەر پێشتر نووسینێکت دیاری کرد بێت، ئەوا لەبەشی **Text To Display** دا،دەردەکەوێت.

6-لەبەشی ناونیشاندا **Address**، ئەو ناونیشانە بنووسە کە دەتەوێت لینك ببێت.

7-کلیك لەسەر **Ok** بکە.

تیبینی: ئەگەر لینکەکە دۆکۆمێنتێکیش بێت یان وێنەیەك یان ..... هەر دەبێت و ئاساییە، بەڵام لەو کاتەدا بەهۆی بەشی **Look in** شوێنی فایلەکە یان وێنەکە دیاری دەکەین و، پاشان کلیك لەسەر فایلەکە یان وێنەکە دەکەین و، ئینجا کلیك لەسەر **Ok** دەکەین.




8-بەم شێوەیە لینکەکە دروست بوو، کە بەپەنجە کە داگرتن لە سەر دووگمەی کۆنترۆڵ و کلیك کردن لەسەری ، بێئەوەی پەنجە لەسەر دووگمەی کۆنترۆڵ لاببەین دەکرێتەوە.

## دانان و زیادکردنی هایپەرلینکی ئیمەیڵ

## Make an E-mail Address Hyperlink

1- ئەو نووسینەی دەتەوێت لینکی بکەیت دیاری بکە، واتە کلیك لەسەر خانەکەی بکە.

2- کلیکی ڕاستی لەسەر بکە.

3- کلیك لەسەر **Hyperlink** بکە.


4- بەشی تایبەت بە دانانی هایپەر لینك دەکرێتەوە.

5- ئەگەر پێشتر نووسینێکت دیاری کرد بێت، ئەوا لەبەشی **Text To Display** دا، دەردەکەوێت.

6- کلیك لەسەر بەشی ناونیشانی ئیمەیڵ **E-Mail Address** بکە.

7- لەخانەی **E-Mail Address**دا،ناونیشانی ئیمەیڵەکەت بنووسە.

7- کلیك لەسەر **Ok** بکە.





8- دەبینین ئیمەیڵەکەش لینك بووە بە وشەی ئیمەیڵەکە .

## لابردن و سڕینەوەی هایپەرلینك

## Remove Hyperlink


کلیکی ڕاست لەسەر هایپەر لینکەکە بکە و ، پاشان کلیك لەسەر **Remove Hyperlink** بکە:




## شێوەکان
## Shapes

1-کلیك لەسەر تابی **Insert** بکە.

2-کلیك لەسەر دووگمەی شێوەکان **Shapes** بکەو، دوواتر کلیك لەسەر شێوەیەك بکە:





3-پاشان لەسەر لاپەڕە سپییەکە دەبینیت شێوەی سەهمەکە گۆڕاوە بۆ زائیدێکی تۆزێ گەورە و، پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك دابگرە و پەنجە لامەبە و دەست بجولێنە تا شێوەکە دەکێشیت، پاشان پەنجە لاببە:




## گۆڕینی حەجم و شێوازی شێوەکان
## Resize Shapes

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە بۆئەوەی دیاری **Select** بێت.


2-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە بازنە بچوکەکان و ، کە سەهمی ماوسەکە گۆڕا کلیك بکە و پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك لامەبە، و ماوسەکە بجولێنە بۆ گەورەکردن یان بچوککردنەوە،کە دەست جولاًن بۆ دەرەوە گەورەی دەکات و، دەست جولاًن بۆ ناوەوە بچوکی دەکاتەوە:



3-بۆ سوڕاندنەوەی شێوەکە سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر بازنە بچوکە سەوزەکە (هەڵگرە سەوزەکە **Green Handler**) و کلیکی لەسەر بکە و، پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك لامەبە و، وێنەکە بەو ئاراستەیە بخولینەرەوە کە دەتەوێت ، پاشان پەنجە لاببە:



4-بۆ ئەنجامدانی کەمێك گۆڕانکاری لە شێوەکەدا، سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر چوار گۆشە بچوکەکە(هەڵگرە زەردەکان – **Yellow Handles**) و، کلیکی لەسەر بکە و، پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك لامەبە و، وێنەکە بگۆڕە بەو جۆرەی خۆت دەتەوێت، پاشان پەنجە لاببە لەسەر دووگمەی کلیك:



## شێوازەکانی شێوە
## Shape Styles


1-کلیك لەسەر ئەو شێوەیە بکە کە کێشاوتە.

2-کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.


3-کلیك لەسەر سەهمی بچوکەکەی بەشی **Shape Styles** بکە:



4-پاشان یەكێك لە شێوەكان هەڵبژێرە،واتە كلیلكی لەسەر بكە:




5-دەبینیت ئەو شێوەیە وەردەگرێت كە هەڵمان بژارد:





## گۆڕین بۆ شێوەی جیاواز

1-كلیك لەسەر ئەو شێوەیە بكە كە كێشاوتە.

2-كلیك لەسەر تابی **Format** بكە.

3-كلیك لەسەر دووگمەی **Edit Shapes** بكە.

4-كلیك لەسەر **Change Shape** بكە و، پاشان كلیك لەسەر یەكێك لە شێوەكان بكە:



5- دەبینیت گۆڕابەو شێوەیەی کە هەڵت بژارد :




گۆڕینی ڕەنگی ناو شێوەکان

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Fill Shape**بکە.

4-کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە.

5-دەبینیت ئەو ڕەنگەی وەرگرتووە کە کلیکمان لەسەر کرد:




گۆڕینی هێڵی دەوری شێوەکان

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Shape Outline** بکە.

4-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر **Weighted** و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە هێڵەکان و کلیك لەسەر هێڵێك بکە.

5-دەبینیت بووە ئەو هێڵە پانەی کە هەڵمانبژاردووە:

## گۆڕینی ڕەنگی هێڵەکانی شێوەکان

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Shape Outline** بکە.

4-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە ڕەنگەکان و کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە:

5-دەبینین هێڵەکانی چوار چێوەکە ئەو ڕەنگەی وەرگرتووە کە هەڵمان بژارد:




## گۆڕینی کاریگەرییەکانی شێوە

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی **Shape Effect** بکە.

4-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە کاریگەرییەکان **Effects** ، وەکو سێبەر **Shadow** و گلۆ و ....... ) و، کە هەر کاریگەرییە و چەند شێوەیەکن، بۆیە سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر یەکێك لە شێوەکان و کلیکی لەسەر بکە:



5-ئێمە دوو کاریگەریمان داوە بە شێوەکە،کە ئەوانیش **3D-Rotation** و **Glow** یە:


## گۆڕانکاری لە پێکهێنەری شێوەکان دا

1-کلیك لەسەر شێوەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Format** بکە.

3- کلیك لەسەر دووگمەی  **Edite Shape** بکە.

4- سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر یەکێك لە خاڵەکانی پێکهێنەری شێوەکە و، پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك دابگرە و پەنجە لامەبە و، بە پێی پێویست سەهمی ماوسەکە بجوڵێنە، بەمەش گۆڕان لە شێوەکەدا دروست دەبێت:




## سیم
## Theme

سیم، بریتییە لە کۆمەڵێك ڕەنگ، و کاریگەری کە جێبەجێی دەکەین بەسەر دۆکۆمێنتێك دا، بۆ گۆڕینی سیم ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکەین:

1- کلیك لەسەر تابی  **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر  **Theme** بکە.


3- سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر یەکێك لە سیمەکان و کلیکی لەسەر بکە:

### گۆڕینی ڕەنگی سیم

1- کلیك لەسەر تابی  **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر  **Theme Color** بکە.

3- سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر یەکێك لەڕەنگەکانی سیم و کلیکی لەسەر بکە:





### گۆڕینی فۆنتەکانی سیم

1- کلیك لەسەر تابی  **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر **Theme Fonts** بکە.

3-سەھمی ماوسەکە ببەرە سەر یەکێك لە فۆنتەکانی سیم و کلیکی لەسەر بکە:





## گۆڕینی کاریگەرییەکانی سیم

1-کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر **Theme Effect** بکە.

3-سەھمی ماوسەکە ببەرە سەر یەکێك لە کاریگەرییەکانی سیم و کلیکی لەسەر بکە:




## خەزنکردنی سیم

1-کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر **Theme** بکە.

3-سەھمی ماوسەکە ببەرە سەر **Save Theme** و کلیکی لەسەر بکە.

4-بەشی تایبەت بە خەزنکردنی سیم دەکرێتەوە، ناوێك بۆ سیمەکە بنووسە و کلیك لەسەر **Save** بکە.


# سمارت ئارت

# Smart Art


بۆ داناان و كیێشانی وێنەكانی سمارت ئارت، ئەم هەنگاوانەی جێبەجێبكە:

1- كلیك لەسەر تابی **Insert** بكە.

2- كلیك لەسەر **Smart Art** بكە:




3- بەشی هەڵبژاردنی وێنەی سمارت ئارت دەكرێتەوە، لەلای دەستە چەپ لیستێك ناوی بەشی سمارت ئارت هەیە و، بەكلیك كردن لەسەر هەریەكەیان، كۆمەڵێك شێوەی تایبەت بەو بەشە لەلای دەستە ڕاستی دا پیشان دەدرێت و، كام شێوەیەت پێویستە كلیكی لەسەر بكە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی **Ok** بكە :




4- ئەو شێوەیەی هەڵمان بژارد هاتە سەر كاغەزەكە و چیمان بووێت تێیدا، دەنووسین، ئەویش بە كلیك كردن لەناو شێوەكە ، یان لەناو هەربەشێكی شێوەكە و، پاشان نووسینی هەر شتێك كەمانەوێت:





## تێکست پان
## Text Pane

بۆ هێنانە سەرشاشەی تێکست پان، کە دەتوانین بەهۆیەوە نووسینی ناو شێوەکان بگۆڕین، یان نووسینی تێدا بنووسین، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێبکە:


1- کلیک لەسەر سمارت ئارتەکە بکە.


2- کلیک لەسەر تابی **Design** بکە.

3- کلیک لە سەر **Text Pane** بکە:




4-بەشی **Text Pane** دەکرێتەوە، لەبەشەکانی ژێر **Type You Text Here**دا، نووسینەکانت بنووسە، و بەمەشە نووسینەکە دەچێتە ناو شێوەکەوە:





4-لیستێك شێوەی سمارت ئارت دەكرێتەوە كامەیانت پێویستە كلیكی لەسەر كە:



5-سمارت ئارتەکە ئەو شێوەیەی وەرگرت کە هەڵمان بژاردووە:





## گۆڕینی ڕەنگی سمارت ئارت

1-کلیك لەسەر سمارت ئارتەکە بکە.

2-کلیك لەسەر تابی **Design** بکە.

3-کلیك لە سەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی **Change Color** بکە.

4-لیستێك ڕەنگ دەکرێتەوەو کلیك لەسەر یەکێك کە ڕەنگەکان بکە و، دەبینی سمارت ئارتەکە ئەو ڕەنگەی وەرگرتووە:



## گۆڕینی لای ئاوتی سمارت ئارت


## Chane Layout

1-كليك لەسەر سمارت ئارتەكە بكە.

2-كليك لەسەر تابی **Design** بكە.

3-كليك لە سەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی **Change Layout** بكە.

4-ليستێك لای ئاوت دەكرێتەوەو كليك لەسەر يەكێك كە شێوەكان بكە و، دەبينی سمارت ئارتەكە ئەو شێوەيەی وەرگرتووە:




5-سمارت ئارتەكە گۆڕا بەم شێوەيە:





راست بۆ چەپ و چەپ بۆ راست

بۆ گۆڕینی ئاراستەی سمارت ئارتەکان لە چەپ بۆ ڕاست و ... لە ڕاستیش بۆ چەپ، بەم شێوەیە دەبێت:

1- کلیك لەسەر سمارت ئارتەکە بکە.

2- کلیك لەسەر تابی **Design** بکە.

3- کلیك لە سەر دووگمەی **Right To Left** بکە، و بۆ پێچەوانە کردنەوەی جارێکی تر کلیکی لەسەر بکە:




## زیادکردنی شێوە


## Add shape

بۆ زیادکردنی شێوە بۆ ئەو سمارت ئارتەی کە کێشاوتە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە:

1- کلیك لەسەر سمارت ئارتەکە بکە.

2- کلیك لەسەر تابی **Design** بکە.

3- کلیك لە سەر سەهمە بچوکەکەی دووگمەی **Add Shape** بکە ، کەبەهۆیەوە پێنج شێوازی زیادکردنی شێوە دەکرێتەوە، کلیك لەسەر یە کێکیان بکە:




## ئاراستە


## Orientation

بۆ گۆڕینی ئاراستە و شێوەی ئەو لاپەڕەیەی خشتەکەی لەسەر چاپ دەکەیت بۆ باری ئاسۆیی **Landscape** یان بۆ باری ستوونی **Prtraite** ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکە:

1-کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر **Orientation** بکە.

3-سەهمی ماوەکە ببەرە سەر یەکێك لە ئاراستەکان و کلیکی لەسەر بکە:





## حەجمی لاپەڕە
## Paper Size

بۆ گۆڕینی حەجم و شێوەی ئەو لاپەڕەیەی خشتەکەی لەسەر چاپ دەکەیت، ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکە:

1-کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە.

2- کلیك لەسەر **Size** بکە.

3-سەهمی ماوەکە ببەرە سەر یەکێك لە حەجمەکان و کلیکی لەسەر بکە:



تێبینی: بەشێوەیەکی گشتی A4 یان A3 هەڵدەبژێرین، چونکە زۆربەی چاپکەرەکان ئەو دوو حەجمە و، زۆرترینیش A4 دیاری دەکەین.


## حەجمی زۆرتری لاپەڕە

## More Paper Sizes

1-کلیك لەسەر تابی Page Layout بکە.

2- کلیك لەسەر Size بکە.

3-سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر More Paper Sizes و کلیکی لەسەر بکە:





4-بەشی تایبەت بە ڕیکخستنی لاپەڕە Page Setupدەکرێتەوە، لەبەشی حەجمی لاپەڕە Paper Sizeدا، چ حەجمێکت دەوێت هەڵیبژێرە و کلیکی لەسەر بکە و ... پاشان کلیك لەسەر Ok بکە.

## پیێدان و جیێگیر کردنی ڕووبەری چاپ کردن

## Print Area

بۆ جیێگیر کردن و پیێدانی ئەو ڕووبەری چاپکردنەی دیاریت **Select** کردووە، کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Print Area** بکە و دوواتر کلیك لەسەر **Set Print Area** بکە، بۆ پاککردنەوە و لابردنەوەی ڕووبەری چاپیش کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Print Area** بکە و دوواتر کلیك لەسەر **Clear Print Area** بکە.





## دانانی وێنە بۆ باکگراوەندی خشتە


## Background

1-کلیك لەسەر تابی **Page Layout** بکە.


2- کلیك لەسەر **Background** بکە.




3-بەشی تایبەت بە **Insert Sheet** دەکرێتەوە، تیایدا کلیك لەسەر وێنەیەك بکە و پاشان کلیك لەسەر دووگمەی **Insert** بکە:



4-بەمەش وێنەیەك بووبە باكگراوەندەی شیتەكە:





## چاپ كردنی ناونیشان
## Print Title


ئەگەر ویستت ڕیزەخانەیەك یان ستوونێك وەكو ناونیشان و لەهەموو لاپەڕەكاندا دووبارە ببنەوەو چاپ ببن وەكو ناونیشان، ئەوا ئەم هەنگاوانە بنێ:

1-كلیك لەسەر تابی **Page Layout** بكە.

2- كلیك لەسەر **Print Title** بكە.





3-بەشی تایبەت بە ڕێكخستنی لاپەڕە **Page Setup** دەكرێتەوەو، تیایدا تابی شیت **Sheet** چالاكە و، كلیك لەسەر سەهمی سورەكەی **Print Area** بكە و ڕووبەرێك دیاری بكە بۆ چاپ كردن، ئەگەر ناتەوێت هەموو خشتەكە چاپ بكەیت و، پاشان كلیك لەسەر سەهمە سورەكە بكەرەوە، بۆ ئەوەی ڕیزێكیش لەهەموو لاپەڕەكاندا دووبارە ببێتەوە وەكو ناونیشان كلیك لەسەر سەهمەسورەكەی خانەی **Row to Rpeate at Top** بكە و پاشان ڕیزە خانەكە **Row** دیاری بكە و، دووبارە كلیك لەسەر سەهمە سورەكە بكەرەوەو ، بۆ ستوونیش بەهەمان شێوە سەهمە سورەكەی خانەی **Column to Rpeate at Left** بەكاربهێنە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی **Ok** بكە:




## گۆڕینی ئاراستەی شیت لە ڕاست بۆ چەپ و بەپێچەوانەوە

## Sheet Right To Left

لەبەر ئەوەی زۆرکات خشتەکانمان کوردییە بۆیە واباشترە ، شیتەکان بگۆڕین و بە ئاراستەی ڕاست بۆ چەپ دایبنێین ئەویش بە کلیك کردن لەسەر تابی **Page Layout**و کلیك کردن لەسەر دووگمەی **Sheet Right – to – Left** و، بە دووبارە کلیك کردنەوە لەسەرهەمان دووگمە کردارەکە پێچەوانە دەبێتەوە ، دەبێتەوە بە چەپ بۆ ڕاست.




## هەنگاوەكانی دروست كردنی خشتەیەكی كوردی


1-پێویستە شێوازی نووسین بكەین بە عەرەبی، ئەویش بە پەنجەنان بە دووگمەی **Alt+Shift** دا، یان كلیك كردن لەسەر **Ar Arabic Iraq** لە تاسك باڕی ویندۆزەكەدا:




2- واباشترە شیتەكە بگۆڕیت بۆ ڕاست بۆ چەپ **Right – to – Left**.




3-بەكلیك كردن لەسەر سوچی یەكتر بڕی هەموو ڕیز و ستونەكان، هەموو شیتە كە دیاری بكە:




پاشان ئەم كارانە ئەنجامبدە:

- ئاراستەی نووسین بكە بە ڕاست بۆ چەپ.
- فۆنتێكی كوردی وەكو **Ali_K_Semic** هەڵبژێرە.
- حەجمێك هەڵبژێرە.
- ................ .

4- ئێستا چەند ستوون و ڕیزت پێویستە دیاری بكە و چوار چێوەو سنوری بۆ دابنێ و خشتەكەت دروست بكە.

سەرچاوەکان:

**1-Simply Excel 2010, Paul McFedries, 224 Pages, July 2010.**

**2-Microsoft Excel 2010 FOR DOMMIES, Greg Harvey,PhD, April 2010, 408 Pages.**

**3-Mater Visualy Excel 2010, Elaine Marmel , 736Pages, 2010.**

**4-** **Office 2010 FOR DOMMIES**، تاليف:والاس وانج، الترجمە باعتماد:د.خالد العمري، دار الفاروق و ويلی، چاپی ئینگلیزی 2010 لەلایەن ویلییەوە، چاپی عەرەبی 2011 لەلایەن دار الفراوق.

**5**-ماڵپەڕی : [www.gcflearnfree.org](http://www.gcflearnfree.org) ، ماڵپەڕێکی سادەی فێرکاری یە و گرنگی بە زۆر بوار دەدات وەکو ئۆفیس و ویندۆز و بیرکاری و ئینتەرنێت و ........... .

**6**- ماڵپەڕی لیندا : [www.lynda.com](http://www.lynda.com) ، یەکێکە لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بوواری بەهەم هێنانی فێرکاری ...

ناوەڕۆك:


- بەشی یەکەم:ناساندنی بەرنامەی ئێکسڵ 2010.................................................6
- بەشی دووەم: بناغەی ئێکسڵ 2010 .............................................................24
- بەشی سێهەم: ۆرکشیت، هاوکێشەکان، کردارەکان و ژمارە گۆڕاوەکان ..................108
- بەشی چوارەم: هێڵکاری (چارت) ...............................................................188
- بەشی پێنجەم: تیادانان و لای لاپەڕە .............................................................206

## كۆرسی بەردەوام بۆ فێربوونی....

1- مایكرۆسۆفت وۆرد 2010.

2- مایكرۆسۆفت ئێكسڵ 2010.

3- مایكرۆسۆفت ئەكسێس 2010.

4- مایكرۆسۆفت پاوەرپۆینت 2010.

5- ئەدۆب فۆتۆشۆپ **CS5**.

6- ئەدۆب فلاش **CS5**.

7- نەخشەسازی و ... وێب دارشتن (سی ئێس ئێس1،2،3 – ئێچ تی ئێم ئێڵ 4.1 و 5.0 – ئێكس ئێچ تی ئێم ئێڵ).

8- ئەی ئێس پی دۆت نێت 4.0 (2010)بەبەكارهێنانی ڤیژوەڵ ستۆدیۆی 2010.

9- پی ئێچ پی .

10- جەی ئێس پی .

11- بنچینەكانی بەرنامە سازی بە زمانەكانی(سی ++، سی شارپ، جاڤا).

12- مایكرۆسۆفت ڤیژوەڵ بەیسك 2010.

13- بنچینەكانی نێتۆرك.

14- جاڤا سكریپت، ڤیژوەڵ سكریپت، ئەجاكس، جەی كیوری.

15- داتابەیس بە ئۆراكڵ

16- داتابەیس بە **SQL Server**.

17- داتابەیس بە ڤیژوەڵ بەیسك 2010.

18- فێربوونی بەكارهێنانی ئینتەرنێت.

**تێبینی:**

- ئەم كۆرسانە لە خولی تایبەت دا، دەوترێتەوە، تەنها بۆ شاری سلێمانی.
- لەرێكخراوی ئامێزیش دەوترێتەوە،كە رێكخراوێكی تایبەت بە

## ئەم کتێبانە دووا  بە دووای یەك لە چاپ دەدرێن

## چاوەڕوان بن

1. ئەدۆب فۆتۆشۆپ سی ئێس 5.
2. ئەدۆب فلاش سی ئێس 5.
3. ئەدۆب دریموەیڤەر سی ئێس 5.
4. نەخشە سازی و دروست کردنی وێب سایت .
5. ئەی ئێس پی دۆت نێت 4.0 (2010).
6. پی ئێچ پی.
7. بنچینەکانی بەرنامە سازی بەزمانی سی ++ .
8. بنچینەکانی بەرنامەسازی بەزمانی سی شارپ.
9. بنچینەکانی بەرنامە سازی بەزمانی جاڤا.
10. بنچینەکانی نێتۆرك.
11. بەرنامە سازی جاڤا.
12. ڤیژوەڵ ستۆدیۆ 2010.
13. ڤیژوەڵ بەیسك 2010.
14. دیلفی.
15. جاڤا سکریپت، ڤی بی سکریپت، جەی کیوری.
16. ئەجاکس .
17. تۆڕەکانی کۆمپیوتەر .
18. دروستکردنی داتابەیس بە ڤیژوەڵ بەیسك.
19. دروستکردنی داتابەیس بە ئۆراکلێ.
20. دروستکردنی سایت بە پی ئێچ پی.
21. جاڤای پێشکەوتوو **Advance Java**

# چاوەڕوان بن